## شیعر

# هەنگاوە سەختەکان

نوسینی

**( ئاکۆ شارۆشی )**

**٢٠١٨**

- کتێب : هەنگاوە سەختەکان
- بابەت : دیوانە شعر .
- شاعیر : ئاکۆ شارۆشی .
- پێداچوونەوە : لەلایەن خودی شاعیرەوە.
- تایپ و نەخشەسازی : کۆمپیوتەری بانوو .
- چاپخانە : چاپخانەی زانا .
- تیراژ : ۱۰۰۰ دانە .
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ۱۲۲۰ )ی ساڵی ۲۰۱۸ی پێدراوە.



۰۷۷۰۳۵۲۱۹۹۷ - ۰۷۵۰۱٦٤۸۰۰۹

**ئەم كتێبە . . . . پێشكەشە**

- **بە مامۆستا ( پەیوەند )ی بـرام . . كـە شـیعرە ونبووەكـا نمی بـۆ دۆزیمەوە .**
- **بە بالاو . . بەیسای جگەرگۆشـەكانم . . كـە هەمیـشە بونەتـە هەوێنی شیعرەكـانم و هەستكردن بە واتـای ژیان .**
- **بە وانەی كە هەنـاسەیان لەگەڵ هەنـاسەی ئەم كتێبەمدایەو لە تەك مندا هەنگاوە سەختەكان دەبڕن .**
- **بـە خێزانەكـەم كـە هـاوبەشـی خۆشـی و نـاخۆشـیەكـانم بـووەو كاریگەری هەبووە بەسەرمەوە لەم كتێبەدا .**
- **بە هونەرمەند ( ئــازاد پێنجـوێنی ) كـە زۆر هاوكــارم بـووە. وە پێشەكی ئەم كتێبەی گرتە ئەستۆ سەرەڕای ئەوەی كە لە بـواری هونەردا دەستی گرتـوم و زۆر شتی لێوە فێربووم .**
- **بە هەموو هـاوڕێكـانم .**

**- ئاكۆ شارۆشی -**

## ژياننامەی شاعير

**ئـاكۆ حمـد محمـود حـسن . . ناسـراو بـە ( ئـاكۆ شارۆشـی ) . . هاوكـات لـە چەندين كاری نواندن و نوسيندا لێرەو لەوێ ناوی بە ( ئاكۆ ئـاكۆيی )هـاتووە.**

**ساڵی ١٩٨١ لە شارۆچكەی چوارقوڕنە – رانيە چاوی بە دنيا هەڵهێناوە.**

**شاعير لە فەزايەكی سروشتی ئەو ناوچە دڵ ڕفێنە . . فەهمی بـۆ بـيرو فـراوان كردنــی ڕۆژ بــە ڕۆژی تەمــەنی . هەميــشە لــەنێو كــۆڕی خــوانی گێڕانــەوەی سەرگوزشتەو دنيای جوانی بووە.**

**بۆيـە دواجـاريش خەونەكـەی دەبێتـە واقـع و لـە دنيـای ئـەدەب و هونـەردا دەبێتە خزمەت كارێكی ئەو بوارە.**

**ساڵی ٢٠١٥ . . يەكەم كۆڕی شيعری خۆی دەگرێت لە ژێر ناونيشانی . .( با بـۆ عەشق بژين ) لە ئەمنە سورەكە.**

**لـە قۆنـاغی خوێندنيـدا پلـەی بەكالۆريۆسـی لـە ياسـادا سـەركەوتوانە دەستەبەر كردووە.**

**وە جگە لە دنيای نوسينی شيعر لە چەندين كاری درامـی وەك نوانـدن كارێـك ڕۆڵی هەبووەو بەردەواميشە. وە لە چەندين ڕێكخراودا وەك ئەنـدامێكی دڵـسۆزو لــە هەندێكيــشياندا وەك سەرپەرشــتيارو بەڕێوەبــەر خزمــەتی بــێ وچــانی كردووە، بێ ئەوەی بير لـە بەرژەوەنـدی خـۆی و بـواری مـادی بكاتـەوە. كـە لـە**

**قەسیدەی ( هەنگاوە سەختەکان ) هەستی پێ دەکرێت کە باس لە خودی ژیانی شاعیر دەکەن. چۆن هەژارو بەش مینەت و ڕاکەڕاکەی قورسی ژیان و دۆخی نالەباری سەردەم و نەبوونی . . ئەم شاعیرە دەخاتەڕوو. . وێڕای ئەوەی هەمیشە دڵسۆزانە لە پێناو نەتەوەو . . . ناوەندە هونەریەکەدا بۆ مێژویەکی پرشنگدارو پڕ لە سەروەری . . بەردەوام بووە لە کارە ناوازەکانی.**

**شاعیر . . . خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵی چاوگەشە. کە بونەتە قەڵایەك بۆ هزرو قەڵەمەکەی .**

**ماوەتەوە بڵێین . . .**

**بەرهەمی داهاتوی شاعیر کە وەرگێڕانی کتێبێکە لە عەرەبیەوە بۆ کوردی لە ژێرناوی ( اسری حرب ) ( دیلی جەنگ ) کە خزمەتێکی باش بە دیس پلینی سەربازی دەگەیەنێت .**

**لە کۆتایدا ( هەنگاوە سەختەکان ) دەبێتە هەوێنێك بۆ گەیشتن بە مەنزڵی حەقیقەت . گەر بێ توو هەموان هەنگاو بنێین بۆ خوێندنەوەی و بە رۆحێکی پاکەوە بڕوانینە سەرنج و کەم و کوڕیەکانی . . چونکە وتەیەك هەیە دەڵێت . . هەر مرۆڤێك هەڵە نەکات . . گەمژەیە.**

**ئاکۆ شارۆشی**

**٢٠١٨/٢/٢٨**

## پێشەكی /

### ئاكۆ شارۆشی ... جیاوازە لە مرۆڤانی سەردەم و خەونی گەورە بۆ مێژوو.

**( ئازاد پێنجوێنی )**

**ئەو هەمیشە دەڵێت ئازارەكانم سەرچاوەیەكە بۆ ئەویندارى . . هەناسەم ئارامیەكە بۆ تۆوى داهێنانەكان . . پێنوسم هیوایەكە بۆ ئارام نەگرتووەكانى مێژوو . . ڕوانینم تىَ ڕامانە بۆ ڕێگاى خەم خۆرەكان . . كە لە خەمى هونەردان. ئاخر لەخۆڕا ناڵێت . . من هەمیشە بەدەست تۆوى نەفامیەوە بەهەر جۆرێك بێت ئازار دەچێژم . ئەو مرۆڤانە دەڵێم كە بىَ ئاگان لە هەر جۆرە جوانیەكى ووشە . . ژیان . . داهێنان.**

**منیش دەڵێم زۆربەى مرۆڤەكان كاتێك لاون و وا پێویستە ئەوپەڕى جوانى ببەخشنە داهێنان بۆ ژیان و مرۆڤایەتى . . .بەڵام بۆ هەمیشە خەوتوون. كاتێكیش كە كەنەفت و پیر دەبن جگە لە تاریكى بۆ روانینى ژیان هیچ كارێك بونى نیە تا بە ئەنجامى بگەیەنن. بەڵام بۆ ساتێكیش خەو ناچێتە چاویان.**

**شارۆشى . . وەك شاعیر و هونەروانێك . نە لەو گەنجانەیە . . كە بۆ هەمیشە خەوتبن و . . نە دەبێتە بە ساڵاچویەك. كە دنیا بە تاریكى ببینىَ و ئاوڕێك لە مێژوو نەداتەوە .**

سەركەوتنی ئەو لە سەركەوتن و بەردەوامی و شەونخونی خـودی ئاكۆدایـە. كـە جیاواز دەیەوێت تێ فكرێت و قـوڵ تـر بـە نیـازی دیـداره لەگـەڵ هـەر كۆپلـە شیعرێكیدا.

سەركەوتنی شاعیر لـە بیروبـاوەڕی سـەركەوتنە بەردەوامیەكانیدایـە . . بـۆ دەربڕینە نـاوازەكانی ژیان. هەر بۆیە ئەو قسەیەی ( علی وردیـم ) وەبـیر دێتـەوە كـە دەڵێـت : خـەڵكی واڕاهـاتون ڕێـز لـە كەسـانی سـەركەوتوو بـە ئـەزموون وەرگرن.. وە ڕقیان لە كەسانی ژێركەوتوو ببێتەوە.

بۆیە ئاكۆی شاعیر دەخوازێت و هەوڵی بێ وچـانی داوە بـۆ ئـەوەی لـە كەسـە سەركەوتوەكان بێت.

شاعیر بەدەم پیاسەیەكی گزنگی بەیانیانی تولە ڕێیەكانی قادرئاوا لەگـەڵ هەر هەناسەیەكی بیركردنەوەیەكی جیاواز لە هزریـدا ئاوێتـەی ئـەو ڕێگایانـە دەكات كە دەیانگەیەنێتە حەقیقەت و بە هاوڕێیەتی باران زەردەخەنەیـەك بـە ڕووی دارو درەخت و گوڵ و گوڵزاری دیمەنی دڵ ڕفێنی قادراوادا دەكاتە دیـاری و بە چرپە شیعر دەڵێت بۆ گوڵە بێ نازو تەنیاكان .. بارانیش ئاوازێكی غـەمگین دەچرێت لە بۆ شاعیرو بە هەنسكەوە كۆپلە شیعرەكانی شاعیر بە ئاوێتەی هـەر تنۆكێكی وشەكانی شاعیر دابەش دەكات بەسەر گوڵە تەنیاكاندا .

شاعیر . . ئاشنایە بە هەموو جوانیەك كە لـە سروشـتدا بـونی هەیـە . ئـەو دێوانە دەڕوانێتە گوڵە هەمە جۆرەكانی نێو پەرژینی بـاخ و بێـستانەكان . كـە سەرەتـاتكیانە بۆ بینینی شاعیر. ئەوان خـۆش حـاڵ و نـەش و نمـا دەكـەن كـە

**گوێبیستی دەنگی شاعیرن. ساتێك کە بەدەم ڕێوە هۆزان دەچڕێت بۆ شیعرە بێ نازو تەنیاییەکانی.**

**ئاکۆ . . ئازار دەچێژێ ساتێك بێ بیرکردنەوەو بێ نوسین بێت. ئەو هەرگیز ئۆقرە ناگرێ . . شاعیر هەموو بەیانیەك بەدەم نیگای داربیەکانەوە سەرێك لە سەنگەسەر ئەدات و تەنیا و تەنیا بە پێنوسەکەی دەستی و دەفتەرە پڕ لە نوسینەکانی سەرنج ئەداتە سروشتی جوانی ئەو ناوچەیەو لەگەڵ هەر سەرنجدانێکی چاوە پڕ لە هیواکانی هەنگاوی سەخت دەنێت تا دەگاتە دیداری خۆر . . ئیدی لەوێوە ئۆقرە دەگرێ و بە ئارامی هەنگاوی سەخت دەنێت بەدوای هەوێنی شیعرەکانیدا تا دەگاتە خۆر . . شاعیر لە فەزایەکی تاریك و ڕونی بەیانیدا یەکەم وشەی بەوە دەست پێ دەکات . . . با هەموان تۆوی خۆشەویستی لە ناخماندا بچێنین و ووشە وەك چڵە نێرگزێك بدەین لەیەخەمان . . تا ئەوەی بۆن و بەرامی بەسەرتاپای ناخی لەشماندا ڕۆبچێت و ببێتە خۆراکی ئەندێشەمان.**

**ئێوارانیش بە حەسرەتی خۆرئاوابونەوە . دوبارە و سێ بارە هەر دەنوسێت با تۆوی خۆشەویستی لە فەزایەکی ئارامدا بکەینە باگراوندی شەوانی ئارامی . . ئاشکرایە شاعیر بەو هزرە فراوانەی قەڵسە بە فەزای جەهل و تاریکی . . . قەڵسە . . بەو مرۆڤە کاڵ فامانەی کە بە پێ یە زلەکانیان گوڵە تازە لەدایك بووەکان پان دەکەنەوە . بێزارە لەوانەی کە لە ئارامی پەپولەکان تێناگەن .**

. ماندووە لەوانـەی کـە ڕوو لـە ووشـە وەردەگێـڕن و هەسـتیان وجـودی نیـە لـە دنیای هەستەوەریدا .

هەموو ئەمانە لەم کتێبە ناوازەی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە . . ئاخر کاتێک ئێمەی خوێنەر شیعرێکی ئەم کتێبەی ئاکۆ دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جوانی سروشت و حەقیقەتی ژیان بە جۆرێکی دیە. وەك ئەوەی بـە سـانایی تـێ ی دەڕوانین . هەر بۆیـە خـودی شـاعیر هـەنگاوی سـەختی کردووەتـە دەسـتپێکی کتێبە ناوازەکەی تـا ئەوەی ئێمـەی خوێنـەر لـەوە تێبگـەین سـەرکەوتنی ژیـان هـەنگاوی راسـتگۆیی و مانـدوبوونی دەوێـت بـۆ ئـەوەی بگەینـە دیـداری خـۆری راستەقینە .

هەر بۆیە . . لـەدایك بـونی ئـەم کتێبـە ناوازەیـەی شـاعیر ، لـەدایك بـوونی ڕۆژێکی نوێ یە ، بۆ ئەوانەی کە بە رۆح ئەم کتێبە دەخوێننەوە .

کتێبی ( هەنگاوە سەختەکان ) لە دوو توێ( ٢٢٩ )لا پەڕەدا برای شاعیر ئـاکۆ شارۆشـی. ....دوای خوێندنـەوەی گەیـشتمە دوایـن ویـستگەی هەڵوێـستە لەسەرکردن. تـا ئەوەی توانیم چەند پەیڤێکی ڕاسـتگۆیانە بـەنێو حەقیقـەتی ساباتی شیعرەکانیدا بکەمە ماندووبونی هەنگاوەکانی . . وە لە دوا ویـستگەی سـاتە سـەختەکانی رۆژگـاری بیرکردنـەوەکانی ئـارامی شـاعیردا ئـەم نوسـینەم ببێتە ئارامیەکی ئەبەدی بۆ ئارامیەکانی ( هەنگاوە سەختەکانی شاعیر ).

بەهیوای سەرکەوتن . . . . .

# [دایک]

ئەی دایە گیان تۆی گیانی شیرینم
میهرەبانیت هەوێنە بۆ ژینم
بەبێ تۆ جوانی گەردوون نابینم
بۆ مەرگی تۆیە دەڕژێ ئەسرینم
زۆرت چەشت ناخۆشی چەرمەسەری
گەورەت کردین هەر بە کوێرەوەری
لە چاوم وەری وەکو گوڵ وەری
لە دڵمدای هەمیشە سەروەری
لەهەر کوێ بام دڵت لەلای من بوو
نەت کرد فەرامۆشم ئاگات لێم بوو
لە باوەشی تۆ دڵم ساوە بوو
نازم وەک منداڵێکی ساوا بوو
جوانی ناگا بە جوانی سۆزی تۆ

پاکێ ناگا بە پاکی هەستی تۆ

گوڵێ نیە بگاتە جوانی رووی تۆ

گەردنم ئازا بکە خوا بمبەخشێ

بێ گوناح بم ئەمن وەک ڕووی سوری تۆ (١)

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٦/٩/٥

* * *

(١) بۆ هاوسۆزی کۆچی دایکی هاوڕێیەکم نوسراوە .

# [درۆزن و درۆزان]

درۆ ئەی پەیکەری تڕۆ
باوی تۆیە رۆژی ئەمڕۆ
بە هەست و سۆز مرۆڤ نی ئەتۆ
بە داماو دەزانی ڕاستگۆ
درۆزن فیڵکارو بەدخودە
بە روکەش ماستی مەیووە
لەبلەبانێکی دوو ڕووە
جێخون [1] بانێکەو دوو هەوا
وەک لە پێستی مەڕدا گورگە
نایەوێ دەرچێ لەم بەرگە
درۆزان لە درۆ وەستایە
هەردەم درۆی لەبەردەستایە
دڵی بۆ درۆ لە مشتایە
نانی لە قسەی ناڕاستایە

---

[1]) جێخون: شوێنی کۆکردنەوەو شەن و کەوکردنی خەرمان.

**بۆ چەواشەو چاو بەستایە**

**درۆی کەشف بێ دەڵێ گاڵتەم کرد**

**کێ ی ویست بێ بۆ سەرکانی برد**

**بردیەوەو ئاوی پێ نەدا**

**ڕەنجی خەڵکی بەبادەدا**

**ئاقڵ متمانەی پێ نادا**

**هەمیشە فێڵ دادی نادا**

**بزن هەردەم کاری قوت نادا**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٨/٢/١٧

* * *

## [ نوقڵە گیان ]

وائەمجارەش من هاتم
جەژنت لێ پیرۆز دەکەم
تەق . تەق لە دەرگای ماڵتان
ماڵەوردیلانەکەم
بە دەستی تۆ نوقڵی جوان
دەم شیرین بکەم نوقڵە گیان
هەنگ دەبینم لە باخان
لە شیرینی شیلەی گوڵان
مەستە لە نۆشی شیرین
دەمی تۆ هێندە شیرین
شرینترە لە هەنگوین
من مەستتر لە هەنگ
هەردەم خەیاڵ دەمفڕێنێ
بۆ نەشئەی سەردەمی تۆ
چاوم جوانی نابینێ

جگـــــە لـــــە ناســــكی تـــــۆ

هــــەنگ شـــیلەی دەمــــی گـــوڵی

بــــــۆ شــــا لــــــە شـــــانە داوە

مـــــن تــــا تـــــۆم هــــەبێ ژیــــنم

بــــە ژینـــــی شـــــا نـــــەداوە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٧/٨/٣

## [ تالآنچی و نیشتمان پەروەر ]

تالآنچی و نیشتمان پەروەر
هەر لەسەر یەک ڕێی خەباتە
ئەوەی بۆ گیرفانە نی یەتی
هەرچی ویژدان بێ نیەتی
ئەوەش بۆ ئازادی و خاکە
هەرچی ژیان بڵێی نیەتی
خەباتی دز بۆ باخەڵە
ئەو کەسەی دوای کەوێ کەللەی
هەر وەکو دەفری بەتاڵە
گێلە تێ گەشتنی مەحاڵە
یاخود ناچارەو بێ حاڵە
بۆ نان و قوتی ماڵ و حاڵە
یا بژێوی ماڵ و منداڵە
چون کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە
ئەوەی دڵسۆزی خاکیەتی

سەر بەرز بژی بەبێ منەتی

نەک خانەوادەی پێ پەتی

بژی بە هەژاری و برسێتی

مەرج پەروەردەیە نەک بەخێو

دڵسۆزە خێر لەخۆ نەدیو

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

۲۰۱۷/۱۲/۷

* * *

## [ شیوەنێک بۆ مام ]

گەرچی مامە هەر لە دڵماندایە
خۆزگە ئێستاش هەر لە ژیان بمایە
گەرچی ڕێبازی مام لە بن نایە
کەس هێندەی مام سیاسەتی لێ نایە
خەڵاتی خوا بوو بۆ ئەم میللەتە
خۆی خوڵقاندبووی ئەم بلیمەتە
هەوێنی ئاشتی بوو بۆ گشت کوردان
بۆ عێراق سەرۆک و صەمامی ئەمان
مەخابن دوای مام ئەمانە نەمان
جڵەو کەوتە دەست ڕابەری نەزان
ڕێوی ڕاودەکا لە جێگای شێران
چەندە زیرەک بوو هێندەش قسەزان
نەک هەر یەکێتی شاهێدن خەڵکان
نەک هەر ئەندازیار بۆ حکومەتەکان

**پزیشک بوو بۆ سیاسیە نەخۆشەکان**[1]

**ئێستا بمایە لە ژیان لەناومان**

**نەتەنرابوو ئاسمانی کوردستان**

**بە هەوری ڕەشی نەگریسی قەیران**

**گۆڕەکەت ببێتە باخچەی گوڵان**

**خوا رۆحت شاد بکا مامی مامەکان**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

**٢٠١٨/٣/١٢**

---

[1] مەبەست لە نەخۆشەکان . . ئەو بەناو سیاسەت مەدارانەیە کە دەروون و ئەقڵیان نەخۆشەو لە باردا نەبوون.

## [ ئاوابوونی خۆری من لە خۆرهەڵاتەوە ]

لـــــە خەمـــــدا مەســـــتم بـــــەم ئـــــەدگارە
ســـــەرە تا خـــــۆش. کۆتـــــایی ئـــــازارە
منـــــی فـــــەرهاد لـــــە باشـــــوورەوە
چـــۆن پەیوەســـت بـــووم بـــەم دولبـــەرەوە
خـــــۆر تابـــــانی دا لـــــە دوورەوە
شـــــیرینی رۆژهـــــەڵاتم ناســـــی
دەیـــــدر کێنم چـــــیرۆک و باســـــی
وەک هـــاوریٚ حـــەزوو شـــەیدای یـــەک بـــووین
بـــە جەســـتە دووان بـــە دڵ هەریـــەک بـــووین
وتـــم مـــن مجنـــون بـــم تـــۆش لـــەیلا
هـــەر زوو بـــەڵێنمان بەیـــەکتر دا
لـــە ســـلیٚمانی بـــۆ شـــاری ســـنە
وتـــم وادیٚـــم دڵـــت بـــۆ منـــە
بـــە شـــەرعی مـــەلاو حـــوکمی قـــازی
خـــزم و کەســـان وەک خـــۆی بـــوون رازی
کـــە گـــوڵم هـــانی بـــۆ ســـلیٚمانی
مەســـت بـــووم لـــە خۆشـــیان هـــەر نـــەمزانی

**لە سوێی جگەر گۆشەی ئازیزانی**

**تاسا خۆم و خۆی توشی شۆک کرد**

**ساڵی نەبرد هاوژینم کۆچی کرد[1]**

**سەر لەسەر ڕانم هەناسەی سپارد**

**خوا گیانی پەری بۆ ئاسمان نارد**

**چی بکەم جگە لە ماتەم و شین**

**خۆم و دڵی بێ خاوەن ماوین**

**ساتی وێنای فیلمی پێشمەرگەم**

**هات زەنگی مەرگی ئەم دوو جەرگەم**

**بەم کۆستەم هەمووان ئازاریان چەشت**

**کەچی تەختی شانۆم جێ نەهێشت**

**قەدەری دڵم بۆ خوا جێ هێشت**

**نزا دەکەم شاد بێ بە بەهەشت**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٨/٢/٢٠

* * *

[1]- ئەم شیعرە بۆ هاوسۆزی مەرگی هاوسەری هاوڕێیەکم نوسیوە .

## [ باوک ]

بابەگیان. ئای لە رۆحی شیرینت

دنیایەک رێزو ستایشم بۆ گیانت

گۆش کراوم لە ماڵی میهرەبانت

هەردەم دەستت دەهێنا بە سەرمدا

پەروەردەم بە بەسۆز و میهری هاوژینت

شەو و رۆژ دڵم لێی دەدا بۆ باوەشت

لە یادمان بووی بە دڵی بەپەرۆشت

خوا بیبەخشێ رۆحت. بتخاتە بەهەشت

لە دڵدا نامری وەک نەمام تۆمان ناشت

بۆ من لە ژیان بووی بە پەناگەو پشت

بۆ سەربەرزیمان شەونخونیت چەشت

بابەگیان ئای لە تۆ پیاوی ناو پیاوان

دۆست و خزم ناس ماڵ پڕ لە میوان

واتـ كــرد جەســتەتـ شــەكەتی كــارو ئــیش بــێ

تــاكو ناخۆشـــی هـــەر بـــە تـــۆ ســارێژ بـــێ

رازی بـــووی ژیانـــتـ پـــڕ ژان و ئـــیش بـــێ

نەتهێـــشت بۆمـــان دەســـتی نامـــەرد درێـــژ بـــێ[1]

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٢/٢٨

* * *

[1] سەبارەت بە نەخۆشكەوتنی باوكم بەر لە كۆچی دوایی كردنی بەهۆی نەخۆشی كوشندە، خوا لێی خۆش بێ .

## [ عیشقی هەمیشەیی ]

لــــە بۆنـــەی دوو هـــاوژین یـــە کمان ناســـی
خۆشەویـــستی هـــەر نـــەبوو قـــسەو باســـی
پەپوولـــە بـــە خەنـــدە گـــوڵی ناســـی
یەکـــسەر مەســـتت بـــووم زۆر بـــە کەساســـی
بـــۆ قۆســـتنەوەی دەرفـــەتی حیـــواریٚ
بـــە بیـــانووی ســـەمەرە دەمـــسەند بـــواریٚ
بـــیٚ پـــیٚچ و پـــەنا و تـــم خۆشـــم دەویٚ
بـــا بەهانـــەم پـــیٚ نـــە گریٚ شـــەرمی نـــاوی
ئـــەتۆش هـــەر وەک مـــن و بـــەختیار ئاســـا
دەڵـــیٚ ی: ( عیـــشق ســـەخت تـــرە لـــە جـــەنگ )
چـــونکە لـــە دڵـــداری هەســـتت تاســـا
نـــەتزانی بـــە دانـــە ریٚـــزەی[1] بـــیٚ رەنـــگ
دوو عاشـــق ئـــەوە چارەنووســـیانە
ئـــاکۆش وتـــی: عیـــشق ســـەمای ژیانـــە
خامۆشـــیت دەســـت و دڵمـــی دەلەرزانـــد

[1]) دانەرێزە: چەلەحانە ، بەرێکە بەرێکە .

چاوم ئەشكی بە رووما دەباراند
هەر بە پیتی ئێمی مەدالیاکەم
هەست و سۆزم بۆ تۆ دڵنیاكەم
ئەم ملدانەم بۆ تۆ هەڵواسیوە
میمی ناوت سەر دڵمی گرتوە
مانای ناوت خوای خۆراكی رۆحمە
وازبێنە لەم نەریتە بێ رەحمە
بە راوێژ شاعیری دڵی خۆش كردم
گوایە نێوانمان دابڕانی دیدەو چاوە
لەو ڕۆژەوە دڵتان لێك دانەبڕاوە
بچوك مەنوێنە تەمەنت چواردە
مانگی تێر شەوقی لە شەوی چواردە
بە وشەو ئیشارەتی دەست و چاوم
نواندن دەكەم لەو تیرەی لە دڵت داوم
تا ببینی وێڵی تۆم . بە حەسرەتم
لە یەكەم ویستی ژینم. بەش مەینەتم [1]

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٧/٣/٢٠١٦

---

[1] وەك هاوسۆزیەك لە ژیانی سۆزداری (مهدی شارباژێری) نوسیومە بۆ بەڕێزیان.

## [ سكـالاّ ]

ســـكالاّی دڵـــم بكـــەم لـــە دڵـــی ســـكالاّ
جـــوانیٚ نەخـــشاوە بـــە بـــەژن و بـــالاّ
بـــۆ ولاّتـــی ئـــەوینم هـــەر تـــۆی ئـــالاّ
لـــە یـــاد كردنـــت بـــۆ مـــن مەحاڵـــە
ســـیمات فریـــشتە ئاســـاییە نـــەك كـــالاّ
هەســـت و ســـۆزم هـــەر بـــۆ تـــۆی ئـــازیزە
ســـپاردەی دەكـــەم دڵ بـــۆ تـــۆی پـــاكیزە
مەســـتت بـــە دەنگـــی مـــورتزای پاشـــاوە
ناشـــزانی ئەشـــقت لـــە دڵمـــدا نەخـــشاوە
وتـــت: بـــاوەڕم نیـــە بـــە ئـــەوین هـــەر
لـــە دەروونـــدا دەچـــێنیٚ داخ و كەســـەر
لـــــە بیروبۆچـــــوونت پێـــــداگری
منـــیش بـــۆ خەنـــدەی تـــۆ چـــاوم دەگـــری
ســـۆزم بـــۆت ناســـەلمیٚ هـــەر بـــە گوفتـــار
نـــامبینی ! دێوانـــەی تـــۆم بـــە كـــردار [1]

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/١/٢٩

---

[1] چیرۆكی راستەقینەی (صالح)ی هاوڕێم و هاوپیشەم وەك هاوسۆزی بۆ ئەو بەڕێزەم نوسیوە.

## [ئارژینەكەم]

رشتت پێكی ئەو ئەشقەم كە پێی مەستم
بردت لەگەڵ خۆتدا گشت هۆش و هەستم
دولبەرەكەم بۆچ منت شێتی خۆت كرد
لەگەڵ كابرای بێ ئاگا ئەشقی منت
لەبەر پێت دا بەسوتوی خۆڵەمێش كرد
وتت: كارژین تۆ پەیكەری ئەوینی
بۆ رۆیشتی؟ شكاندت. تۆ بێ بەڵێنی
لەجیاتی سۆز. ئازار بۆ من دەهێنی
لە حەسرەت زیاتر هیچم لێت نەبینی
لە باوەشی هاوژینت وەك كەناری
وانەی ئەشقێكی شێت بۆ من دەخوێنی
هەر ساتێ ناخی من ناوی تۆ دێنێ
چاوم تك تك فرمێسك دەبارێنێ

بــــۆ ڕۆژانــــی ڕۆشــــتووم دڵ دەنــــاڵێنێ

شــكاندت پێنوســی پەنجــەم تــا نەنوســم

لــە یادگــاری ئــەوین. چــیرۆك و باســم

مــن ئیــدی یــەكێ وەك تــۆ هــەر ناناسـم

تــۆ چــیدی مەپرســە حــاڵ و دەنــگ و باســم [1]

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١٢/٣١

✲ ✲ ✲

[1] چیرۆکی راستەقینەی کارژین (نالی)ی هاوڕێم بۆ هاوسۆزی بۆ ئەو بەڕێزەم نوسیوە.

# [ مەنعی کلام ]

مـــن پـــڕم لێـــوان لێـــوم لـــە قـــسە

رووی دەمـــم لـــە هـــەموو کەســـە

کـــەس چ نـــاڵێ. ئـــەرێ چ باســـە

تـــۆ بڵـــێ ی لـــەم وولاتـــە کەساســـە

قـــەیرێ بـــێ مـــەنعی کـــەلام بـــێ

نـــەمزانی بـــێ. نـــەمزانی بـــێ

کڵپـەی دەروونـە زمـانی بـێ گـۆ کـردووە

بـێ مـەیلی دڵ. خـەمی بـێ هـۆ کـردووە

ئاشـــق ڕاوچـــی دڵ. بازرگـــان دۆلار

هیـــچیان تیمـــار ناکـــەن دڵـــەی بیمـــار

داب و نـــەریتی بـــێ داد یـــا ســـاخە

بـــە ســـیما هـــەموو پۆشـــتەو پەرداخـــە

ئاکۆ حمد ( ئاکۆ شارۆشی )

٢٠١٥/١٠/١

## [ ڤالانتاین ١٤/٢ ]

ڕۆژی جیهانی ئاشقانە
چواردەی دووی هەموو ساڵانە
بۆنەی سەرتاسەری جیهانە
ڕۆژێکە ڕۆژی سوور پۆشین
سەوداسەریە ڤالانتاین
ستایش بەخشین و ئافەرین
ئاوێزانی نیگای جوانین
بە ڕەنگی سوورو واڵاوە
لە باڵای چی گەنج و لاوە
کوڕ، کچ، مناڵ پیر، پیاو ئافرەت
ئەشق چێن بین لە جێ ی نەفرەت
دیاری گوڵی بۆ دولەبەر بێ
کاڵای باڵای تاجی سەر بێ
خۆشەویستی نیشتمان بێ
بەوەفا بۆی بە ئامان بێ

هەستی باوان بۆ وەچەی بێ
شەیدای هاوڕێ، کەس و دۆست بێ
زمان شیرین بە هەست و نەست بێ
ئەوین بۆ خواو پێغەمبەر بێ
کردار کۆڵەکەی باوەڕ بێ
نەک چواردەی دوو هەموو ڕۆژێ
ئەوین هەوێنی ئاشتی بێ
هێندە بۆ خەم ئەشک نەڕژێ
نەک هەر قسە و پیرۆزبایی بێ
هێندە بۆ خەم ئەشک نەڕژێ

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

۲۰۱۵/۲/۷

* * *

# [ ترۆپکی زیزبوون ]

یەکەمجار بوو. زیز بوونم لێت بگاتە لوتکە
دنیام لەبەرچاورەش بێ. نەبینم تروسکە
ویستم بگەڕێمەوە پێش یەکەم نیگای رووت
پێش ئەو ساتەی تۆم تێدا ناسی بە ڕێکەوت
چیت لامە بتدەمەوە ئاڵتون یان زەمرووت
ماڵی ئەوین جێ بهێڵم نەیەمە دووت
لەبری دڵ دوو جگەرگۆشە بۆ تۆ جێ بێڵم
چیم لاتە. هەرچیت لامە. لای یەک نەیهێڵم
بە خەیاڵ تۆم جێهێشت. لە ژینی تۆ نەمام
بۆ خاتونی تر گەڕام لەبیری ناکام
تەنیا دەمامەوە بەبێ تۆ بێ نەمام
ڕێبواری بووم ماندوو شەکەت. لە ڕێی تەنیام
وەک نەشتەر بۆ کراوی هاتمەوە هۆش تاسام
نەمتوانی بە خەیاڵیش تۆ لەدڵ دەربکەم

هاتمەوە ماڵی دڵ بۆ ئەوەی لە دەرگا بدەم
وتم لە ماڵی دڵت یاری نەکەم چی بکەم
بە وشەی ببورە. ڕەش بینی منت گەش کرد
بە خەندەی جوان منت لە خەم بێ خەم کرد

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١/٣٠

* * *

## [ گوڵە سۆنیا ]

گوڵ وەک گوڵە سۆنیا مراوی یە
رووی گەش دەڵێ ی دوور لە خەمباری یە
چاوی بە برژانگ چاوی ئاسکە
سەرو برۆ بەرز گەردن ناسکە
دەست و پل باریک ئەو قۆڵ و باسکە
دەم پاراو. رۆخی لێوی بەرجەستە
کێش دەکەن سەرنج بۆ جوانی جەستە
سیمای جوانی دێنێ ئەم هەڵبەستە
گەردە دێراوی لەسەر لێویەتی
هێمای کەنار دەریای رۆمانسیەتی
ئەملاو ئەولای دوو رۆخی ڕوومەتی
وەک بازنی دەستی خڕ بۆ ململانێ
بۆ خەم مل نادا. بۆ شادی دەست لەملانێ
بە گەردنیا زوڵف هاتۆتە خوار
وەک خولیاو خەونی لە ژیانی رۆژگار

ئـــــەو كـــــە گـــــولی تـــــازە بەهارێكـــــە

بـــــەهاری تەمـــــەنی بیـــــست بەهارێكـــــە

چـــــاو گەشـــــی پرشـــــنگدار وەك ئەســـــتێرە

دڵـــــم بەســـــوی[1] بـــــۆ نیگـــــات بینێـــــرە

ســـــۆزت وەك زەنگـــــوڵی[2] رێژنـــــەی بـــــاران

بـــــدا لـــــە كێڵگـــــەی دەروونـــــی بیابـــــان

ببـــــورە. لامـــــدا لـــــە یاســـــای گێتـــــی

شـــــۆخە بۆیـــــە دڵـــــم هۆگریـــــەتی

خـــــۆ كـــــردی بـــــوو. خـــــۆی وون كـــــرد لـــــە دیـــــدە

كـــــچە كـــــۆری ئێـــــستا خـــــاتوونی ســـــویدە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١/٢١

* * *

---

[1]) بەسۆی : بە ئازار ، بە جۆش و خرۆش .

[2]) بەسۆی : بە ئازار ، بە جۆش و خرۆش .

## [ناوت بنێم چی ؟!]

من لەبەر هەستی جوانت خۆشم دەوێ ی جوان
لەبەر سیمای نەخشاوت ناوت بنێم شاجوان
تۆ ڕێزداری ناوت بەڕێز یا ڕێزان
بەفری كێوانی ناوت بەفرین بێ یا بەفران
نینۆك وەك لێوت سورە هۆ خاتوو ڕەنگین
هەردەم لە دڵدای بۆیە ناوتم ناوە سەنگین
هەردەم لە دڵدای گوڵ لە جێ ی خۆیە سەنگین
لەبەر بزەی لێوت تۆم ناو ناوە خەندە
ئیدی هۆگری تۆم. دڵم پێتەوە بەندە
وانەبێژی. ئەوینی. ناوت دەنێم ئەوین
روو سوری سەرت بەرزە. وەك كێوی سەفین
وەك خاك دەتپارێزم. ناوتم ناوە كوردستان
ئەی پاكی پاكان. وەك بای سازگاری كوێستان
تۆ ئەستێرەی بۆیە ناوت دەنێم پرشنگ
یان شیرینی یا شیرێن هێنی. وەكو هەنگ

بەرسیلەی بەهاری. هاوین پێت دەڵێم هێشوو
خەرمانی دێی منی. ناوت دەنێم خەرمان
دڵم پڕ سۆزی تۆیە دیدەی چاوی سەرمان
شەوت وەک رۆژە. بە تیشکی رووت. مانگی تابان
دڵت بە پەرۆشە. وەکو دایکی میهرەبان

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١/١٦

* * *

## [ نەمامی موتوربەی ئەشقی سەهەند ]

**لە هەرەتی جحێڵیدا ئەشقێکم بنیات نا**

**ئاشنابووین بۆ ئەشقی یەک بووینە پشت و پەنا**

**گوڵی باغی ژینم بۆ دڵم بوویتە ڕۆشنا**

**سەری تاساوم بە نێو چاوانتەوە نا**

**وەختێ زانیم تەزووی گەرمت لە جەستەت دابڕا**

**وەک خەوتوویەک کۆچت کرد لە ئامێزی مندا**

**لە بیمارستانی هیوا چاوت لێک نا**

**دوو دیدەی پرشنگدار. لەگەڵ لێوی هەنگوینا**

**دوای گەردن ئازادی یەکسەر لەسەر یەک دانا**

**بێ وادە ئەجەل هات و گوڵی لە دەستم سەند**

**چیرۆکێ وەک خۆی دەکەم بە دێڕو بەند بە بەند**

**دواتر نەمامێ موتوربە بوو. لە دڵی سەهەند**

**بۆ دڵی کۆست کەوتوو قەدەر هات و زوو لێ ی سەند**

**کە ڕوانیم دەمم وشکی کرد. چاو جۆگەلەی بەست**

**بە تەختی روومدا بۆ لێوی وشکم دێری هەڵبەست**

گیانی پاکت کۆچی کرد. بۆ ئاسمان. بەبێ هەست
بەجێت هێشت بۆم راسپاردەیەک ڕیشم قەڵەم بکەم
ئەشقی نێوانمان بە قەڵەم بۆ دڵ تۆمار بکەم
پیادەم کرد وەسیەتت لە شانۆی حەسرەتمدا
تا شەوێ هاتی لەناو خەوی غەفڵەتمدا
پێت وتم کە بڕۆم بەدوای ژینی هەرەتمدا
دوای ژین کە وتم. بە ئاستەم گوڵێ وەک تۆم چنگ کەوت
ئەو ئەشکەی لەچاو بۆ تۆم ڕشت. ئێستا بەرئەکەوت

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١/١٤

* * *

## [مەیلی بە کەیل]

ئەمڕۆ دوو خۆشەویستم لەدەست دا
تیری نەفامیان لە فامی مندا
وتم: بە یەکیان مەجنون بم تۆش لەیل
ئەوینێ پڕ لە مەیل بە بێ کەیل
هەستێ زۆر بێ و بڵند هەروەک قەندیل
چی بکەم لە کەیلی. پێم نەبوو قایل
هەر زوو لێیدا ڕۆی دوای کەیلی کەوت
تا ڕاوی هاوڕێ بکا بۆ دەستکەوت
ئەوەی تر جار جارە. زوو زوو دەیووت
وەک شیعر. لە زۆر زیاتر خۆشم دەوێت
زەنگی گومان سەیر. منی ڕاجڵەکاند
هەستم خەیاڵی ناکامی ئەفراند
نەمپرسی بۆ؟ کە منی خۆش دەوێ
چۆن و تاکەی؟ بۆچی؟ منی دەوێ

بە منی سپارد . راسپاردەیێ نەسازا
دواتر وتی . بیکەم گەردنی ئازا
لەمن خۆی دابڕی . بۆ تاهەتایە
وەک خەو بەشەکەتی بێ لایەلایە
بێ هودە کاتی بردم بەزایە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

١٥ / ١٢ / ٢٠١٤

## [ خانم و وەرزی ساڵ ]

ساڵ چوار وەرزی دوبارەو لێک جیاوازە
تەنها بەهاری وەک تۆ جوان . بێ نازە
من بۆ هەر وەرزێ بە جۆرێ مەستم
بۆ ساڵ تەنها بۆ بەهار من مەستم
بۆ خانم بە رۆژ بە جۆرێ مەستم
بە شەویش ئەمن جۆرێ تر مەستم
هەمیشە مەستم بۆیە بە مەی پەستم
لە شەراب و مەی نیە دەربەستم
لە مەستی دەستکرد من گەلێ پەستم
حەرامە هەرگیز من مەی نەنۆشم
لەبۆ گیانی خۆ من پەرۆشم
نەوەک بادەم سەری شوشەی بادە
سەری خۆ بادەم لە خەمی بادە
زستان بە نەرمە و ڕێژنەی بارانی
بە هەوری کاروان سەرای ئاسمانی

یا بە نەرمە بەفری دەشت و کێوانی

دەبمە مەست و حەیرانی حەیرانی

هەر بە یادەوەری زوو جارانی

بەهار فەرشی سەوزم بۆ ڕادەخا

بای شەماڵی بە ڕوومدا هەڵدەکا

بە جیلوەی باخ و کێو و هەردانی

جریوەی پاساری قاسپەی کەوانی

یا هەوای نەسیم کانیاوی جوانی

دەبمە مەست و حەیرانی حەیرانی

هەر بە یادەوەری زوو جارانی

هاوین بە شێی کەڵەدارانی

بە ساردی ئاو و هەوای کوێستانی

خۆری گەرمی چزەی هەڵقرچانی

دەبمە مەست و حەیرانی حەیرانی

هەر بە یادەوەری زوو جارانی

پایز بە گەڵای درەخت و باخانی

بەفری شادیە پەلکە بارانی
باوی هەورو بوکە بەبارانی
دەبمە مەست و حەیرانی حەیرانی
هەر بە یادەوەری زوو جارانی
خانمیش بە جوانی و عیشوەو نازی
بە ئەبرۆی دەستکار. چاو بە کل و بازی
لەنجەو تیلە نیگای لە خۆڕازی
پرچی لەگەڵ شەماڵ سەما دەکا
بە تەقەی کەوشی زەوی ماچ دەکا
شنەبای ژێر باڵی داری بەهار
خەیاڵمی فڕاند مەلی ناو کۆسار
دەبمە مەست و حەیرانی حەیرانی
هەر بە یادەوەری زوو جارانی
خانم تۆ تاکە وەرزی تەمەنی
ئەی ساڵ تۆ هەر چوار وەرزی تەمەنی
هێندەی ترپەی دڵ. هەناسەکانی

دەبمـــــە مەســـــت و حـــــەیرانی حـــــەیرانی

هـــــەر بـــــە یـــــادەوەری زوو جـــــارانی

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

١٧ / ١٢ / ٢٠١٤

❀ ❀ ❀

## [ژیان بۆ كوێ دەمبەی ؟]

ئـەی ژیـان پـێم بڵـێ تـۆ بـۆ كـوێ؟ دەمبـەی
بـە خۆشـی خـۆت هێنـدە مەسـتم دەكـەی
بـە تاڵ و سـوێریت بـێ چـارەم دەكـەی
هۆشـم بـۆ هـەوارت پـەلكێش دەكـەی
چ بـێ چـارە بـم. چ مەسـتم بكـەی
بـۆ دەریـای مـردن ڕاپێـچم دەكـەی
قـەدەر چ بنوسـێ بـۆم ئـەمڕۆ. سـبەی
لـە ئـامێزی بـاوانم دوورم دەخـەی
ئـەی ژیـان پـێم بڵـێ تـۆ بـۆ كـوێ؟ دەمبـەی
مـووی سـپی سـەرم پـەیامی تۆیـە
هێنـدەت پـێ ڕشـتم بـێ بەڵگـەو بۆیـە
سـەری ڕەشـم هـەرزوو سـپی بۆیـە
سـەری بـەفرم گەرمـە لـە كێڵگـەی سـەر
چـی بكـەم لـە گرفتـی بـێ سـەرەوبەر
ئـەی ژیـان پـێم بڵـێ تـۆ بـۆ كـوێ دەمبـەی

مووی سپی دیاری ژینە بە ناچاری
زووو وەرمگرت لە دنیای زۆرداری
ژیان بۆی نوسیم ئەوەیە دیاری
كە (مەرگ نزیكترین هاوڕێمە)
(لە ڕێگای ژیان ڕێبواری ڕێمە)
بەفری سەرم. من وە خەبەر دێنێ
دنیای بێ حاڵیم بەسەردا دێنێ
دڵی بێ ئاگاش دادەخورپێنێ
پیری دەرگای ژینم دادەخاتەوە
مەرگ لە قاپی قەدەر دەمباتەوە
ئەی ژیان پێم بڵێ تۆ بۆ كوێ؟ دەمبەی
مەرگ وا لە سەمام دەخاتەوە
ئاقڵ دەڵێ: بەسە خۆ گێل كردن
توێشووی دواڕۆژت كوا؟ بەر لە مردن

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٦ / ١١ / ٢٠١٤

❀ ❀ ❀

## [ گوڵزارێک لە لادێ ]

بە بیرم دێ. بۆ گوڵزاری دێ
چاو لە ڕێگای بیر بووم لە لادێ
دوور بە دوور نیگام دەکرد وەستاوە
لای ماڵ. دەمبینی هەلتروشکاوە
هەر چاو لە ڕێگای هاوڕێی هاوسێ بوو
دیدەم بۆ نیگای ڕوو لە ئاسمان بوو
تێکڕا بە دەم باس و خواسی دێ
بە تەنەکە بێنن ئاو کە لە بیر دێ
من چاو لە ئاسمان ڕوو لە ڕێسمان
دڵ بە نزا. تەنیا لە ڕێی بیر بێ
تا نەدزێ کەس. نیگای تێراماوم
گوێ قولاخم لە خشتەی دامێنی پێ
دەرفەت بۆ نیگای سمت و قولەپێ
ئەو وەک مەیخۆری کردی لارەلار
گیر بوو پەنجەی پێی لە بەر لابردنی دێڕەق

ســـــاتمەیکرد. نیگـــــای زیـــــز بـــــوو. چـــــاو زەق

وتم: ئەی یا الله... یا الله

وتـــــی: ئـــــای لـــــەو خەڵکـــــە بـــــسم الله

(مــــــن لایحـــــب النـــــاس لایحـــــب الله)

هاتـــــەوە لای بیـــــر کـــــە جـــــوان ڕێـــــدەکا

لاشـــــانی تـــــەڕەو چـــــۆڕاوگە دەکـــــا

ســـــەراپاجەســـــتەی زەنگـــــوڵ زەنگـــــوڵ [1]

ئاوەچـــــۆڕ دەکـــــا هـــــەروەک پـــــەلکی گـــــوڵ

ئاســـــمان. ڕێـــــسمان بیـــــری بـــــاران دەکـــــا

لـــــە زوڵفـــــی لامـــــل. کەمـــــەر تـــــا قولـــــەپێ

وەک ئاســـــکێ بـــــە دوای باوانیـــــەوە بـــــێ

هەناســـــە ســـــوار وەک چـــــۆن تینـــــووی شـــــیر بـــــێ

نـــــەک کابـــــان بـــــەرەو مـــــاڵ لـــــەرێ ی بیـــــر بـــــێ

مەکـــــسی وەک مـــــن بـــــە چـــــنگێ ئـــــاو ئاشـــــقە

جـــــوان خـــــۆی نوســـــاندووە بـــــەو نەرمـــــە گۆشـــــتە

---

[1] زەنگول زەنگول : دلۆپ دلۆپ .

تەیەمومی غوسلی شەیتانی شەو

چاو ڕەش. دەمی سور وەک دەنوکی کەو

لەبەر ئەو نەبا دەرۆشتم دەنا

چاومەستم بینی بێ پێچ و پەنا

لە ئاستم وتی: چۆنی کاک ئاکۆ

دەمێکە خێرە وەستاوی لێرە؟

پێم لابرد وشەی کاک لەسەر دەم

ئەو ورتەی نەکرد نە زۆر نە کەم

وتم تۆ باشی؟ گوڵزاری لادێ

بچین بۆ ئاو بۆ پیاسە لە ئاوی چەم

تینووم بە ئاوت پێم بڵێ من چی بکەم

لە داری توند گرتم ئامێزم

هەروەک سینەم لە سینەی ئەزیزم

تواوەوە لە باوەشی گەرم نەرم

نەما. وەک ئەو دارە ڕەق بوو. سەرم

شەو هاتە خەوم خۆیکردە گوڵزار
شەیتانی شەو بوو. شەوی لالەزار
ئەستێرەکان شەرمیان کرد لە ئاسمان
شەیتان لە کۆش ئاوی کانی پرژان

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٤/١١/١٩

* * *

# [ لانە و هانا ]

بە چرپە بیستم. لەنسێی و چڵ و پۆی ژێر دارێکدا

لانەو هانام بینی پەیڤ و سۆزیان بەیەکدەدا

هێواش هێواش یەک بەوی تر هەناسە بڕکێ دەدا

دڵی هەردوو نەکا زیاتر لە سەدجار لێی دەدا

شنەی پەیڤیان دەدا بە گوێ و سیمای یەکتردا

لانە: ببە لانەیەک بۆم بۆشای سۆزم لابە

هانا: لە چێژ لە ئازار بۆ هەمیشە هانام بە

من ڕێبوارێک بووم بۆیە پەیڤم بە هیچیان نەدا

خۆم نەگرت بەدەست نوسیم نامەیەکم بە هانادا

بە تیلەی چاوی لەدوا دێڕی نامە کەوتە قاقا

یادی اساڵی هاوسەریان لە پاڵ هەمان داردا

ڕێکەوت بـووبینم. ئـەمجار پـڕ بـە هـەردوو گـوێم بیـستم

نامەت هەر مەرەکەب نەبوو حـەیف لەسـەر خـاک فڕەمـدا

دوایی زانیم لە ئـاڵتون بـوو. پـڕ بـە دڵ لەسـەر دڵ دامنـا

نوسـرابوو: (خـودا فەرموویـە: هـەموو شـت بـە ئەنـدازە)

هـــــەمان شـــــتە هاو کێـــــشەی ســـــۆزو شـــــەیدایی

چەند ببەخشی هەمان شت وەردەگری بێ زیـادەو مـایی

بۆشـــایی ئاســـمانی ســـۆز بـــە گری بەســـت نابەستری

وەلـــــێ نـــــەتزانی نـــــە مـــــن نـــــە لانـــــە

بـــە گـــری بەســـت بەســـتمان دەرگـــای ئاشـــقانە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١١/١١

* * *

## [ جێژوان ]

بینـــــیم یـــار دەڕوا بـــۆ بیمارســـــتان
چـــووم بـــۆ دیـــداری بـــێ دڵ لـــە دڵـــدان
پرســـیم شـــیفات بـــێ چـــیە نەخۆشـــیت
فـــەرمووی تـــۆم بینـــی بیرمـــچوو چـــیمە
ئەگـــەر تـــۆ بـــاش بـــی چـــی عەیبـــە نیمـــە
بـــە گوێمـــدا نـــزای زوو چـــاکبوونەوەی
لەبـــەڵا دوور بـــێ شـــادمان و بـــێ وەی
بکـــەم ستایـــشێ چـــەندە دڵـــسۆزی
پەرۆشـــی و میهرەبـــانی هاوســـۆزی
لای تـــۆ بـــم یـــان لـــە یـــادت هـــەر مەســـتم
بـــۆ پێکـــی مەســـت بـــوون نیـــە پێویـــستم
تـــاکو تـــۆم هـــەبێ دڵ بـــێ دەربەســـتم

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٦/١١/٢٤

## [ هانی هانی ]

ئەتۆ بە نیگای سیحراوی
بەناز و عیشوەی مەکراوی
زەمەنێکە بێ وەلامی
نامەی هەستم بۆ تۆ هانی
ئیشقی تۆ بووم عەیامێ
تا ئێستا درەنگ بە خۆت زانی
بنێرە بە دڵێ کەلامێ
جگە لە خۆم کەس نەزانێ
چاو ئەستێرەی میهرەبانی
کە جوان ئەو جوانیەت دەنوێنی
گوڵیت بەدەم شنەی باوە
پەرەی گوڵناز سوور نەخشاوە
چاوت بە کل چۆن درەخشاوە
زوڵف و ئەگریجە ئاوریشمی
هەردەم لە دڵمی بە دڵمی
بە ماچێ کاڵی بکەمەوە

سوراوی لێویان هی کوڵمی
دەزانی بەهای پاشکەوت
هەر لەبەر شۆخی پاشام کەوت
تا یەکێ بە هاوڕێ دەگری
سەد سەرنجی خۆی لێ دەگری
هاوڕێ یەتیت گیانی بە گیانە
لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی ژیانە
قسەت لەڕووە راست و دروستی
شێتت کردم بەبێ هەستی

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٦/١١/١٥

## [ تارای بووک ]

ئەتۆ بۆچی بەڵێنم پێ نادەی

هەتا کەی منی شێت ئازار دەدەی

لەڕووی مندا خۆت بێ مەیل دەکەی

تاکەی لەسەرچی دڵ بەسوێ دەکەی

چەند جار ناردم پەیامی ئەوینم

باڵندەی باخەکەم سەمای ژینم

لە چاوتدا هەستی ژیان دەبینم

دەساوەرە سارێژ بکە برینم

مەمکە چیرۆک بلێن هەبوو نەبوو

هەرچی دەڵێی بفەرموو بفەرموو

نازت هەڵدەگرم بیدا لە ڕوومدا

خۆزگەم بەو رۆژەی کە دڵم پێت دا

بێ مەیلی تۆ ئازارە وانابێ

پەیمان بدە ماڵی دڵ ئاوابێ

پێم بڵێ چی بکەم چۆن بێ با وابێ

ئەو شنە بایەی خۆی لە بسکت دا بێ

بەدوایدا وێڵم لە هەر کوێدا بێ

بەسەر روخسارت بپۆشم تارا

ئەگەر پەیمان بدەی کەش لەبارە

بیکەمە بەرت دەتکاتە چێوان

سبەی خانە خوێ بم ئەمرۆ میوان

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٦/١٠/٢٩

# [ گریانی قووڵ ]

ئـــاخ لــە گریـــان دەترســم لــە ڕۆژی مەحـــشەر
دیــسان و دیـــسان ڕێگـــەی مـــن بگرێتـــە بـــەر
بـــەرۆكم بگرێتـــەوە وەك كۆســـپ و لەمپـــەر
بـێ بەشـم بكـەی لـە خۆشـی و شـادی تـا سـەر
لــە بــۆ كـــێ بگـــریم بـــۆ وڵاتـــی بـــێ خـــاوەن
بـــۆ دایكـــی شـــەهید بـــۆ هـــەژارو بـــێ لانـــەن
لــە بــۆ گـــەنجێ لــە ڕێ ی وڵاتـــی غەریبـــەن
لـە بـۆ كامیـان بكـەم گریـەو شـین و شـیوەن
بـۆ كامیـان بكـەم هەنـسكی گریـە یـا بـۆ خـۆم
ڕەشـــی چـــاوانم بتوێتـــەوە هـــەروەك مـــۆم
بـــڕۆ گریـــان كـــەی بـــەرۆكی ئێمـــە بـــەردەی
ئیـــدی چـــیدی چـــاوم بـــە فرمێـــسك ناشـــۆم

ئاكۆ حمد ( ئاكۆ شارۆشی )

٢٠١٦/٩/٨

## [ فیغانی غەریبی ]

غەریبی دەسووتێنێ هەناوم
ئاگرە بۆ من تالە ژین ماوم
بە گڕو تینی دڵ بەسوێ ماوم
ئەی نیشتمان غەریبی پێ ی وتم
کە قەدری وڵات زیاتر بزانم
بۆ دووریت ئەشک دێ لە چاوانم
ئەی وڵات ئەی وڵات کە دەڕوانم
ڕۆڵەکانم دەژین بە سەربەستی
ئۆقرە دەگرێ دڵی نەهامەتی
لە هەر کوێ بم لەگەڵ گەلەکەمم
بێ تۆ بەشم بەشی بەشمەینەتی

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٩/٨/٢٠١٦

## [ فیغانی سەلمای غەریب ]

سەلمای غەریب گوڵی وڵاتی
چەند عاشق بە کوڕی وڵاتی
بۆ هەڵدانی چەتری ساباتی
بۆ ژینی خێزانی کوردەواری
باس بکەم هەواڵ و بەسەرهاتی
دەردی غەریبی هەر ڕۆژ بە ڕۆژ
بێ چارەیە دڵ دێنێتە جۆش
بۆ گوڵی وڵات غەزەل وەرانە
چاو بە ئەشک دڵ بە گریەو ژانە
شەقام شەقام رادەکا کوا کوا
نابینێ بێ هەوار بێ نەوا
هیچ کەس لە هەستی ئەو تێ ناگا
جگە لە کوڕی وڵاتی بێ ئاگا
لەبەر دوری بەنازی را ناگا
خەریکە دڵی شەق شەق دەبا

وشـــەی گیانەكـــەمی بـــە گـــویٚ ناگـــا

غـــــەریبی دژایــــــەتی دەكـــــا

ســــەردابنێتە ســــەرینی هــــەولێر

بـــــە ئـــــاواز و شمــــشاڵ و بلــــوێر

بكاتــــە نــــوێنی خــــۆی ســــلێمانی

بــە كــەركوك بڵــێ باوەشــی دایكمــانی

لەگــەڵ هەســتی بــێ كەســی كەساســی

لـــەو وڵاتـــەی كـــە كـــورد ناناســـی

دەپۆشـــی پۆشـــاكی كوردســــتانی

كـــــورِی وڵات نــــابینیٚ گیانــــــە

تـــــاكو بڵـــــێ الله كــــــە جوانـــــە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٨/١٣

## [ سەلما ]

چاوڕەش خوێن شیرینی سەلما
خۆشەویستی تۆ لە دڵما
ئەشقم بۆ ژیان کەوتە سەما
خەم لە دڵ باری کرد نەما
نە کورت نە درێژ جەستەو باسک
نەرمە ئەسمەری دڵ ناسک
چاو ئەستێرە وەک چاو ئاسک
دڵت پڕ لە سۆز و ئەشک
گیان وەرە ببە بە هاوژین
بۆ هەمیشە لەگەڵ یەک بین
گەر بە خەیاڵیش بیبینین
بێ و بچێ پەنجەی دۆرێ مین
بەناو قژی خاو و نەرمین
بێشک ئەشک دێ لە چاوم
دڵۆپ دڵۆپ دەتکێ ئەسرین

بە پەنجەی من و تۆ دەیسڕین
چی باس بکەم لە سۆزو ئەوین
من و تۆ یەک دێڕی شیعرین
گەر نەشتوانم بتهۆنمەوە
هەر حەیفە ناتکەم بە چوارین
سۆزت بۆ من نەدەسەلما
گەر بە شەرمەوە نەت گوتبا
تۆ نەخۆش بی دەبمە پایز
منیش گەڵای داری وەرز
دەوەرێنم بێ شنەی با
سۆزت بۆ من نەدەسەلما
گەر بە شەرمەوە نەت گوتبا
شادی تۆیە بەهاری من
بێ ئۆقرە. نەدەبوو هێمن
سۆزت بۆ من نەدەسەلما
گەر بە شەرمەوە نەت گوتبا

هـــــەر تـــــۆی دڵـــــم كەســـــم نـــــاوێ

بـــــە كـــــەس نـــــاڵێم تـــــۆم خـــــۆش دەوێ

ئەگـــــــەر بـــــــچمە ئـــــــەو بەهەشـــــــتە

حـــــۆریم نـــــاوێ هـــــەر تـــــۆی فریـــــشتە(١)

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٦/٤/١٢

(١) وەك هاوسۆزیەك بۆ (سەلما خان) ی هاوڕێم نوسیوە ، ناوبراو گۆرانی بێژی كوردستانی باكورە.

# [ دابـڕان ]

مـــــن بـــــووم ئـــــاودێری کێڵگـــــەی گوڵـــــەباخ

خۆشـــــم دەویـــــست ئـــــەو. بـــــە دڵ بـــــە نـــــاخ

کەســــێ بــــێ هــــەواڵ بــــۆنی پێـــوە کـــرد

هــــەڵی کەنــــد نــــەمام. چــــاندی لــــە دڵ داخ

- - - -

وەختــــێ خــــۆری ئــــەوینی مــــن هــــەڵات

قــــەت بیــــری ئــــاوا بــــوونم نــــەدەکرد

ئــــاوابوو لــــە ســــوێیدا دڵــــم هــــەڵات

مــــاڵی دڵ ســــوتا بــــۆ کروزی لــــێ هــــات

- - - -

کــــــوڕی دەوڵەمەنــــد بـــــە پـــــارەی کاغـــــەز

باوەشـــــێنی کــــرد هـــــات بــــــردی بەلـــــەز [1]

پیرۆزبـــــایی بــــۆ ئــــەو لــــە هــــەموو کـــــەس

دڵنـــــەوایی بـــــۆ مــــن لــــە هەنــــدێ کـــــەس

بەهەســـتی مـــن مەســـت نــــەبوو ئـــەو ناکـــــەس

- - - -

کەچــــی بــــەبای کاغـــــەز خـــــەو بردیـــــەوە

نــــە ئـــەو مـــن و نـــەمن ئـــەوم نەدیـــەوە

فرمێــــــسکم لــــــەڕوودا بـــــا بردیــــــەوە

بـــــەختی خـــۆم لــــە ئـــەوین هـــەر نەدیـــەو

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٣/١٠

❀ ❀ ❀

---

[1]) بەلەز : بەپەلە .

# [ دارچنار ]

بینیم لەناو گوڵان گوڵی چناری

بەخشندەیی سۆز لە چاوی دەباری

روو سوور وەک خونچە گوڵی هەناری

چرۆی کردوە لەهەرەتی بەهاری

چاوی ڕەشی لەڕوو دەتروکێنی

دڵی عاشق بەخۆی دەتاسێنی

کێت بینیوە بە چای رەش مەست بێ من نەبێ

منیش مەست نابم بە دەستی چاورەش نەبێ

لە دەمی بچوکت وشەی گەورە دەبێ

لە دڵی میهرەبان ئەشق بەرپا دەبێ

بۆ دڵێکت لە سینە حەشاردراوە

پــــڕ ئەوینـــــە و هیـــــچت بــــە مــــن نــــەداوە

بـــێ پـــێچ و پــــەنا قـــسەت ڕێــــک و ڕەوانــــە

هــــەر کــــەس لێــت تـــێ نــــە گا هۆکــــەی نەزانــــە

دەرگـــات لــــە مــــن واڵابکــــە بــــە پــــەنهانی

گۆرانیــت ئیلهــامی شــیعری بــۆ مــن هــانی [1]

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٨/١٢

---

[1] بۆ خانمێك نوسراوه هێنده دارچنارێك بەهێزە لە ژیانی نەگریسی وڵات.

## [ شادی شادان ]

ئای لەم قژە خاوە نەرم و ناسكەی
هەر بە پەنجەی باریك شانەی بكەی
گەر بەو چاوە كاڵە نیگا بكەی
نیە مەستی چاوت نەبێ. بۆیە
ناڕوانی تا كەس شەیدای خۆت نەكەی
بەیەك سەیری سیمای شادی شادان
لەسەر تا كەمەر. بازنی قوڵەپێ
هەموو كەسێ لە هەر بارێكدا بێ
مەست و عەوداڵی ئەم گوڵە دەبێ
لەناو قەدی چەناگەت نەخشاوە
خەتێ هەڵپەی خۆشی و مل نەدانە
كەوانەی ژێر چاو ناخ لێ ڕژانە
كوڵمی لێك نزیك نیشانەی جوانە
بەرگە گرتنی تۆ كورت خایەنە
ڕێكی ژێر گوێ دەم. بڕیار بە بیری

**خۆتەوە بەندە بێ لایەنانە**

**تێڕوانینی فراوانت نوسراوە**

**لەنێو ئەبرۆ و تەختی نێو چەوانە**

**لە باوەڕ بەخۆبوونی سگماکی**

**لە پاشەکەوتکردن و دەستپاکی**

**کەشێکی رازاوەو جوان دەنوێنی**

**زوو زیز مەبە سوچی چاوت بەرزە**

**لەگەڵ ئەبرۆدا جوان خۆی دەنوێنێ**

**متمانەی پاکی خۆتە دەیبەخشی**

**گرنگی هەر بە بیری خۆت دەنەخشی**

**بیری خۆشباوەڕی لەبن دەردێنی** (١)

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٦/٨/٧

---

(١) لەم شیعرەوە وەك هەندێ لە شیعرە ستایشەكانی (ئاكۆ شارۆشی) زانستی روخسارناسی كردوە بە درێژی شیعر ئەمەش رێچكەشكێنی شاعیرە ، واتا بە ڕێچكەی تازە دادەنرێت .

[ خانمەكەی كۆیە –بەشی یەكەم - ]

ئەمـــــە نـــــەریتی خۆشەویـــــستی تۆیـــــە

خۆشـــاردنەوەت لـــە چـــی خـــانمی كۆیـــە

نەتهێـــشت ببیـــنم چـــاوت زوڵفـــی تـــار

دەبینـــــی شـــــەو و رۆژ لەگـــەڵ روخـــسار

بڵـــێم. شـــــەرمە رێگـــەی گەرانـــــەوەت

بـــــۆ دڵ بـــــە وشـــــە دەنێریـــــت بـــــۆم

بـــێ تـــۆ تاریـــك توامـــەوە وەك مـــۆم

ڕۆژێ وتـــم لـــە كـــوێ دانیـــشتوی تـــۆ

پێـــت ووتـــم: بەســـە دڵـــم داوە تـــۆ

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١١/٢٤

## [خانمەکەی کۆیە –بەشی دووەم- ]

لــــە نـــــسیٚ ی ئـــــەوینت عــــــەیامیٚ بـــــوو
هـــــۆش و بیـــــرم مەســــــتی کــــەلامیٚ بـــوو
هەســـت و ســـۆزم داگیرســـا وەک مـــۆمیٚ بـــوو
لــــە زۆر زۆر تــــــر هیٚنـــــدەی دنیـــــاییٚ بـــــوو
وو تـــــم: باشـــــیم لــــــە باشـــــی تۆدایـــــە
و تـــت: خـــۆت. بەنـــد مەکـــە بـــە مـــن تکایـــە
و تـــــم : بەنـــــدی تـــــۆ نـــــیم لــــەم دنیایـــــە
پەرۆشــــــــــی گیـــــــانتم دلٚ لەگەڵتدایـــــــــە
چـــــیم پـــــیٚ بکریٚـــــت بـــــۆت ناچـــــیٚ بەزایـــــە
کــــە لافـــاوی غوربــــەت دەســــتی تــــۆی شـــکاند
ئــــــەو گەچــــــە رەقـــــەی لــــــە دەســـــتت لکانـــــد
بــــە وشــــــەی (تکــــــا) دڵـــــی منـــــت مرانـــــد
کاڵـــــەکی حەســـــرەتم بـــــە ئـــــەژنۆم شــــکاند
ویــــــستم ئەوینـــــــدارت بـــــــم هەمیـــــــشە

**دڵم بۆت ئەشق بکەم بە پیشە**

**ئەتۆ بۆ شیعرەکەم ئیلهامێکی**

**ئاشقتم تۆش کە گوڵی باخێکی**

**هۆش و هەستت هەر لای من نەبوو**

**نەمزانی کە تۆ ئەشقی شاخێکی**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١٢/٢٠

* * *

## [ فریشتەی تابان ]

ئێوارە بوو خۆری من دەرکەوت
ناردی بۆم پەیامێ بە ڕێکەوت
نەمزانی ئەو فریشتەی تابان بوو
ئاوازی دەنگی بۆ دڵ بەرێ کەوت
سیمای جوانی لەبەر چاوان بوو
جارێ چاوم بە چاوی نەکەوت
دڵ منداڵە بۆی دەکا گڕوگاڵ
ئەم چاو کاڵە نایەتە دەر لە ماڵ
وامزانی خاتوو کابانی ماڵە
گوڵی بەر سێبەر تابانی ماڵە
ئەگریجەی درێژە رەنگی خورمایی
پێستی سپی و کوڵمی پەمەیی
سیمای خڕو پڕ کەمەر باریک
ئەو جوانی ناسە ئەبرۆی تیخ ڕێک

لـــە ســـەیری كەمـــەر ئـــاوازی شمـــشاڵ
بە بیرداریێنیێ
زوڵفـــی شـــانەكراو.خـــاوی تـــاڵ تـــاڵ
دڵ بە سوێ دێنیێ

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١٠/٢٨

* * *

## [جوانی تۆ]

تاڵی و سوێری دنیا چەند گران بێ
پۆشە لە چاو جیلوەی جوانی تۆ
لێم بپرسە بۆ؟ بپرسە بۆ؟
حەسرەتی دنیا چەند گەورە بێ
ناگاتە نیگای تیلە نیگای تۆ
لێم بپرسە بۆ؟ بپرسە بۆ؟
چونکە دڵی من پڕە لە تۆ
لە لەنجەی جوان و لە نازی تۆ
دڵی تۆش پڕ لە دەعیەو دەمار
نازو عیشوەکەت دڵ لە خومار
هەر لە چاومدای. پڕ لە گوناح
خاڵی لە من. تاڵی بۆ من
چاوی تۆ بە چەشنی بارەشێ (١)

(١) بارەشێ : ڕەشە بایەك .

رەشـــــماڵی ئــــــەوین رادەكێـــــشێ

(دەعیـــــەو دەمـــــاری كـــــەرەك ناكێـــــشێ

لـــــە مـــــاڵی دا نیـــــە دەنكـــــێ بڕوێـــــشێ)[1]

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٣/١١

❀ ❀ ❀

[1] ئەمە پەندێكی كوردیە لە سنوری دەڤەری پشدەر بەربڵاوە لەسەر زاری بە تەمەنەكان واتا كەسێك زۆر بەدەعیەو لە خۆ رازی بێ بەڵام هیچی نەبێت پاروویەك نانی نەبێت بیخوا لەماڵەوە .

## [ڕەنگ و ڕووی یار]

یارەکەم ڕەنگی سور بپۆشە
جوانترین گوڵ هەر سوری گەشە
ئەم ڕەنگە رووی گەشی ئەوینە
تۆش لە دڵ دەربکە چی رک و کینە
خاتری جوانی خۆت هەڵم بپۆشە
ئاهی پەشیمانی مەنۆشە
سور بینەخشێنە کەناری دەم
ڕووی شیرینت با سور بێ هەردەم
زەرد هەر ڕەنگی زوڵف و بسکت بێ
دوور لە گەشی روو و هەنسکت بێ
نیگای ئەوینت شین دەنوێنێ
ئەستێرە ئاسمان شین دەنوێنێ

بەس ئەگریجە یان چاوت رەش بکە

دوور لە دیدو بۆچوونت. گەش بکە

چی ڕەنگە جوانە. بیان رەنگێنە

تۆش وەک خۆم. دڵم مەڕەنجێنە

ڕووی جوانت داپۆشیوە ئارایشت

بۆیە شیعرەکانم لای تۆ جێ هێشت

مەستم بە وردە دڵۆپی سەرکوڵمت

لە ڕووتدا دەبینم جوانی سروشت

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٣/١٢

* * *

## [ هاوبەشی ژین بە ڕێکەوت ]

تەماشـــاکەن چ لـــە کـــچ چ لـــە کـــوڕ

لێـــک نزیـــک ببنـــەوە بـــە گـــەرم و گـــوڕ

بـــۆ هاوســـەرگیری کەوتنـــە مـــشت و مـــڕ

ڕێکـــەوتی بـــوو. ڕێکـــەوتن لەســـەری

ئـــەو ویـــستی دوای خـــا نـــسیب و قـــەدەر

کـــچەش ویـــستی کـــات نـــەدا بـــە هـــەدەر

داواکـــــار زۆر وەســـــتاون لەســـــەری

هـــەر کـــێ باشـــتر بـــێ. بـــێ چەرمەســـەری

خـــۆی دەداتـــە دەســـت قـــەزاو قـــەدەری

لـــە یـــەکتری نـــابینن چ. کـــەم و کـــوڕی

گـــرێ دەدەن ژیـــانی هاوبـــەش هـــەر یەکـــسەر

حـــەز بـــە ئـــەوین دەزانـــن بـــۆ یـــەکتر

راســـتی دەركـــەوت نوانـــدن نـــەماڵەمپـــەری

حـــەز نـــەبووە ئـــەوین كرایـــە ركابـــەری

نێوان لێک دوور. نزیـک بـوو دەست بـەرداری

ریش بـوو بـە تـوش. شانە هـەڵگرە بـە ناچـاری

هاوبەشـــی ژیـــن بـــێ ئـــەوین و دڵـــداری

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١/١/٢٤

## [ ئاشقە خاتوون ]

گـــەر دەپرســـی. قـــەت ئاشـــق بـــووی. مەپرســـە
گـــەر دەپرســـی. چـــۆن ئاشـــق بـــووی. بپرســـە
دەڵـــێم ئەشـــقی خـــاتوونێ. جیلـــوەی جـــوانی
دەســت نـــەرم و رەنگـین شـۆخی نەخمـەی خـوانی
ناســـک. ســـینە پـــڕ مەمـــە. نەرمـــە ڕانـــی
کەمـــەر تەســـک. نـــاوک خـــڕ وەک چـــاوانی
کۆڵـــۆن. پـــانتۆڵ. مەکـــسی. تـــەنورەو ســـتیانی
ناشـــــارێتەوە. خـــــڕی ســـــمت و مـــــەمانی
زوڵفـــی بـــە پەرچـــەم. بـــسک کـــورتی کـــاری بـــێ
رەنـــگ مێـــشی. یـــا وەک رەشـــی قـــەترانی بـــێ
بـــسکی تێکئـــاڵاو. رەنگتـــاری بـــێ تابـــان بـــێ
یەوســـای [1] ڕێـــی ئەشـــق. وەک ناوچـــاوانم بـــێ

---

[1]) یەوسایی : وەکو ، وەك .

لــول خـــواردووی دەوری گـــوارەو گـــەردنی بـــیٚ

بـــە چەشـــنی هەســـت و هۆشـــم. بـــۆ خـــاتوونیٚ بـــیٚ

چ. سەرپۆشـــیٚ. رووپۆشـــی گلّـــۆزی پرچـــی بـــیٚ

كـــە دەمـــی ســـوور دەبـــزویٚ بـــۆ دەمەتـــەقیٚ

بـــە پیٚكـــەنینی كـــولّمی ســـوور هەلّـــدەتۆقیٚ

دلّـــــی بەســـــویٚم لەســـــینەدا وا دەتـــــەقیٚ

گـــەر بلّـــیٚ ی: چـــی خاتوونـــە هـــەر وەك منداڵـــە

دەڵـــیٚم كـــە دلّـــم بـــۆ ئەشـــقی ئـــەو عەوداڵـــە

گـــەر بلّـــیٚ ی: چـــی خاتوونـــە چەشـــنی تـــۆ شـــیٚتن

دەڵیٚم: سەیرە! چی پیـاوە دوای شـیٚت بـۆ كـەوتن

گەر لە شیٚت شیٚت تر نـەبن. كـەی: دوای دەكـەوتن

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١/٩

* * *

## [ باخی خەیاڵ و باخی ژوان ]

دوو باخی دڵگیر لە کێڵگەی ژیندا
یەک. باخی خەیاڵ چی بێ بەبیردا
لە لوتکەی تامەزرۆ بە دەنگ و بۆ
بێ گیان و گیاندار چەند بە رەنگ و بۆ
ژین سنوردار. خەیاڵ بە رەنگ و بۆ
پڕ لە نەمانی هیوای نزیک دوور
بەرهەم بێتە دی. نەیەت مەرگی درەختە
مرۆڤ عەوداڵە چی بەخت و نابەختە
باخەکەی تر باخی ژوانە و لەبەرچاوە
ببیستێ. ببینێ هەر ئەوە لەو ناوە
چاک یان خراپ بووەو دەبێ هەر وا باوە
یان ڕەحمانە یان شەیتان داویان داناوە
ئەم ئەفراندی. ئەو سوتاندی خەرمانی رەنج
سێبەریان دیارە رۆژی پیرن رۆژی گەنج

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١/١

* * *

## [ ئەشقی بێ ئەشک ]

دەفتەری یادەوەری بە راستی
لە ئەشقی ئاڵۆشی هەر پڕیەتی
بەڵام خاڵیە لە خۆشەویستی
لە دنیای شەهوەت کە چەند پڕ هەستی
لە دنیای ئەشقیش هێندە بێ هەستی
دەفتەری ئەشق تەواو خاڵیەتی
ئەو تیانوسەی ئەوین خاڵی خاڵی
خۆشەویستی دەکاتە ئۆباڵی
لە بێوشەیی یە سەرتاپا سپی
خەت خەت دەنوێنێ وەک لەپی دەستی
قەدەر چ بکا خۆی نوسی بە قەستی [1]
هەر شێتی دڵۆپێ تەڕی شەهوەتی
ئەشق نیە. نیەت و مەبەستی
بۆ ڕشتنی دەفری حەزو خواستی

---

[1]) قەستی : بە ئەنقەست .

سەتری نێرێتی. پێنوسی دەستی
دەنوسی لەسەر رووی قۆقزاوی
دوو لێوار بۆ کراوی یەک دەرزاوی
ڕوو نەرمی گەرمی تووک زبراوی
دەکاتە لاپەڕە بۆ پێنوسی
لاپەڕەی ژاکاند. بە تەڕی تواندیەوە
لۆمەی عورف هەر بۆ ئەو مایەوە
پێنوس بەدەست هەر وەک خۆی مایەوە
خۆشەویستی راستی نەبوو. بڕایەوە
چەشنی ماری لە خۆڕا ژەهری ڕشت
کلکەخشێی کردو خۆی خزاندە سەر پشت

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١١/٢٣

* * *

## [ پەروەرێنی من ]

پەروەردگارا نزام گیرا بکە
بۆ ڕۆژی مەحشەر دڵ بەرقەرار بکە
تەرازووی شەڕم وەک پوش سوک بکە
وەک خاک قورس بکە تەرازووی چاکە
نوێژت بۆ دەکەم بە شەو بە ڕۆژان
ڕۆژووت بۆ دەگرم مانگێ لە ساڵان
بە فەرمان زەکات دەدەم بە شیاوێ
ماڵ هێندەبێ تا پاک بێ. نەشێوێ
بە قەزاو قەدەر بە گشت پێغەمبەر
بە قا[1] دەکەم کە تۆی تاکە رابەر
حەج بکەم ماڵم بمێنێ لە بژێوی
بۆ دیداری کەعبەت منم سەوداسەر
تۆ پەروەرێنی تۆ خوای تاقانەی
پڕیت لە بەزەیی بێ بەهانەی

---

[1]) بەقا : باوەڕ .

هەموانت ئەفراند (١) هەر دەتپەرستم
دەتپەرستم بۆ رەزات دەربەستم
بەو نەوەدو نۆ ناوی جوانەتە
قورئان پەرتووكی پەیام و وشەتە
موعجیزەیەو بێوێنە. فەرمایشتە
بۆ هەموو گەردوون بۆ مرۆڤ و گشتە
بمبورە. لە سوچ و هەڵەو گوناح
بە بەخشندەیت دڵ دەبێ فەراح
تەنها بە یادت دڵان دەگرن ئارام
لادەر لە فەرمان كەسێكە نەفام
ئەو زەنگی مردن ئەوكم (٢) هەر دەگرێ
دەكەم پەرستش هەر تۆی لە یادم

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١١/٢٨

* * *

(١) ئەفراند : خولقاند : دروست كرد .
(٢) ئەوكم : قوڕگم .

# [ هەنگاوە سەختەكان ]

تەمەنم ساڵی هەشتاو حەوت
شەش ساڵێک بووم نەک هەشت و حەوت
هەر لەو گوندە خنجیلانەم
نەمدی باخچەی ساوایانەم
هەمیشە هەر قادراوایە
شوێنی بوونم هاناو لانەم
ماچ دەکەم دەستی دایەو بابەم
دەستی ئەو مامۆستایانەم
پۆلی دووەم . پۆلی یەکەم
چەند خۆش بوو دەرچووم بەیەکەم
هێشتا نەگەشتمە پۆلی سێ
بەر لەوەی راپەڕین هەڵگیرسێ
هەر بە زۆرە ملێ راگوزراین
بە زۆر دەبراین بە زۆر دەبراین
لە جێگای باب و باپیران

بـــــۆ کێڵگـــــە گـــــەلی کـــــشت و کـــــاڵ
لـــــە مـــــاڵ دەرکـــــراین روت و ڕەجـــــاڵ
بـــــەرەو حاجیـــــاوای بـــــێ حـــــاجی
بـــــە زیـــــل دەبـــــراین نـــــاعیلاجی
حاجیـــــاوا نـــــاودەبرا ئۆردوگـــــا
منـــــی منـــــداڵی بـــــێ ئاگـــــا
هەشـــــت ســـــاڵ شـــــەڕ صـــــەدامی دۆڕاو
قادســـــیەی ئـــــاڵتون و پـــــارە
بـــــە دەرۆزە [1] لـــــە گـــــەل ســـــەنراو
زاڵمـــــی بـــــوغرا. چـــــاو ســـــوور کـــــراو
بـــــە خـــــوێنی رۆڵـــــەی واق ورمـــــاو
رابـــــردووی ئـــــەزمون وەرنـــــەگیراو
دوای خـــــۆی هێنـــــا شـــــەڕی کەنـــــداو
لـــــە ولات ســـــاڵ بـــــوو ســـــاڵی نـــــەوت
ئاســـــمانی رەش کـــــرد بـــــوو نـــــەوت

[1]) دەرۆزە : سواڵ .

بارانیش لە ڕەنگی خۆی کەوت
هەمووی پرسەی زوڵم و زەوت
بۆ کورد ڕاپەڕین هەڵگیرسا
دەرفەتێ بۆ باشور ڕەخسا
دەرچووم لەوێ سێ و چواری مەکتەب
هەر بە هاندانی داک و باب
دەمبینی لە ماڵە جیران
مام حمەدی عولای عەنبەر
سەرقاڵی خەبات و سەنگەر
ماڵی خۆی کردە ئاگردان
لە دەرو بازاڕو دوکان
چۆن پێشمەرگەیەک وەک پیاوان
شان بە شانی پێشمەرگەکان
ماڵی خۆی کردە جبەخان
پێنجی سێ کرایە زەماوەند
نەوت و یەک بوو ڕاپەڕین

کورد لە ڕژێمی کرد نەفەرین
پێش نەورۆز چواردەی ڕەمەزان
سپێدە بوو گزنگی بەیان
خۆم . مامم . بابی ڕەحمەتی
هاتین چوین بە ناڕەحەتی
بۆ ماڵی مامە خالیدی
حاجی حەسەن وتی چ باسە
بێ ئاگا لەم کۆچە کەساسە
شەو ڕۆشنای ڕێگای نەدەدی
ڕێگاکان بوونە چراخان
بە کاروانی کۆچ بۆ سنور
ئاپۆرەیان بەست بێ سنور
وتمان دەی خێرا کە هەڵکە
سەیارەت جێبە سورەکە
نەنکم لە حەوشە بە تیرۆک
پنەو هەویر خۆی کرد خەریک

لە نان کردن نەدەوەستا

وتمان دەی نەنکێ ڕاپەڕە

وڵات وێران. نالەبارە

لە ترسی دوژمن ڕاناکەین

بەرەو سەربەستی ڕادەکەین

ئەوساش وەک ئێستا تاڵانچی

بەناو مرۆڤ. دز. هەرچی و پەرچی

دەیان دزی دەیان بڕی ماڵان

ماڵێ نەما نەیبەن بە تاڵان

دوای کەرکوک و ئەمنەسورەکە

پێمان لێنا جێبە سورەکە

تاکو سنور گوندی سونێ

خەمیان نان بوو دایەو نەنێ

قۆڕەی سک بۆ لەتە نانێ

کۆڕەو بوو دنیا دەزانێ

بۆ پارەو نان پەیدا کردن

بە كەنگر و ڕێواس فرۆتن
لە ژین كوڵ نەدان نەسرەوتن
بە خێر و خێرات بە كرێ بار
هەڵمان كرد ژینی نالەبار
خوابوو ڕەحمی خستە دڵی
وڵاتە زلهێزەكان
بۆ گەلی باشووری كوردستان
ناوچەی دژە فڕین سەپێنرا
سنورێك بۆ ڕژێم دانرا
لە سونێ وە گەڕاینەوە
هەواری پێشوو قادراوا
دەمانزانی هیچ شتێ وەك خۆی
نەماوە كاول لە شوێنی خۆی
دێمان ئاوەدان كردەوە
دەستی نزامان بۆ خودا
لە مزگەوت بەرز كردەوە

لە کوردستان دوو گەمارۆ

میللەتی دەکرد ڕەنجەڕۆ

گەمارۆی عێراق و دونیا

لەناو نەچوو کورد لەبەریا

لە نەوەت و دوو بووینە خاوەن

پەرلەمان حکومەتی خۆمان

مەخابن ئەمانە نەمان

سەوزو زەرد لەناو یەکتردا

گڕیان لە خەرمان بەردەدا

تالآنچی کەوتنەوە گیرفان

ماڵ و سامان بەهەدەردان

براو برا لە دژی یەکتردان

کەوتنە شەڕو سەنگەر لێدان

ناکۆکی میللەتی خۆ خۆر

بۆ مێژوو بۆتە تەبع و مۆر

وەک چۆن لە ئاسمان نابڕێ خۆر

بۆ پارە بوونە دووبەرە

هەر كەس بۆ خۆی بێ سەرەو بەرە

مێژووی ڕەش بۆوە دووبارە

لەنێو كورد خیانەت و پارە

نیەتی چارە. بێ چارە

دنیا لەم ئەتوارە بێزارە

بۆیە مێژووش نالەبارە

ئەو كەسەی لە وڵات قەشمەرە

بزانە نیشتمان پەروەرە

بۆتان باس بكەم چ دەگوزەرێ

خوێندن و ژیانی هەژارێ

كاژێرێ دەڕۆیم بە پێ

بۆ مەكتەب لە سەنگەسەرێ

بێمەوە دێ بە كاژێرێ

هەموو رۆژێ بە پێ و بە پێ

دوو كاژێر بگرە ملی رێ

ساو [١] بێ یان بەفرو باران بێ
حاڵم حاڵی باران پێو بێ
دەی پێنجی ئامادەیی بێ
دەستی بۆ داری مامۆستا
پان و کراوە ئامادەبێ
چاخیش سەردەمی بەردنەبێ
بە شەشی ئامادەیی گەشتم
بێ سێ و دوو بۆ هەولێر ڕۆشتم
مەکتەبی رزگاری پایتەختم
لە سایەی خواو ئەبوبەکر
مام عزیز مولودی شەکر
یەک ساڵ کوڕی ماڵەکە بووم
لای ئەم هاوڕێ بەئەمەکە بووم
مەکتەبی هەر کوردستان بوو
کەس و کار باڵا دەستان بوو

---

(١) ساو : ئاسمانی ساماڵ و بێ هەور .

لەگەڵ حسێنی مام عزیز
باو باوی شەڕە شیعران بوو
دیسان هاتمەوە سەنگەسەر
بۆ خوێندن هاتمەوە سەنگەر
دەرچووم بە نمرەی هەشتاو چوار
نیوەشی دەڵێم بۆ تۆ برا
ئامادەییم بۆ تەواو کرا
بێ کارەبا بە چراو فانۆس
لە مەملەکەتی فەنتەڵۆس
چووم بۆ خوێندنی بە کالۆریۆس
لە سلێمانی کۆلێژی زانست
یەک ساڵ لە کیمیا چەقم بەست
دەمویست بخوێنم لە یاسا
خەرجیم زۆر نەک کیمیا ئاسا
ساڵ دوو هەزار و پێنج بۆ شەش
تەواوم کرد بە دڵێکی گەش

لـــــە ســـــاڵی دوو هـــــەزارو پێـــــنج دا
لەگـــــەڵ کـــــچێکی زۆر گـــــەنج دا
مـــــن و هێـــــشووی فـــــائق ڕســـــوڵ
ژیـــــانی نوێمـــــان وێکـــــڕا [1] گـــــرێ دا
هـــــەر لـــــەم ژینـــــە کولەمەرگـــــە
لـــــە وەزارەتـــــی پێـــــشمەرگە
بەشـــــی یاســـــا خـــــاوەن جێگـــــا
دامـــــەزرام خـــــاوەن پەناگـــــە
ســـــاڵوەگەڕ کوڕمـــــان بـــــوو بـــــاڵا
خۆشەویـــــست تاقانـــــەی ماڵـــــە
ســـــاڵ ســـــاڵی دوو هـــــەزار و حـــــەوت
جێگـــــر ئەفـــــسەر بـــــووم نمـــــرە حـــــەوت
بوومـــــە خوێنـــــدکار بـــــێ دوو ســـــێ
لـــــە کۆلێـــــژی ســـــەربازی ســـــێ
هـــــەروەک کـــــوردێکی خـــــاک پـــــەروەر

---

[1]) وێکڕا : بەیەکەوە .

کـــــرام بـــــە ملازمــــــی مـــــاف پـــــەروەر

فـــــەوجی دووی نـــــەوت فرقـــــەی دوازدە

گەڕامـــــــــــــەوە هـــــــــــــەرێم وازم دا

بەشـــــی بـــــزاوتن هێـــــزی حـــــەفتا

ســـــاڵ ســـــاڵی دوو هـــــەزارو دە

مـــــن و چـــــوارتای ســـــەوزی بـــــادە

لەگـــــەڵ ســـــەری رەشـــــی زەردا

کـــــاری حکـــــومی هاوبەشـــــمان گـــــری دا

ســـــــــــاڵی دوو هـــــــــــەزارو دوازدە

خـــــودا بـــــە یـــــسای بـــــە کـــــچ پـــــێم دا

زوو بـــــۆ ئـــــەرکان خـــــۆم مـــــەڵازدا

ماســـــــــتەرم لـــــــــە ســـــــــەربازی دا

وەرگـــــرت لـــــە دوو هـــــەزار و حەڤـــــدە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

١٤/٢/٢٠١٨

* * *

# [ گرانی و هەرزانی ]

سـالانێ نیـشتبوو ڕەزای گرانـی
لـە ملـی میللـەت بـوو بـاڵی گرانـی
زۆر كـەس دادەمـا لـە ئاسـت كابـانی
هـەژار زۆر كـەمی بـێ خـەم و خـەنی
سـك بـەردە زمـان لاڵـە لـە بـێ نـانی
ئـەوین و تـەبایی زۆر بـوو نـەك كـەم
ویـژدان زۆر بـوو وەلـێ كـالا زۆر كـەم
زۆر سـكی برسـی چـۆڕی دەبـڕا
لـە خـەم دڵ پـڕ لەسـۆی [1] دەبـرژا
وەلـێ وەك ئێـستا خـوان نـەدەڕژا
بـە ئیقنـاع لـە ژینـی كـەم و كـورتی
پێكـەوە ژیـانی بـێ نـان و قـووتی
بـە حەسـرەت بـوو ژینـی پاشـا و گـەدە

[1] سوێ : سیل و دیق ، ئازارو ناڕەحەتی.

زەواد [1] میـــوان بـــوو لـــە ســـك و گـــەدە
كـــە نـــەما گرانـــی بـــۆ شـــت بـــۆ كـــالآ
هـــەر نـــەما ســـەنگی ویـــژدانی بـــالآ
چ هـــەبوو لـــە گـــەدەی زۆری لـــەمڕۆ
ئـــەو نانـــە لـــە ســـەلەی خۆڵـــە ئـــەمڕۆ
گرانـــی تونـــد ســـك و دەســـتی گـــرتین
هـــەرزانی دڵ و جەســـتەی ســـوتانین
بـــە چەشـــنی ئـــاگرو بڵێـــسەی بـــەتین
یـــەزدان میهرەبانـــە لـــێ ی نـــەگرتین
بـــێ ئیقنـــاعی ناشـــكوری زۆر و زەبەنـــد
بـــە تۆبـــە دەمـــان بـــوری بـــێ كـــۆت و بەنـــد

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

١٨/١١/٢٠١٤

* * *

[1]) زەواد : نان و خۆراك ، ئازوقە .

## [ نسیب و یانسیب ]

ڕووی ئەسمەرت بە دەرمـان سـپی نیـشان مـەدە
ویــستی ناخــت بــەرووی منــدا حەشــار مــەدە
هێــشتا ســەرەتا بەرواڵــەت یــەک دەناســین
سروشــتی مرۆڤــە پێــوداندی چــاکەو کیماســین
بــا بــڕوانین لــە یەکــدی ســیفەت بــە ســیفەت
لــە نەخــشی روخــسارت نــاگۆڕێ تــە بیعــەت (١)
گــەر ورد نــەبین لەیــەک بــاش نابینــە هاوســەر
شادمان نــابین هــەردوو کمان دەبــین سەوداســەر
لەیەک دەڕەنجێین هەردەم نــاگونجێین تــا ســەر
تاکــەی کــچ و کــوڕ بــە دەســتی نــەنک و دایــک
پــورو پــورزا یــان بــە خــاڵۆزا بگــەن بەیــەک

---

(١) کیماسین : کەم کوڕی .

بۆچی لە خو و ئەتواری یەک نەگەن لەیەک

وانەکەی گەر خۆت بدەیتە دەست ڕێی ڕێکەوت

هەردەم جەنگی نەگونجان پیشە بێ بۆ خۆت

لێشت بپرسن چییە دەڵێی نیمە شانس

گلەیت لە بەختت دەکەیە قسەو باس

ئەو گرێ بەندەی بەندت دەکا بۆتە یانسیب

بە دوایدا مەڵێ نیمە قسمەت و نسیب

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٦/١/٧

## [ گوفتار و كردار ]

كــــە زانـــيم چـــەندە خـــۆی خــۆش دەوێ
خـــــۆم نزيــــك كـــــردەوە لـــــێ ی تــــاوێ
وەك خـــۆی ســـەيرم بكـــا تـــاوای لـــێ دێ
چــەندە خــۆی هێنــدەش منــی خــۆش بــوێ
هــەر كــە زانــيم هــيچ خــۆی خــۆش نــاوێ
زوو خــۆم دوور خــستەوە وە لــێ ی لــە تـاوێ
نـە ك وەك خـۆی سـەيرم بكـا بـۆ وای لـێ بـێ
هێنـــدەی خـــۆی منـــی بـــێ هێنـــد دانــا بـــێ
ســـــەنگی منـــــی وەك خـــــۆی لا نـــــابێ
بـــڕوا مەكـــە پێـــت دەڵـــێ خۆشـــم دەوێ ی
بــەهای خــۆی نــەزانێ. خــۆی لــێ زيــاد بــێ
نـــــوژدار دڵـــــی دەســـــوتا بـــــۆ ســـــيگار
ئـــــەويش دەيـــــسوتاند نـــــاخی تيمار كـــــار
تــــوێكڵی بـــێ كاكـــڵ پيـــشەی نابــــەهادار
چـــەند بـــێ ســـودە گوفتـــاری بـــێ كـــردار

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/١/١٦

# [ مانگی خاک ]

ئاشق وەک خاک رووی تەخت راخستووە

لەگەڵ مانگ پەیمانی تابانی بەستووە

تاکو ڕووی تاری گەش بکاتەوە

دەریای شین ئاوێنەی ئاوێزانە

هەڵاتن بەر لە هاتن ئاوابوونە

ئیشقی راست یاوەری ئاشتی و ژینە

پڕ خۆشی لێوان لێوی پێکەنینە

بێ وچانی. نە لەرزینە. نە بەزینە

بێ خۆشەویستی دنیا بێ جەفایە

سەمای ژینە پڕ کەیف و سەفایە

ژین و مرۆڤ دۆستی یە. پڕ هەستی یە

دوور لە نادیدەی خۆپەرستی یە

گەر وانەبێ دەروونی خۆ پەرست

هەر بە ماڵی خۆی دەبێ دەربەست

دڵ پڕ دەكا لە ژان و ئازار

لە ناڵە ناڵ بە گریەو هاوار

گەر وتیان: ئیشق ژانە. سەمای چی

بڵێ: یاوەری ژین نی بە تەمای چی

ئاشق چەندە خۆشەویست بێ

هێندە ئارام بە هەست دەبێ

گەر مانگ نەبێ خۆی و رەونەقی

نەك خاك تاریك دەریاش وشك دەبێ

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٤/٢١

* * *

## [ هەشتی مارس ٨/٣ ]

ڕۆژێ لە ڕۆژانی ساڵێ هەشتی مارسە
بۆ مێینە یە جیهانی یە ئەم پرسە
قوربان گوێ بگرە . بۆ مێ ماف برەخسە
خانم لە زەوت و چەوتی پیاو وەرەسە
نێرو مێ دێنە بوون لە سکی دایکە
نیوەی کۆمەڵە . بۆ نیوەکەی تر هەر دایکە
ئەی پیاو هەڵبگرە ئەم دەستی ستەمە
بەبێ مێ ئەم ژینە کە ئەستەمە
دەستی پیاو . ستەمە لە بینی [1] ئافرەت بێ
ئەم دەستەت هەڵبگرە با بە نەفرەت بێ
نەک قسە کردار شەرتە . نەبا کەس سەخڵەت بێ

---

[1] بین : قورگ ، ئەوك .

خێزان، خوشک و دایکم با بە شایەت بێ

گەر شەرەفی نێر، مێ بێ، بیپارێزە

دانی پێ دانێ مەیکە دانەرێزە[1]

خانمیش وەک پیاو لە چێژ لە ئازار لە ژین

یەکسان بێ لە مرۆڤ بوون لە ماف و لە دین

گەر ژیان مەلێ بێ، مێ پەڕو باڵیەتی

دەنگ و نەغمەی خوانی، جوان ئاوازیەتی

نابێ لە ساڵ هەر رۆژێ بۆ مێ بێ

باگشت رۆژێ بۆ مێ لەگەڵ مێ بێ

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٢/٢١

* * *

---

[1] دانەرێزە : چەلەحانێ : بەرێکە بەرێکە.

# [ سیلەی رەحم ]

یەكێ كە كاری بەكارو پیشەی تۆ هەبێ

لەبەر چاوی كاڵ نیە. بە زار قوربانت دەبێ

ئەو كە مەیلی زۆر بە مەیلی تۆ دەكا

خۆت نا هەستت نا. كاری تۆی گەرەكە

سەیرە! كە ئەم زەمانە چ. دەورێكە !!

زۆری خەڵكی ئێستا. كە پیادە دەكا

سیلەی كار. سیلەی باخەڵ و گیرفانی

بێ ئامان دێ و دەڕوا وەك دنیای فانی

یەكێ بەم چەشنە هێندە خۆپەرستە

دابڕاو لە كەس و كار لەبێ هەستی مەستە

چاكە كەمەو سیلەی رەحم لە كوێ ماوە؟

ڕاوی درهەم و دراوە. لالوتی باوە

گلـــەیی لـــە تـــۆ ناكـــەم هەڵدەســـكێیتەوە

لـــە ڕێبـــواری كـــار. كینـــی لێـــت دەبێتـــەوە

كـــاری بەهەســـتت نیـــە. كـــاری بەزار تـــە

مـــرودەی مەبـــە ئـــەو هـــەر كـــاری بـــە كارتـــە

بـــە نوانـــدن خـــۆی دەكـــا بـــە نزیكـــە هاوڕێـــت

بڵـــێ هـــەورە خەریكـــە بـــاران دەبارێـــت

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١/٣

* * *

# [ شەڕ و ئاشتی ]

ئاشتی هەوێنە بۆ ئارامی. ئاوەدانی
ڕەوگەی پێشکەوتن. ساباتی خۆشگوزەرانی
دەئەفرێنی[1] نەسیمی ژینگەی شارستانیەت
بێ وچان هەتاکو دنیای سەرو مۆدێرنیەت
شەڕ لەلای ئەوان دوا بڕیار. دەگمەن بڕیار بێ
شەڕو هێرش. بۆ بەرگری لە مافی خۆ بێ
زۆرن بەزار پاسەوانی ڕێگای ئاشتی
بەلام بە دڵ وەک دڵی ڕەشیان ناشتی
ئاشتیان هەر قسەی سەرمێزن
کەمیان بە ڕاستی ئاشتی پارێزن
تاکرەو. تالان چی. خوێن مژی تنۆک
شێتی کورسی. لە خۆڕا دەگرن بەرۆک
بێ بەزەیی خۆپەرست لە ئاست

[1] دەئەفرێنی : دەخولقێنێ.

قـــورِ بەســـەر هـــەژاری بـــێ دەرەتـــان
گـــەلێ رِق لـــە ژیـــانن. خـــەوتوویی ویـــژدان
پـــاوان چـــین هـــەر وەك پاشـــای دارســـتان
رِیـــشەی ئاشـــتی لـــەبن هەڵدەكێـــشن
دزو جـــــەردە. عـــــەوداڵی كێشمەكێـــــشن
ئاشـــتی وەك بـــەرگێ بـــۆ نمایـــشیانە
كـــە رووپۆشـــی هـــەناوی رِەشـــیانە
گـــەر مرۆڤدۆســـتی پـــرِ ســـۆزی دڵان
قـــەدەر هـــەر نـــەهێڵێ دەســـتەڵاتیان
ئیـــدی دنیـــا بـــۆ خۆپەرســـتانە
ئاشـــتی چـــرای ژیـــن. خامۆشـــی دەكـــا
كـــە شـــەرِ هەســـتەكان فـــەرامۆش دەكـــا

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢١ / ١٢/ ٢٠١٤

***

# [ جگەر گۆشە ]

ئەی منداڵ پەپوولەی تازە باڵ گرتوو
نەوبەهاری گوڵی تازە پشکووتوو
وەرزی تەمەنت کە تازە هاتوو
چەند باوان چاو لە ڕێگای هاتنی تۆن
لە دڵۆپێ ئاوی پەیت هاتیە کایە
بە هاتنی تۆ چەند دڵۆپ ئەسرین و خوێن
بە بۆنەی کایەی تۆوە هاتنە کایە
هەست و بیر و هۆشت چەند پاک و شیرین
بە چەشنی شانەی تازەی جوانی هەنگوین
شەو و ڕۆژ کە هەر شەقەی باڵتە لە فڕین
بۆ شیلەی گوڵی باخ و کانیاوی ژین
دە تۆش دایەو بابە ئەی کۆنە بەهار

جگەر گۆشـــە دەفـــریٚ نـــە ســـەیرەو نـــەهار
بـــە هەســـت بەرامـــەی ســـۆزت بـــەرپاکا
بـــارانیٚ. منـــداڵی گـــولٚ شـــەونم بکـــا
تـــا دەمـــی پـــشکوتوو ماچـــی گـــولٚ بکـــا
مەیخـــە قەفـــەس لـــە عـــوین (١) بولبـــول. کـــەناری
ئەســـرینی منـــدالٚ جوانـــە وەک مـــرواری
مـــەگرە پـــەڕوباڵی بـــە بیـــانووی لاســـاری
ئـــەو بـــەهارە مەیخـــە کۆنـــە بـــەهاری
چـــی جـــەور (٢) لـــە خـــۆت کـــراوە بـــەوی مەکـــە
لـــە پـــاک پـــڕی بکـــە. لـــە پـــیس پـــاکی بکـــە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٩ / ١٢/ ٢٠١٤

* * *

---

(١) لەعوین : وەك : بەچەشنی .

(٢) جەور : ستەم : زوڵم : زەوت کردن.

# [ خۆویستی و خۆپەرستی ]

زۆرێ لە مرۆڤ پڕ لە خۆپەرستی
لێیان دەچۆڕێ ستەمی خۆویستی
لە سکی دایکی وەک زەروو [١] خۆی هەڵواسی
زۆر بێ دەربەستی زۆر بێ دەربەستی
بۆ هاتنی بۆ سەر ئەم دنیا
وا دایکی دەخاتە گیانەلا
کە هات دایکی بە گریەو کەسەر
چۆن دەیخاتە بەر نووکی نەشتەر
لە بەر بچوکی بۆی دەچێتەسەر
گەورە بوو بۆ ماڵی جیا دەکا داوا
هاوسەری هێنا. هاوسەر ئەوی برد
لە ماڵە باوان هەر زوو خۆی جیا کرد

[١] زەروو : جۆرە کرمێکی زۆر بچوکە .

بــووە فرۆشــیار وەریگــرت ســودی زیــاد
وەک پیــشەکار بــاری خــەڵکی گــران کــرد
بــووە فێرکــار هــەر بــە ســودی زیــاد
فێرخــوازی هــەر لەبــەر خــۆی فێــر کــرد
بــووە پـــارێزەر لـــە تـــەرازووی داد
بــەلای یەکێــدا لەبــەر خــۆی خــوار کــرد
بــووە ئەنـــدازیار لـــە زەوی تـــەخت
تـــەلاری لەبـــەر خـــۆ بـــەلادا بـــرد
بــووە پزیـــشک کەســـی نـــەدیت
لەبـــەر خـــودا بـــێ درهـــەم و دراو
بەرگــدروێ بــوو نەیــدا لــە یەخــەی دڕاو
بـــۆ هـــەژار. قردێلـــەیێ بـــەبێ دراو
فــەرمان کــە بــا چــۆن لــە ئۆفیــسێ
بێگـــار چـــیە لـــە دنیـــای نەگریـــسێ

داوای سـوز دەکـا. ئـای کـە نایبەخـشێ

منـــەتی وەفـــای بەســـەردا دەبەخـــشێ

ئەفرێنـــەر[1] خوایـــە ژیـــانی پـــێ بەخـــشی

بـــە ئەنـــدازە. بـــێ کـــەم و کـــورِ. نەخـــشی

مـــرۆڤ لادەرە. خـــوا بـــە تۆبـــە دەیبەخـــشی

پـــێ ی بـــسپێرێ یاســـا. دەیکاتـــە شـــانی

وەک چـــەکێ لـــە ئاســـت رکابـــەرانی

پـــێ ی بـــسپێرێ دەوڵـــەت بێتـــە رابـــەری

هێـــــزی زل کەڵبـــــەی داگیـــــری

تونـــــد لـــــە ولاتـــــی تـــــر دەگـــــری

ئاکۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٣/١٢/٢٠١٤

[1] ئەفرێنەر : دروست کەرو خولقێنەر کە خوایە .

## [ ماسی یە بچکۆلە ]

ماســـی یـــە بـــچکۆلەکەی قـــەد ڕەنگاڵـــە

لـــەش بـــە بریـــسکە. دەم دەنکـــە هەڵاڵـــە

بـــەژن و باڵاکـــەی پـــڕ پۆشـــاکیەتی

وەک دەریـــا لـــە باوەشـــی خاکیـــەتی

دەروون ئـــارام ئیـــرادەی بـــەهێزە

قـــسە نەســـتەق. گوفتـــاری بـــەپێزە

ئەگریجـــە خـــاوی خـــوری کاریلـــە

لـــە ڕوودا چـــاوی ئاســـک وردیلـــە

لـــە پانتـــای ڕێـــک ناوچـــاوانی جـــوان

وەکـو فریـشتەی جـوانی. نەخـشی خـوان

تێدەگـــەم. کـــە ئـــەو خێـــرا تێـــدەگا

بـە کـۆڵ نـەدان. چـی بـوێ پـێ ی دەگـا

بــــزەو خەنـــدەی کـــراوەی گـــەورەیی یـــە

ڕێـــزو گرنگـــی پـــێ نـــەدانی شـــورەیی یـــە

بـــــەرگی کـــــوردی لەبەریـــــدا نەخــــشاوە

بـــەرگی مـــۆدە چـــەند گـــردی مـــەلازداوە

دوو هــــــەنار دوو شــــــوتی هــــــەڵتۆقیون

هـــــەموو لـــــە ســـــەیری خـــــەیاڵ چـــــەقیون

وەک باڵنـــــدەی کۆچـــــەر لەســــــەر ســــــەفەر

سیس دەبێ هەر وەک گـوڵ لـە ژووری تـار

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٩/٢٩

* * *

## [ تابلۆی جوانی ..جوانی تابلۆ ]

تــابلۆی گوڵــە بــاخ. تــابلۆی هونـــەرە
شــاعیر بــەهرەدار هــەمیش نوســەرە
ماســـتەرنامەکەی دەروون پـــەروەرە
خــاتونێ چــابوک[1] کــە چــاک ڕێبــەرە
لـــە کوردســـتانەوە تـــا ئـــەڵمانیا
قــەتیس نــابێ لــە سوچــێکی دنیــا
هــەر ســەفەر دەکــا. هــەر ســەفەر دەکــا
تــابلۆ جــوانی گوڵێکــە زگ مانگــە[2]
ســەفەری شــەوی هــەر لەگــەڵ مانگــە
ســـەفەری ڕۆژی بـــێ ماڵئـــاوا
لەگــەڵ خــۆر هەڵــدێ تــا خۆرئــاوا
ســەفەر دەکــا. گــوڵ لــە خــاکی خــۆی
وانــە کاوشــک دەبــێ حــاڵی خــۆی

---

[1]) چابوك : چوست و چالاك .

[2]) زگ مانگە : سك ماك .

بیـــری رونـــاكی هـــەر زوو پـــێش كـــەوت
دەســـت بـــەردار نیـــە بـــۆ پاشـــەكەوت
لـــە خـــۆی رادەبینـــێ ئـــاواش لـــە خـــەڵكی
پـــڕ ســـۆز. وەفـــاداری و بەئەمـــەكی
ئـــەڵماس دەركـــەوت لـــە خـــاكی نـــاكۆكی
تـــابلۆی گـــوڵی باخـــە یـــا نێرگـــزە
بەڕێوەبـــەر ئاســـا دوورە پـــەرێزە
قـــسە نەســـتەق. چـــاونەترس و بـــەرێزە
بـــۆ خۆشـــی ژینـــی دڵ پـــڕ لـــە كڵپـــە
ململانـــێ مـــل نـــاداو بـــە هەڵپـــە
تـــا لـــە ئـــەزموونی گرانـــی دەرنەچـــێ
كـــاتی بـــێ هـــودە بـــە فیـــڕۆ نەچـــێ
دەرگـــا بـــۆ هـــاوڕێ یـــەتی ناكاتـــەوە
بـــە دەنگـــی دلێـــر حیـــوار دەباتـــەوە
كـــەس نـــەبێ روو بـــۆ ناكـــەس ناكاتـــەوە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٤/٧

## [ گوڵە سۆنیا ٤ ]

لـــە بـــاخی ژیـــن گـــوڵێکم ناســـی
ســـۆنیای نـــاو بـــوو گـــوڵم جـــوان ناســـی
ئـــەو گوڵـــە. هێنـــدە بیگـــەردە ســـۆنیا
نەمـــدیوە وا بەخـــشندە لـــە دنیـــا
ئـــارامیم بینـــی. لـــە لێـــو لەســـەر دەم
زوو تـــێ دەگـــا رۆشـــنبیری ســـەردەم
چـــاوی بـــە بریـــسکە وەک ئەســـتێرە
دەنگـــی دڵگیـــر ســـەدای دلێـــرە
دڵـــی هێنـــدەی هەســـتی ناســـکە
ئەندێـــشەی میهرەبـــان وەک دایکـــە
کەمـــەر باریـــک ناوقـــەد وەک کـــەمان
ئـــاوازی خۆشـــی دێنـــێ لـــە ژیـــان
زوڵفـــی ئـــاڵتونی خـــاوی خـــەوتووە
لەســـەر گـــەردنی خـــۆی راخـــستووە

گازنـــدەی ئـــەو وەک ڕێژنـــەی بـــاران
دەدالــــەرووی کــــەس و ناکەســـــان
هەڵناچـــێ کـــە هەڵـــچوو وەک دەریایـــە
شـــەپۆل هەناســـە تونـــدی لـــە دوایـــە
کـــێ لـــە ســـەرنجەکانی ئـــەو دەربـــچێ[1]
هـــاوڕێی گیـــانی بـــە گیـــانی دەردەچـــێ

**ئاكۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١٠/٢٣

* * *

[1] دەربچێ : سەرکەوێ .

## [ دڵی ڕۆژهەڵات ]

ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ووڵات

دڵێک بوو هەر لە ڕۆژهەڵات هەڵات

مانگی داس بانگی هەور دەکا

تا لە شەرمان خۆی حەشار بدا

نەبینێ ئەستێرە لە پاڵیدا

لەخۆی جوانتر وا پرشنگ دەدا

پاک و بێگەرد وەکو پەپولە

پەڕوباڵ تەڕبوو بە شیلەی گوڵ

لە باخی گوڵ جوان نمایش دەکا

بە جووتێ باڵ لەم چڵ بۆ ئەو چڵ

وتەی دەمی لەگەڵ نیازی دڵ

هەر یەکێکن شیرین وەک نوقڵ

دەمی سور بوو لەناو پەڕەی گوڵ

بۆی دەبێژی، هەرچی مرازی دڵ

بە گوڵی دڵ سۆزی ئەندێشەی

کۆڵی لێ نادا لە ئاست ئاریشەی

گوڵی جوان بەدەم و پڵ پاراوە

مۆمی تەمەنی هەرەتی لاوە

دڵی ڕۆژهەڵات پڕ لە هۆنراوە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١٠/١٧

* * *

# [ گوڵە شنۆ ]

هـــاوڕێی گـــوڵێكم گوڵـــە شـــنۆیە
دڵـــی چـــەند پاكـــە. بـــە رەنـــگ و بۆیـــە
بـــووكی رۆمانـــسیە هاتۆتـــە كایـــە
هـــاوڕێی ئـــەو بـــم. ژیـــانم ناچـــێ بەزایـــە
نامـــەی دنیـــام نـــارد. وەڵامـــی نـــەیا
داوای هاوڕێیـــەتیم كـــرد دڵـــی نـــەیا
گفـــت و گـــۆی نـــاوازەو هۆنراوەیـــە
دڵـــی شوشـــەی ڕوونـــە نەشـــاراوەیە
راســـــتگۆ. دەم پـــــاراو ڕاشـــــكاوانەیە
هۆنراوەكـــانی لانكـــەی رۆمانـــسیە
جـوان جحێڵێكـە[1] تەمـەن سـەرو سـی یـە

---

[1] جحێڵ : گەنج : لاو .

زوڵفی خاوە. وەک مار لێک ئاڵاوە
قژ ئاوریشمی بە گەردنیدا خزاوە
سەیرە جەستەی بەفرینی ناتوێتەوە
دڵی گەرمی لەنێودا شاردۆتەوە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١/١٧

* * *

## [ گوڵە گەشاو ]

سالانێ پێش ئێستا. بۆ ئەم دنیا هاتم
نەبوو. بڵێ پیرۆزە بوونت وا هاتم
تەنها ئەمسال نەبێ. خانمی گەشاو
بە چاوی گەش و سیماو رووی درەخشاو
دەمی گوڵ جوان هاتە گۆ دەم پاراو
کردی نزای خێرو پیرۆزانی
وەک پەری جوان بوو ڕەزای هەرزانی
هاوڕێ ناس بوو زوو بە یادمی زانی
ئەستانی کرد بە بەهارو کانی
کێڵگەی دڵمی کردە سەوزو بەراو
وەک چۆن بەهار هۆی جوانی یە بۆ کانیاو
لەمنەوە ئاراستەی بێ سەدان سڵاو
خوا دوری بخا لە خراپ. لە بەڵای ناکاو

ئەو مـەیلی بـێ كـەیل بـوو. وەفـای زانـی

نـــزام ســـەرفرازی بـــێ لـــە یـــەزدانی

وەك نـاوی خـۆی ژیـانی گەشـاوە بـێ

شـــەو و ڕۆژی تابـــان و درەوشـــاوە بـــێ

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١/٩

* * *

# [ خوشك و برا ]

بیرمـــە رۆژانـــێ پێـــت دەوتـــم خوشـــکێ[1]
ئـــەو پەنجانـــەی تـــەبابن ئاســـان ناشـــکێ
هـــاورێ یـــەتیت دیمەنێکـــە بـــێ وێنـــە
نـــەریتت جوانـــە نـــەک نـــەریتی خـــەڵکی
دەشکێنن خوشـکیان تـا ناموسـیان نەشـکێ
نامەوێ کەس لە خـۆم چـاکتر بـێ بـرام نـەبێ
نزام بێ هـەر مـەرگێ بـێ مـەرگی بـرام نـەبێ
لـە خـەم رەخـسابێ لـە هیـچی کـەم نـەبێ
بـە بـەیانی باشـت سـپێدەم دەکـردەوە
جار جـارە بـە هێمنـی دەتـوت : هەسـتە کـچێ
هەســتە بــا بخــۆین تیکــە نــانێ پێکــەوە
زوو شــەرماندە بــوو لەبــەر ســەیری ئاوێنــە
بـۆ ڕیـشی قەڵـەمت مـن بـۆ قەڵـەمی چـاوێنە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/١١/١٣

---

[1] خوشكێ : خوشكی من : ئەی خوشكی من : ئەم شیعرەم لەسەر زاری خوشكێ وتراوە كە چۆن وەسفی براكەی دەكات وەك هاوڕێ بووە لەگەڵیدا.

## [ هەڵەبجە ]

لە باشووری كوردستان. هەڵەبجەی شەهیدە

هێمای قوربانی. ئەفرێندراوی جینۆسایدە

مۆنۆمێنتی شەهیدو گۆڕستانت شاهیدە

سەرتاپای شارت پڕ مۆزەخانەی شەهیدە

هەرپێنج هەزار شەهیدت كۆچیان كرد بۆ بەهەشت

لە حەسرەتی ڕژێمی تاكرەو لە هەشتاو هەشت

دەستە خوشكی گەرمیان و شارەزووری لە پێ دەشت

چۆن بە بۆنی سێو و غەردەل ڕژێمی فاشل

گشت گەنج و پیرو منداڵی كرد كیمیایی و ئەنفال

شارە خنجیلانەی كوردانی. ئەی هەڵەبجە

شاری خانم و پیر و منداڵ و چی گەنجە

ڕەنگی سووری خوێنینت كردە نێو ئاڵای كورد

تا دنیا دنیا بێ. مێژووی بۆ خۆی تۆمار كرد

خوشكی هێرۆشیماو ناكازاكی تا هەتایە

بەرگی سووری خوێنیان پۆشی تا دنیا دنیایە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

١/١١/٢٠١٤

## [ یاسا بە بەرپرس. بەرپرس بە یاسا ]

یاسـای بـەرپرس. بـەرپرس بـە یاسـا
یاسـای سروشـتی. سروشـتی یـە یاسـا
جێـی دانـەڕێزە. پـڕ لـە قـسەو باسـە
بەرپرسـی سروشـتی پاسـەوانی مافـە
ژیـان. سـەروەری یاسـا. پیـادەی ڕێـسا
خـودان[1] ویژدانـە. بـەرپرس بـە یاسـا
بـۆ هـەموو وەک یـەک بـەبێ جـودایی
قـەت پیـادەی ناکـا سـۆزو میزاجـی
لادەر لـە یاسـا. خـواری میزاجـی
دێنێتـە خـواری تـەخت و تـاراجی
هـیچ کـەس نابەخـشێ ناکـا هـەلاوێرد[2]
تێڕامێنـە لـە یاسـا بـە بـەرپرس
مەبەسـتمە کـاری بەرپرسـی دەسـتکرد

---

[1]) خودان : خاوەن .
[2]) هەڵاوێرد : لێك جیاكردنەوە .

ویڵـــی دەســـــتەڵات و مـــاڵی نـــارەوا
هــــەر خــــاترو خـــۆترە کـــارو میزاجـــی
دامـــاوی بــــێ پـــشت ئیـــشی لای نـــاڕوا
یاســـا وەک چــــەکێ دەکاتــــە شــــانی
دەچـــێتە ســـــەنگەر لـــــە رکابـــــەرانی
میللـــەت هۆشـــیار بێـــت ســـتەمی نـــاهێڵێ
لەبکــــەری تـــاوان. نابـــەجێ. هەڵـــــە
ســــەر تاپای وڵات دەیکــــات بــــە هــــەڵا

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٤/٩/١٠

* * *

## [ ئاڵای کوردستان ]

**ئـاڵای کوردسـتان. بـوونی سـیمبوولی وڵاتێکـە**
**ئاکـــامی خـــەبات. بـــەرخودانی میللەتێکـــە**
**چـــوار رەنگەکـــەی. پەلکەزێڕینـــەی نیـــشتمانێکە**
**نەخـــشەی هـــەر چـــوار پارچـــەی کوردســـتانێکە**
**لەهـــەر کـــوێ یـــەک ئاڵاکـــەمان دەشـــەکێتەوە**
**چـــقڵێکە چـــاوی نـــاحـــەزمان دەشـــکێنێتەوە**
**رەنگـــی ســـوری. قوربـــانی خـــوێنی شـــەهیدانە**
**رۆڵـــەی نەبـــەردی. جـــەرگ ســـوتاوی دایکانـــە**
**رەنگی سپی. ئاشـتی ئـازادی بـە خـوێن ئـاودراوە**
**رەنگـــی ســـەوز. ســـەوزی خاکـــە پـــەرەی پیـــدراوە**
**خۆرەکـــەی. خـــۆری زانـــستە. پرشـــنگی داوە**
**هەر وەک هیچ مرۆڤێ بەبێ نـاو. بـێ بـەرگ نـابێ**
**کورســـتانیش بـــێ ناســـنامە. بـــێ ئـــاڵا نـــابێ**
**گەر نێو ماڵ و ڕیزی کـوردان کـۆک و تـەبا دەبـێ**
**ناحەزیش هەمیـشە شـەرمەزار رەنـگ زەرد دەبـێ**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشـی)**

١٩/ ١٢/ ٢٠١٤

# [ شەهید ]

شــــەهید. ئـــازا خـــوێنی خـــۆی كـــردە كاســـە
جەســـــتەو گیـــانی بـــەهادار تر لـــە ئەڵماســـە
شـــەهید هـــەورە كـــە ســـەری بـــەرزە خـــەباتی
هـــــەردەم نـــــەمرە لـــــەلای گـــــەل و ولاتـــــی
هـــەر وەكـــو مـــەرد لـــە باوەشـــی خـــاك خـــەوتی
تـــــا ببینـــــی. ئـــــازادی خـــــەونی میللـــــەتی
لـــــە گەشـــــتی گـــــەردوون بڵنـــــدترە گیـــــانی
زەمـــــین هـــــە تا حـــــەوت چـــــینی ئاســـــمانی
شـــــەهید بەخـــــشی ژیـــــانی بـــــێ مروەتـــــی
تـــــا ببینـــــێ هـــــەر چـــــی هیـــــواو ئـــــاواتی
ســـــــەراپای چـــــــین و توێـــــــژی ولاتـــــــی
مـــەرگی بەخـــشی پـــێش داگیـــری نیـــشتمانی
ســـەربەرزە. ســـنگی ســـەنگەرە وەك قـــەڵغانی
رەنجـــی شـــەهید هـــەر لـــە پێنـــاو گـــەل دەبـــێ
جەستەی بە جـەرگی بـە نیـشتمان شـاد دەبـێ

بــە خـــوێن بـــە گیـــان پاســـەوانی خاكیـــەتی
لوتكـــەی دڵـــسۆزی. لەبـــەر دڵـــی پاكیـــەتی
ترۆپكـــی شـــاخە نایـــەوێ ژینـــی ژێـــر دەســـتی
بە خوێنی خۆی ئـاوی دا درەختـی سەربەسـتی
لـــە ڕێ ی خـــاك ڕژا خـــوێنی. ئـــەو بەوەفایـــە
لـــەم دنیـــا. كـــە پـــڕ مەینەتـــە. پـــڕ جەفایـــە
شـــەهید. ئـــەی گـــوڵی بـــاخی ژێـــر زەمـــین
جێـــت بەهەشـــت بـــێ. یـــاخوا ئـــامین ئـــامین

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/١/٦

* * *

# [جەژنی نەورۆز]

نـــــەورۆزە. ئـــــەم مانگـــــە جەژنـــــە. پیـــــرۆزە
مەشـــــخەڵانە بـــــۆ گـــــشت میللـــــەت و هـــــۆزە
مـــــانگی كوردانـــــە لـــــە خـــــاكی كوردســـــتانە
دەســـــتپێكی بـــــەهاران كۆچـــــی زســـــتانە
وەختـــــی ســـــەیرانە حـــــەیران و بەســـــتانە
بـــــوكی بـــــەهارە. دەبێتـــــە هاوســـــەفەری
ماڵئـــــاوایی لـــــە ســـــستی و ســـــاردی و ســـــڕی
ئـــــاوێزانی چوســـــتی یـــــەو گـــــەرم و گـــــوڕی
بـــەهار فەرشـــی ســـەوزی بـــۆ نـــەورۆز داخـــستووە
وەك ئاشقان كە شیعریان بـــۆ یـــار هەڵبەســـتووە
هـــەوای نەســـیم. كـــانی ســـازگار لـــێ ی دەڕژێ
دار لـــــە باخـــــان لـــــە ژێـــــر مەلـــــدا دەهـــــەژێ
بڕوانـــــە لـــــە ســـــەوزایی دارو درەخـــــت
یـــان لـــە پەڵـــە بـــەفری ســـەر شـــاخی ســـەخت

رەنگـــی چــرۆی خونــچە گــوڵی داری میـــوە
بــە ســەوزایی دەشــت و دەر جــوان نەخــشیوە
هـــەر گوڵـــە بـــە دەســت چـــڵێکەوە پابەنـــدە
رووی جـــوانی روو لـــە خـــۆرە. دەم بـــە خەنـــدە
رووی ســپی بـــەفر دەتوێتـــەوە لـــە شـــەرمان
دێتـــە خـــواری لـــە بـــەرزیی لاپـــاڵی کێـــوان [1]

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/٢/١٦

* * *

[1] ئەم شیعرە دەنگبێژ (کوردە واتا محمد)ی ئەکتەر ئاوازی بۆ داناوەو بە دەنگی زوڵاڵی خۆی کردویەتی بە گۆرانی .

## [ کیمیایی و ئەنفال ١٦/٣ ]

ساڵی هەشتاو هەشت بوو. شازدەی سێ
شانۆی مەرگی شەهید. دەرەخسێ
بۆ پێنج هەزار گیانی بێ دەرەتان
لە ئاسمانی هەڵەبجەی کوردستان
سەدەی بیست بوو هەشتاو هەشت بوو ساڵ
وەستا. هەناسەی لاو پیرو منداڵ
بە بۆنی سێو. غەردەل بوو بوون شەلاڵ
هەموو ئاسمان تا دەگەیشتە رێسمان
هەڵەبجەو شێخ وەسان تاکو بارزان
ئەنفال بەدناو کرا. بە کیمیاباران
وەک هێرۆشیماو ناکازاکی یابان
بەعس ئەم خاکەمی کردە بیابان
خوا هەزاران شەهیدی ناردە بەهەشت
جمەی دەهات

كورد لەژێر ستەمدا لە شاخ و لە دەشت

نەڕەی دەهات

دوژمن ئەنفالی بە دەستکەوت کرد ئەژمار

ژەهری تاڵی لە خاکمان ڕشت وەک مار

ئێستاش ماون شایەت حاڵی ئەو زەمان

چۆن کیمیایی ڕژێم ڕووی سوریان سوتان

لە بیری شەهید کەس و کار بێ هیوان

جەلادەکان لە پەتی سێدارەدان

ڕوو زەرد خنکان بوونە پەندی زەمان

تا ئێستاش چی زلهێزانی جیهان

چەپۆکیان تاریکە لە خاکی کوردان

دەشڵێن کوردان خاوەن مافی ڕەوان

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٥/٢/٢٠١٥

* * *

## [ڕاپەڕین ٥/٣/١٩٩١]

پێش نەورۆز ساڵی نەوەدو یەک بوو
میللەت دەست لە دەست. تەباو یەک بوو
ڕەشەمێی سپی کرد. لە پێنجی ئازار
ڕاپەڕین لە دەستی ستەم و ئازار
لە ڕانیە شۆڕش یەکەم کڵپەی سەند
کورد لە دوژمن بە جاری تۆڵەی سەند
زۆرداری ئەو زەمانەی کرد بەپەند
لە باشووری خاک زاڵمی دەرپەڕاند
مافی میللەتی بە جیهان ناساند
خۆ ڕێبەریمان بە ڕاپەڕین ستاند
دیکتاتۆری لە زۆرداری وەستاند
ڕاوی ناحوکمی جەور و پڕ لە کین
لە زاخۆ و خانەقین تا چیای حەمرین
پێشمەرگە لە شاخ بۆ شار دابەزی
داگیرکار. خۆی نەگرت هەرزوو بەزی

ڕاپـــەڕین. پـــەیامی سەربەســـتی یـــە

قوتاربوونـــە لـــەم دیلـــی و ژێـــر دەســـتی یـــە

ئەوپـــەڕی هەســـتی كوردایـــەتی یـــە

كـــورد بـــوو لـــە كـــۆڕەودا بـــە دنیـــای وت

هـــەرگیز نابێتـــە كۆیلـــەی رەش و ڕووت

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٥/٣/٣

* * *

## [ ئەی پێشمەرگە ]

نیـــــشتمانی تـــۆ هـــەر كوردســـتانە

خـــاك و خۆڵـــت لانكـــەی جوامێرانـــە

جـــێی سـەركردە ، ئـەدیب ، شـاعیرانە

لولـــەی تفەنگەكـــەت چـــقڵی چـــاوە

جامانـــەت پـــەتی بینـــی [1] دوژمنانـــە

ئەی پێشمەرگە...

هـــەر تـــۆی پاڵـــەوانی جیهـــانی

بـــۆ بـــەرگری لـــە سـەنگەری مەیـــدانی

كەڵـــەپیاو ، شـــێرە ژنـــی كوردســـتانی

خـــوێنی تۆیـــە ئـازادی بـــۆ گـــەل هـانی

ئەی پێشمەرگە...

[1] بین : قورگ ، ئەوك .

هەر تۆی پاسەوانی ئەم وڵاتە

هەموو کوردێ هەر دڵی لاتە

تێکۆشانت ڕێگای خەباتتە

ئێستاکە دنیا چاوی لەسەرتە

مافی ڕەوای گەلەکەت دەوڵەتە

لە پێناوی سەروەری ئەم میللەتە

لابەری داگیرکاری تیرۆریستە

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٣/١٢/٢٠١٥

## [ ئەی پێشمەرگە ]

ئەی پێشمەرگە سڵاو لە تۆ
لە جوامێری و نەبەردی تۆ
هاتووین بۆ لات لە سەنگەردا
پۆل پۆل لاوانی وڵاتی خۆ
پێش کەشت بکەم گوڵی ئەوین
پێش هەموو کەس بۆ گیانی تۆ
هێندەی جوانی هەموو دنیا
رۆحت جوانە لە دوو دنیا
ماچ بکەم چاوی سێرە گرتنت
ماچ بکەم لولەی تفەنگ و یەدەک
بازووی بە هێزی سەنگەر گرتنت
ئە تۆ هەردەم هەردەم خۆبەخشی
بە گیانت ژین بە خاک دەبەخشی

بــــۆ مێــــژوو و ئاینــــدە سەربەســــتی

ئــــازادی بــــۆ کــــورد دەبەخــــشی

بۆیــە نــاتوانم هێنــدەی جــوانی نــاوت

چی وشەی جوانە بۆ تۆ بکەم پێش کەشــی[1]

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٢/٩

* * *

[1] ئـەم شـیعرە بـە دەنگی شـاعیر ( شارۆشـی ) خـۆی خوێندویەتیـەوە لـە کورتـە فیلمـی (هەناسـەیەك بـۆ پێشمەرگە) ساڵی ٢٠١٥ کە هەر خۆی کورتە فلیمەکەی ئیخراجی کردووە.

## [ گەریلا ]

گـــــەریلا بـــۆ ولاَت تـــۆ ســـــەربازی
هـــــەوێنی ئـــــازادی و ســـــەرفرازی
بـــۆ ســــەربەخۆیی تاکـــە دەربـــازی
مــاف ستێن بــۆ میللــەتی نــاڕازی
نەتــــەوەمان بـــە تـــۆوە دەنـــازی
گەریلا....
لــە ســەرنگەر بــۆ بــەرگری لــەم خاکــە
هــەرگیز سـازش لــە مــافی گــەل ناکــا
هەڵمــەت بــەرە لــە زاڵــم بــێ باکــە
جـــان فیـــدای گـــەریلا کـــەم ناکـــا
بــۆ مــافی ڕەوای لــە هــیچ سـڵ ناکـا
سەرۆک ئاپۆ...
ســـەرۆک ئـــاپۆ لـــە ئیمرالـــی بەنـــدە
بــە چەشــنی هــەڵۆی ســوور لــە قەفەســدا
سەربەســتی هــەر بــە ئــەوەوە بەنــدە

لـــە خـــەبات و داكـــۆكی كـــۆڵ نـــادا
بـە ئـاگری چـەك بـە گـڕی دڵـی گـەل
دەشـــكێنێ دەســـتی زاڵمـــی چـــەپەڵ
گەریلا..
هێـــزو نـــاوت لـــە دنیـــا نـــاوداره
چـاو نەترســی لـە زینــدان و ســێداره
كوێر دەكـەی چـاوی دوژمنـی بـێ چـاره
بــەرگت لــە رەنگــی گــەلأی دار بــەڕوو
وێنــەت نیــە لــە جــەنگی رووبــەروو
یـان خـاكی سـادە لـە رەنگـی خـاكن
رۆڵەت سـەر سـەخت زۆریـش بـێ بـاكن
جەربـەزە چـاك بـە سـتەمكار دەوێــرن
ژن و پیـــاوی گـــەریلا جـــوامێرن
ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٣/٣

* * *

## [ڕێبەر ئاپۆ]

هاتـــــە دنیـــــاوە لــــە چـــــل و نـــــۆ
خـــــەباتکاری کـــــورد ڕێبـــــەر ئـــــاپۆ
چـــاو نەترســـی بـــە چەشـــنی هـــەڵۆ
لـــە بـــاکور دەســـتی کـــرد بـــە خـــەبات
بـــۆ کـــورد گرتیـــە بـــەر ڕێگـــای نـــەجات
فریـــادرەســـێ بـــوو لـــە خـــواوە هـــات
تـــا میللـــەت رزگـــار بـــێ ســـات بـــە ســـات
دایمەزرانـــد پەکەکـــە لـــە حـــەفتاو هەشـــت
لـــە شـــارو دێ ی وڵات لـــە شـــاخ و دەشـــت
چـــون هـــەڵیکرد ئـــاڵای کوردایـــەتی
تـــاکو گـــەل بـــژی هـــەر بـــە سەربەســـتی
نـــەفرەت دەکـــا لـــە ژینـــی ژێـــر دەســـتی
گیـــرا بـــە پیلانـــی نێـــو دەوڵـــەتی
وچـــان نـــادا هـــەرگیز بـــە دیلـــی
دەیـــان ســـاڵە والـــە ئیمرالـــی

گیـــان فیدایــــە بــۆ نەتـــەوەو گــەلی

ئــــەم ئازادیــــە نیــــە بــــە دیلـــــی

مانـــــای ئـــازادی بـــــۆ ئۆجـــــەلان

مـــــافی رەوایـــە بـــۆ گـــشت كـــوردان

لـــە ئامـــەد هـــەر چـــوار پارچـــەی كوردســـتان

بـــەردەوام دەبـــێ بڵێـــسەی بـــەرخودان

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٤/٤/٢٠١٦

* * *

## [ گوڵ و پەپوولە ]

پەپوولـــــــەی عەشــــــقم نایــــــەوێ.
ئـــەوینی خـــۆی بــۆ گـــوڵ بـــاس بكـــا
وەلـــێ گـــوڵ هـــەر خەنـــدە دەكـــا
بـــۆ پەپوولـــە. بـــۆ گوڵـــەكانی تـــر
دەیـــــــەوێ هــــــۆگرتری بكـــــــا
دەزانم.
گـــوڵ هـــەر حـــەز لـــە بـــەهار دەكـــا
تـــا پەپوولـــە زیـــاتر ماچـــی بكـــا
بـــــەڵام. عـــــورف هەورێكـــــــە
شـــــەوقی مـــــانگ داگیـــــر دەكـــا
گـــــوڵیش ناچـــار وەكـــو هـــاوڕێ
بـــۆ پەپوولـــە خەنـــدە دەیگـــرێ
تـــــەنها تـــاكو لـــێ ی نـــەتۆرێ
ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)
٢٩-١٠-٢٠١٣

* * *

# [دڵ و دەروون]

گەردوون سەروەی سپێدە بێ
دەبێ دڵ پەرو باڵی بێ
لەیلاش تاکە درەختی بێ
کە نیشتە لەسەری لق و پۆپێ
لەلای نەنگە بۆی بخوێنێ
شەرم دەیگرێ لەم لەیلایە
ناحەجمێ[1] ماڵی واوەیلایە
ناش خەوی بێ لایە
ئەگەر چی لای ئەو هەر وایە
ئەوین هەڵ بێ یا هەڵە بێ
لە قوتابخانەی ئەویندارى
ئەو دەمەی مانگ نزیکتر بێ
دڵ هەڵبچێ وەک زەریا بێ

---

[1] ناحەجمێ : ئۆقرە ناگرێ .

شەپۆلی لەلوتکەشدا بێ
رووکەشە بە قوڵی نابێ
وەک ماسی شەیدای ئاو دەکا
زیندەگەلێ دڵی لێ دەدا
سەمەرە لەناو جەرگەیدا
بێ شەپۆل زەریا بۆن دەکا
دڵیش ئاوا بۆ خولەکێ
دەیەها جار شەپۆل دەدا
لەگەڵ ترپە و شەپۆلیدا
بۆ جەستە هەناسە دەدا

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٣/١٢/٣١

* * *

## [نێوان هزرو ئەندێشە]

بەنـــــــدە (بـــــــەڕەوانی)[1] کـــــــرد
ئەندێــــشە: هـــــۆ هـــــزر لێـــــت زویــــرم
چون پێت ووتم:
تـــــــۆ ســـــــەر راســـــــت نـــــــی
وەهـــــــا ووشـــــــە دەڵـــــــێ ی
(ئـــــەی بـــــێ وەفـــــا بـــــۆ نـــــەهاتی.
بـــــە جووتـــــە ژێـــــرە مەلـــــە بکـــــەی
لـــــەدەریای خەونـــــە خۆشـــــگوزەرانیە کانمان)
(قوربانــت بــم خــۆ تــۆ بمــری منــیش دەمــرم
کۆنمایـــشن لەســـەر شـــانۆی خۆشەویـــستی
شینی خەونە خۆشگوزەرێنیێ یە کانـت دەکـەی
وەلـــــێ بـــــەس منـــــەت بکـــــەی
هـــــزر: هۆ ئەندێـــــشە منـــــیش زویـــــرم

---

[1] بەڕەوانی : ناوبژی کردن .

چۆن پێت وتم :

تۆش سەر راست نی

نە شێتی . نە ئاشقی

وەلی وەک ڕاوچی

شەیدایی ماسی

بەندەش پێی وتن :

هەردوو سەر راستن هەریەک بە جۆری

بینەر . چ بیسەر . بە دڵ لێی بنۆڕی

نامرن بۆ ئەو دەمرن بۆ ژیان

ویستان وایە نەرمتر بسوڕێ ڕەوڕەوەی ژیان

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٦/٢٧

* * *

## [ شای ئاشق ]

شای ئاشقە
بۆ رەگەزی بەرانبەرە
لە بەرانبەر . بە بەرانبەرە
وێکڕا[1] ئاوێزانی دوو گیان و جەستە
تیشک ئاسای شەبەنگی ڕۆژە
نەک جەستە پێدانی سۆزی ئەندێشە
بۆ هاوبەشی و بەخشین بانگ هێشتە
تا بەیەک دەنگ ئاوازی بۆ ژیان بچڕن
لەیەک جێگا لەیەک ساتدا وێکڕا بلوێن
بە خەندە و فرمێسکی سوێر
بەیەک ئاواز جەستەو گیانیان بێنە لەرە
لەمە زیاتر شێتی یە فەنابوونە
هەڵچوونە . لێ ڕژانە

[1] وێکڕا : پێکەوە : لەگەڵ یەکتردا .

بەهۆی کولانی دڵی پڕە

ڕێی عەشق لێوونبوونە

وەلێ لە پڕی و لێوان لێویی

ناگەن بە ئەشق. سەرسامی و شەیدایی

کە بێ وەڵام بووی منەت باری ناوێ

بزانە مەعشوق . هاوبەشی. بەخشین. سۆزی تۆی ناوێ

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

١٤/١١/٢٠١٤

* * *

# [ ئیرەیی بە گوڵ مەبە ]

خـــۆ ڕەنگـــی پـــەڕەکانی .هـــەم پەلکـــەکانی
لـــــە ڕەنگـــــــی لێـــــوی ئاڵـــــت
لـــە خـــوێنی ئـــاڵی ڕووبـــاری ژیانـــت
گـــــەش تـــــر نیـــــە .جـــــوانتر نیـــــە
ئیرەیـــــــی بـــــە گـــــوڵ مەبـــــە
خـــــۆ ئەگریجـــــــەی گـــــــوڵ
مـــار ئاســـا وەک زوڵفـــت لیـــک نـــەئالاّبوو
بەو تەوقـەی گـوڵ خـۆی پێـدا هەڵواسـیبوو
ئیرەیـــــــی بـــــە گـــــوڵ مەبـــــە..
هەنگ شاهێدی دا:
کـــــە شـــــیلەی نـــــاو دەمـــــی گـــــوڵ
لـــە شـــیرینی ووشـــەکانت شـــیرینتر نیـــە
لـــە بەرامـــەی هەناســـەکانت پـــاکتر نیـــە
دڵـــــت شـــــاهێدە .لـــــێ ی بپرســـــە
لـــــــە خـــــــەیاڵت .مەپرســـــــە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٦/٢٨

## [ كوردستان و پێشمەرگە ]

دووانـــــــەی پێكـــــــەوە گـــــــرێ دراو
دوو ئاشـــــــــــقی دانـــــــــــــەبڕاو
ســـــــەر ڕووی خاكـــــــت كوردســـــــتان
لانـــــــەی پێـــــــشمەرگەی جەربـــــــەزان
سەردەمانێ دەمانوت :
بەڕووی داربەڕووت. بنێشت و قەزوانی دارەبـەن
خۆراكی خۆرسكی رۆژانی سەختی پێـشمەرگەن
شیو و دۆڵت. قـەدپاڵی شـاخت سـەنگەری پـۆلاَن
ئەشـــكەوت و خـــانووی قـــوڕی لادێكـــان
ژووری خــەو و تاكـە دیــوە خـانی پێـشمەرگەن
كوردستان.
چەم و كانیاوت تینوێتی پێـشمەرگە دەشـكێنێ
خـــاك و خۆڵـــت وەك ئـــارد و نـــان وان
هەرگیز پێشمەرگە خۆی برسی و بـەزیو نـانوێنێ

کوردستان. لەناو خاکتە

پڕ پێشمەرگەی شەهیدتە

بـــــە پیتـــــــە. پـــــــڕ لـــــــە نەوتـــــــە

لـە جـێ ی چـەکە. مایـەی چاوچـنۆکی دوژمنتـە

پێشمەرگە.

پاسـەوانی گـەل. بـەرگریکاری شـەرەف و خـاکی

مەرگت پێشکەش کردووە لـە دوژمـن بـێ بـاکی

مـەرگ هێنــی داگیرکـاری خـەیاڵی دوژمنـانی

ویست و ورەت بەرزە. نمونـەی دڵـسۆزی و پـاکی

پۆشـاکت جلــی کــوردی خــاکی پێــشمەرگانە

مــۆدێلی نایــابی جلــی ســەربازی جیهانــە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/١

* * *

[ بە یادەوەریم بوومە پێشمەرگە ]

دە ســــــالان بــــــووم. دە ســــــاڵی تــــــر

ریێی قــــــــــادراوا –سەنگەســـــــــــەر

كاروان سەرام بوو.

بــــە پیـــــادە بـــۆ قو تابخانــــە هـــــەموو رۆژێ

كــــــاژێرێ هــــــەنگاوی رێــــــم دەگر تــــــە دێ

بە تەنێ نەبووم.

چوار ساڵ بـوو. كامـەران بـوو. كامـەرانی دەروونـم

لــە رێی ســەیران. لەبــەر تــەنیا. لــە قــولایی دیــنم

بەرگــەی نــەگرت شــێواندی دەروونــی كامــەرانم

هــــــەموو ڕێگــــــام هـــــــاوڕێم پێـــــــشڕەو

نیـــوەی ڕێگـــام بـــەختیاری بـــەخت یـــارم بـــوو

ئـــارازو بـــەكر. گاڵتــــەو گـــەپی فانۆســـم بـــوو

خواردنم. هەنجیرە ئیشكەو گـوێزی عبـدالقادر بـوو

پێی تەڕی پێڵاو لاستیك سـەرو گـوێم پـڕی بـەفر

لــــە بـــارانی زســــتان و ڕێژنـــە بـــارانی بـــەهار

کــۆڵم نــەدا لــە هاتوچــۆ. لەســەر خــاکی بەفــەر
ئەمانـــــە یـــــادەوەری و مەشـــــقی ژیانمـــــە
ئێـــستاش پیـــادەیم ڕشـــتەی پێـــشمەرگەمە
ئـــەمن پێـــشمەرگەمە. مـــن پێـــشمەرگەمە

**ئاکۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

٢٠١٤/٩/٨

* * *

## [ مانگ ئاشق و خۆر مەعشوقە ]

مانگ ئاشق و خۆر مەعشوقە
زەمین دڵە بۆ ئەم دووانە
لەو زیاتر دڵی گەردوونە
دڵ ساڵی یەک سوور
ئاشقیش دوازدە وەرچەرخانە
وەلێ مەعشوق لە وەستانە
ئاشق لەنێو مەعشوق و دڵی
شەوقی مەعشوق نەگەشتە دڵی
تاریکە رووی خۆر . مەعشوق گیرانە
دەستی یەک ناگرن شان لە شان بخشێ
تەنیشت یەک نامێنێ لە هەڵبەڕکێ
بە دەگمەن وێکرا دەکەن چاوشارکێ
ئاشق هەنگاوێ لە مەعشوق نزیکتر کەوێ
وەک زەوی لە تینی خۆر دەسوتێ

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/٩

* * *

**[ کوڕی دڵ زیز . خانمی دەروون زیز ]**

**بە هەمووان نالێم. قسەم لەسەر زۆربەن**

**خانم زۆر بە دەروون. شەڕان دەکەن**

**دەروون لای ڕەشماڵێکە بۆ سێبەری سیماو ڕووە**

**هەر وەک تۆپی سیاسەت بێ بارە. فرە ڕووە**

**جەنگە دەروونەی. جەنگێکی ساردە**

**بۆ خانم بزڕ کاوی پڕو کێنی ڕەنگ و ڕووە**

**ئەسرینی زۆریان روو لە دەروونیان دێ**

**بۆیە زوو زوو گریان زۆر لە چاویان دێ**

**زۆر لە کوڕ هەیە هەر بە دڵ زیز دەبێ**

**ئەو دڵەی دەم دەمی یە زوو هەڵدەچێ**

**کچەی دەروون پڕو کاوە. دڵ براوە ئەنجامی جەنگە**

**کوڕەش دڵئێشاو. بە بڕیارو بە دەروون مەنگە**

**ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)**

**٢٠١٤/٩/١١**

## [ هاوڕێی ئێستا و جاران ]

**کەسـی ئێـستا کـەمیان سـادەو زۆریـان بـە ئەتـە کێتن**

**بە گەڕەڵاوژەن. بـێ کاتـە بـە هەڵپـەو بـە هـات و هـوتن**

**رووپامــایی. بــێ متمانــە بــۆ مــاڵ کــەم قەناعــەتن**

**بــێ هــامو شــۆ نازیــان زۆرە بــە گلــەیی و گازنــدەن**

**بـۆ هـاوڕێیـان بـێ نـازو متمانـە. بـە بـەزم و ڕەزمـن**

**چاولێــکەری زۆر و بەرپرســی زۆر تــر بــێ پرســیارن**

**داهێنان کەم. دوو بەرەکی زۆرە چین و توێژی میللـەت**

**چـەرخی ئەتۆمـە. هێـشتا جیهـانی سـێ یەمـە وڵات**

**خۆزگەم بە جاران نەما خەوی سەربانی ئـەو ماڵـە خزمانـە**

**خۆزگـەم بـە جـاران هـەر نـەبوو ریـایی هـەبوو متمانـە**

**دنیا وەک خۆیـەتی وەک خۆمـان نـەماوین گـۆڕاوین**

**دنیـا هـیچ نیـە دوا رۆژ بـێ کۆتاییـە پـیس دۆڕاویـن**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

**٢٠١٤/٩/١٤**

## [ سادەیی هاوڕێمە ]

سادەیی هاوڕێمە سادەیم گەلێ لا شیرینە
لێوان لێوانی راستبێژی، متمانە، قورس و سەنگینە
هەر بۆیە زوو نقومی دەریای سۆزی دڵان دەبێ
چەشنی ماسی بە سەمای ناو دەریا شا گەشکە دەبێ
وەک پارووێەکی قوتدراو ووزەو هەناسە دەبەخشێ
سادەیی بێ نواندنە، بێ یاری و ڕکابەریە
وەک ئاوێنە بەڕووی ئاسمانی سامالێ درەوشاوەیە
ئێستا زانیم بۆیە چاوم هێندە نیگای یار دەکا
زوڵف و پشتەچاو و لێوانی یەک رەنگی سوور دەکا
دەریاش شینی رەنگی، سادەیی شینی ئاسمان دەكا
رەشەباش گرو تینی هەر لەیەک روویی دەریا دەکا

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/١٥

## [ بەسەرهاتی میللەت ]

بە منداڵیم سەرسام بووم بە بەرگی سەربازی

کە دەمبینی لەبەری ئەو گورگانە

چۆن وەک نۆکەری ستەمکار بە خۆیان دەنازی

کە گەورەبووم هەر ئەو دڕندانە

لە ترسا هەڵاتوون لە دەست گەلی ناڕازی

بۆیە ئەم بەرگەم پۆشی بە مەردانە

پارێزەری خاک بم بۆ لوتکەی سەرفرازی

دروشمی من یان کوردستان یان نەمانە

بە ئازادی میللەت لە دیلی بێ دەربازی

نەمزانی ئەو کاربەدەستە کوردانە

تێک بەردەبن خۆیان لە گەل دەکەن بە قازی

براکوژیان بۆ گیرفان و سامانە

خۆخـــۆری و قەلاچـــۆی یـــەکتر تـــا دڵ بخـــوازی

هـــــەر مـــــاوەو دەمێنـــــێ لـــــەم کوردســـــتانە

کردیانـــــە خـــــەونی کوردایـــــەتی و بانگـــــەوازی

هیـــچمان بـــە هـــیچ دوای ئـــەم هـــەموو ســـاڵانە

چەند بەرپرسێ بە بێ پرس دەیـبەن نەوت و گـازی

لەســـەر یـــان ژێـــر خـــاک ســـامانی هەمووانـــە

جـار لـە جـار میللـەت زیـاد دەکـا گلـەیی و گـازی

لـــــــــە دژی فـــــــــەرمانڕەوای نارەوانـــــــــــە

بە سزای خۆیان دەگـەن بـە حـوکمی دادگـا و قـازی

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٢/٩/٢٠١٤

* * *

## [ منداڵی جارانم. گەورەیی ئێستام ]

**بە منداڵیم بەرگی لەخۆم گەورەترم دەپۆشی**

**پۆشاکم نیوەی پێ و لە پی دەستمی دادەپۆشی**

**وام زانی خێراتر لە سروشت نەش و نمام دەبێ**

**بەر لەوەی بەرگی تازەم کۆن بکەم. بۆم کورت دەبێ**

**پێم پێوانە لە «کەوشم» هەڵدەکێشا**

**لەخۆم گەورەتر دیتبا یەکسەر ئاخم هەڵدەکێشا**

**لە ئاوێنە گەندەمووی رووم کێوی ئاسا دەمبینی**

**دەم وت کەی بێ رووم لە ئاوێنە رووی سۆفی بنوێنی**

**حەزم دەکرد کەسی خزم و هاوڕێی هاوڕێیانم نەبێ**

**وامزانی هاوڕێ. هاوڕێی هاوڕێیانم لێ دەسێنێ**

**کە مامۆستا دەیپرسی پیشەی دوارۆژ خولیات چیە ؟**

**نەموت پارێزگاری ماف. وتم دکتۆرم چارەم لایە**

تــــاکو بپرســــم ئـــەی کوردینـــە دەردی ئێمـــە چـــیە !

کەچـــی وا ئێـــستا بـــەرگی لـــەخۆم بـــچوکتر دەپۆشـــم

بــۆ تەمــەنی ڕۆیــشتوو ئەشــکی چــاو بەروومــدا دەڕێــژم

وەک داری بــە هێــزی بــا لــە شــوێنی خــۆم شــەپۆل دەدەم

پۆشاکی ئێستێکەم هــەر زوو کــۆن دەبــێ بــۆم کــورت نــابێ

دەترســم گــەورەیی نــەک جەســتە . ویــژدانم بمرێنــێ

لەبــەر ئاوێنــە نــەک ریــشم سمێڵیــشم لەســەر دانــێ

دڵ حــەز دەکــا دنیــا خــزم و هــاوڕێ ی هــاوڕێ یــانم بــێ

کورد ووتەنی: دوژمن یەک بێ زۆرە. دۆست هەزار بێ کــەم[1]

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

١٩/٩/٢٠١٤

* * *

[1]) پەندێکی کوردیە .

## [ بەبێ ئاوێزانی یاران شەڕی یارانە ]

ئــــاوێزانی یـــاران ڕۆژگـــاری خەنــــدە بــــۆ یــــە کتری

هــەردوو نــەک شــەیدای یــەکتری ســوو تاون بـۆ یـەکتری

دەست لەناو دەست پەیمانی بەخشینی سۆزی هاوبەشــی

شــەونم و ئــاونگی بــاخی هــاوژین بەیــەک دەبەخــشی

جگـــە لـــە جـــوانی یەکـــدی نـــابینێ چـــاوی ئـــەوینی

وەک باخــــەوان بکـــەن بـــــژارو ئــــاودێرو پـــــەرژینی

جوانـــــە بـــــاخ بـــــە پەرژینـــــەوە نـــــەمام بـــــە باخـــــەوانی

لـە بـاخ ئـەم گولانـە بـەبێ هـەنگ ناکـەن ماچـی یەکـدی

هەنگ شیلەی نۆش نـەکا نـانێری ماچـی گـول بـۆ گـوڵی

بــە ماچــێ هــەزاران ماچــی گــول دەنێــری بــۆ گــوڵی

شـاهەنگ رێ ی نـەداتێ. ماچـی گـول نـانێری بـۆ گـوڵی

چـــۆلەکەش چـــاو لـــە ڕێ یـــە تابـــانی خۆرهەڵاتنیـــەتی

دەنا ناخوێنیٚ لە حەوشەو گوێسەبان بەبیٚ منەتی

شەڕی یاران. گەر نەما باخەوان لە ئەمانەتی

دەبنە دروشمی خەیاڵ بەتاڵ ئەوین و خۆشەویستی

هەر یەک سکاڵای خەتایی شەڕیان دەخەنە ملی یەکدی

چاوی ڕق چ نابینیٚ جگە لە دەست بەرداری یەکدی

هەرزوو ئاوا دەبیٚ خۆری سۆزیان لە سیمای یەکدی

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/٢٠

* * *

## [ئیرەیی کار]

ئیرەیـــی کـــار حەسودێـــکە کـــار باشـــی کـــەس نـــابینێ

کەوچکێ هەنگوین بۆ دەمی بەی گاز لـە کەوچـک دەگـرێ

گازی ددان شکێنیش بێ هەر مەبەستیە کەوچـکێ بـشکێ

سـێبوری لـەدڵ دێ لـە چـاوی یـەکێ بـڕژێ ئەشـکێ

بـە روخـساری جـوان دەڵـێ: دەسـتکاریە کـە دەیبینـێ

دەڵـێ: پێـشمەرگە پیـشەی خۆتـە بـۆ نیـشتمان بمـرە

نـاڵێ: نیـشتمان بـۆ هەموومانــە. جەسـتەی نـەمرە

دەڵـێ دکتـۆر: نەخۆشـن هـەم چـارە هـەر لای خودایــە

نـاڵێ: بـێ هـەوڵ نـابێ چ دەردێ بـێ دەرمـان نایـە

دەڵـێ ئەنـدازیار: نەخـشەو ئەنـدازەت وەک مـاڵم نیـە

نـازانێ خـوا فەرموویـە هـەموو شـت بـە ئەندازەیـە

دەڵـێ پـارێزەر: لـە پـشت گوناهبـاری. یاسـا نـابینم

نــــازانیٚ یاســـا تـــا نەیەتـــە ڕووم. مـــن ئـــەو نـــابینم

دەڵـــیٚ ماموٚســتا: خـــوٚم دەیخوێنمـــەوە پیٚویـــستیم نیـــە

نـــاڵیٚ ماموٚســـتا پەروەنـــدەی منـــە. هـــەر فیٚرکـــار نیـــە

بـــە پاککـــەرەوە دەڵـــیٚ: کـــاری خوٚتـــە بـــاش پـــاکی کـــە

نـــاڵیٚ کـــابرای خـــاوێن کـــارە خـــوٚمم کـــابرای خوٚڵەکـــە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/٢١

* * *

## [ شارە حەیاتەکە ]

## -سلێمانی-

پایتـــەختی رۆشـــنبیری. شـــاری رۆشـــنبیرانی

شـــاری هەڵمـــەت بـــردن. قوربـــانی جـــوامێرانی

شـــاری کتێـــب و فـــرە رەنـــگ. فـــرە هەڵـــچوونی

شـــاری شـــانۆ نوســـەر. ئـــەدیب و شـــاعیرانی

نـــالی. ســـالم. کـــوردی کـــە سێکوچـــکەی بابـــانی

چیای ئەزمەڕ. گۆیژەت بـەرزن بەقـەت بـەرزی بـاڵات

ســـــەرم لەڕێتدایـــــە گیـــــانم دەکەمـــــە خـــــەڵات

ناحـەز خـۆی ناگرێـت لەبـەرت هـەر وەک ڕەشـەبات

چیمەنی بەهەشتن باخی خۆرسک و باخی دەستکرد

وەک بـــازووی بـــەهێزە ئەزمـــەڕی تێکـــسمڕاوت

ســنگی بــەرزن هــەواری شــار. چــاوی گەشــتیارت

جــادەی مــەلیک مــەحمودە پــشتێنی کەمــەرت

جــادەی ئــۆرزدی. ناوچــەی ســەهۆڵ و مەولــەویت

یـــادەوەری تەمـــەنن بـــۆ پیاســـەی ڕێبـــوارت

باوەشــت وەک دوگمــەی کراســە. جــادەی ســالم

کاکــەی شــێخ. مــەلیک مــەحمود لــە کەڵــە پیــاوانن

ســەرا. ئەمنــە ســورەکە بــۆ شــۆڕش گۆڕەپــانن

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٤/٩/٢٠١٤

* * *

## [ شاری قەڵاو منارە ]

هەولێر بووکی نیشتمان. پایتەختی حکومەتی کـوردان
مـەنزڵگای تێکـراو وێکـرا ژیـانی. ناوەنـدی بڕیـاردان
خـۆت خـۆ ڕێبـەریی. شـاری پەرلـەمان و یاسـادانان
قـــەڵای دێـــرین هۆلاکـــۆ بەزێنـــە منـــارە ئاســـان
مۆزەخانەیـە هـەناوت. دیمـەنی گەشـتی ڕێ و بـان
پـارک و بـاخی هـەوارو نـزاری سـەوز گەشـەی سـەند
نازنـاوی پایتـەختی گەشـتیاریت لـە وڵاتـان سـەند
عـەنکاوە. لـە باوەشـتا کـۆژینی. فـرە دینـی چەسـپاند
جمـەی دێ بـەڕووی کەسـدا ناخـەوێ بـازاڕی ئیـسکان
ڕێ و بانـت بـە ئەنـدازە تـەونی جاڵجاڵۆکـەی نەخـشاند
هەولێر. ئەربیل . ئەربایل ناوی جوان وەک کاڵای باڵات
یادگـاری تەمەنـە . گـەڕان و پیاسـەی دەوری قـەڵات
هەولێر چاومانی. لە یەزدان بۆ کوردان بووی بـە خـەڵات

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/٢٥

# [ قادراوا ]

قــادراوا. هــۆ گونــدە دڵــڕفێن و کوێــستان ئاســاکەم

هێنــدە دڵگیــری نــازانم چــۆن وەســف و ســەنات بکــەم

ســالانیٚ هــەموو ســاڵیٚ ئــەمن یــارو یــاوەرت بــووم

بە بــەفرو بــاران لەگــەڵ تــۆدا تێــر ئــاو. تێــر تــەڕ دەبــووم

چــۆن ئــەمن تەمــەنیٚ پیــادەڕۆی خــاک و قــوڕت بــووم

داوی ئــەوینیٚ بــوو یــان وێڵــی نــسیبی قــەدەر بــووم

وەختــیٚ زانــیم ئــامێزی تــۆ و نــشینگەمی لەیــەک کــرد

مــنم قــەرزداری تــۆ. چــۆن لــەڕووم بــیٚ باســت بکــەم

زۆرت هــەن نــاوانی حەســەن و حمــد. خــدرو وســوت

هێندەی رەزو باخ هێندەی کێڵگەی بــەپیت و تێــر ئــاوت

تــودڕکی خــریٚ و پــەرژینت. جۆگەلــەو زەوی بــەراوت

بەهەشــتی ســەر ئــەم زەمینــە ئــاو و هــەوای ســازگارت

پێنجـــی ئـــازار تـــا بـــازاوا تـــا ئەوســـەری قالبانـــت

لــە پاڵ دۆڵ و چــەمی گــارفێن لــە ژێــلا [1] کــشاوە بــالآت

خەڵکەکەی تۆ گەلێک میوان دۆســتن لەســەر ڕێ و بانــت

پــڕ بــە دڵ فــەرموو دەکــەن لــە ڕێبــوار و گەشــتیارانت

حــاجی فــات و حــاجی قــادر بوونــە لــەیل و مــەجنونت

یەکــەم سەرنــشین بــوون بــۆ ئــاوەدانی و ئاوابوونــت

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/٢٦

* * *

---

[1]) لەژێلا : لە خوارەوە بۆ سەرەوە .

## [ شەنگال و شەنگالی ]

لـــــە باشـــــوری کوردســــتانە، شـــــەنگالە برینــــــدارە
دەجــەنگیٚ بــۆ ســەرکەوتن بەســـەر دوژمنـــی زۆردارە
خاک هـەردەم دەسـوتیٚ لـە چـاوی چـنۆکی سـتەمکارە
ئەگەر میللەت یەک دەنگ ، یەک هیٚز نـەبیٚ نیمانـە چـارە
نایـەویٚ ژینــی ژیٚردەسـتی خـەڵکی شـەنگال ئـەمجارە
بۆیـــە هــــەر زوو ڕاپـــەڕین لــــە دنیـــا بوونـــە ئـــاوارە
هەموو تیٚکڕا، ویٚکرا بەش مەینەت بـوون ئـەم جـەماوەرە
کەوتنە کیٚوان چـۆن دەمـردن لـە برسـان ئـەم سـنجارە
دنیا چاوی داخست، دۆستی دوژمن دوو ڕووی بـۆ کـراوە
گـورگن لـە پیٚـستی مـەڕدا ئەمـەی ئیٚـستیٚ گـوزەراوە
بـۆ گیـانی بیـانی زل هیٚــز دیٚنــە وەڵام چـاویان کـراوە

بـۆ گیـانی شـەنگالەکەم دەنـگ ناکـەن دەمیـان نوقـاوە

ئـازادبوو شـاری کــوردان بــە جــوامێری پێــشمەرگانە

لـــەم خاکـــە وەدەرێـــران تیرۆریـــست و بێگانـــە

هــەر دەسـتێ درێــژ بــێ لــەم خاکــە ئاینــدەی نەمانــە

مێــژوو گــەواهی دەدا بــۆ پێــشوو بــۆ ئــەم زەمانــە

بە گیان دەیپارێزین هەر کوێ یەک بێ لـەم کوردستانە

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٤/٩/٢٧

* * *

## [ ئاونگی سۆزی تۆ دڵی نەمامی من ]

ئـــاونگی ســـۆزت دەم دەم. بـــۆ نـــەمامی دڵـــم بـــێ
نـــەمامی ســـاوا بـــە ئـــاودێری کـــەم کـــەم زوو دێمـــی دەبـــێ
بـــێ شـــک و شـــک نـــابێ چـــاری ناچـــار بـــەو کەمـــە ڕادێ
کە بـوو بـە دەوەن. فـراژوو بـوو سـێبەری کـرد بـۆ ژێـر خـۆی
خـــۆری ڕۆژگـــار نایـــسوتێنێ. نـــاخنکێ ڕەگ و ڕیـــشەی
ئـــاو پرژێنـــی تـــۆ بـــوو دڵـــی نـــەمامی شـــێتی ئـــاوکرد
بە کەم کەم راهـاتبووم شـێت گیـرت کـرد ئـەی بـۆ وات کـرد
گەڵام کـاڵ بـۆوە وەک زەردەی پـایز تـۆ بـووی وشـکت کـرد
ســـۆزت هەناســـە نـــەبوو وەک خوێنـــت بـــوو لای پەرســـتار
ساڵی جاری یان دووجار یەوسای [1] نەخۆش پیـشکەشمت کـرد

---

[1]) یەوسای : هەر وەك .

ئـەی نـازانی خۆشەویـستی خـوێن نیـە پێـشكەشی بكـەی

هەناسـەیە تـا جەسـتە. خـوێن و دڵـی پـێ پـاك بكـەی

هەناسـەی سـۆزت وەك شـنەی شـەماڵ نـەدا بـە ڕوومـدا

چـون. لـە شـیرینی بـۆن و بەرامـەی دڵنیـا نـەبووی

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٩/٩/٢٠١٤

## [ سلاو لە جەژن . ماڵئاوا لە خەم ]

بـەر لـەوەی جـەژن بـێ. هەرچـی خەمـە بـەبای دە
هـەردەم هـاوڕێ ی خەنـدە بـە سـیمات لـە خـەم بـادە
بـە حـەیرانی خۆشـی بـە. بەسـە لـە خـەم ڕاكـە
بـا بـە خۆشـی بـڕوا كـات دەڕواو دادت نـادا
جـەژن لەگـەڵ خەمـدا بتبینـێ ڕووت پـێ نـادا
ئەگـەر پـێ بكـەنی بـەڕووی ڕۆژگـارو دنیاتـدا
ڕۆژگـارت یـەك دنیـا خـەرمانی سـەوزت پـێ دەدا
گەر ڕووت گەش بێ گیانت وەك مانگ ڕۆشـنایی دەدا
ئـەوەی ڕۆی ڕۆی. خـواچ دەردێ بـێ دەرمـان نـادا
جـەژن بـۆ خۆشـی شـین و ڕۆڕۆ بـۆ دڵ خەمـە
خـەم زۆر شـەیتانە تـاكو لـێ ی دوور بـی هـەر كەمـە
خـۆری جـەژن خۆشـی هێنـا لـە بەرەبەیانـدا
دەچنە سەردان و پـۆل پـۆل خـەڵكان نوقـڵ لـە دەمـدا
هەریـەك داوای گـەردن ئازادیـان لـە دەمـدا
ئـازادی بكـە كینـە لـە سـینە دەركـە بەسـە
دەمـی دانەرێژەداخـە لـە خـەم برەخـسە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٤/٩/٣٠

* * *

## [ تەمەنی منداڵی ]

**منـــداڵی ئاســـمانی لێـــوان لێـــوی ویـــست و خولیایـــە**

**گەرچی شەوگاری تار بێ بـە شـەوقی مـانگ درەوشـاوەیە**

**ڕێ ون ناكـا چـۆن ئـەم مانگـە گەوهـەرە ئـەو دایەیـە**

**گەرچـی بـە ڕۆژ نـەبینێ ئـەو مانگـەی لـە ئاسـمانیدایە**

**بابـــە خۆریـــەتی تیـــشكی ڕێنـــوێنی بـــۆ لەڕێدایـــە**

**هـــەوری ڕەنگاڵـــەی بـــەفرو بـــارانی لـــە ئامێزدایـــە**

**منـداڵ بـەرەو هـەرزە. هـەرزەش فـراژوو سـێبوری نایـە**

**پەڕەی گوڵ. كتێبی چارەنووس دەكرێتەوە ساڵ بە ساڵ**

**چـرای تەمـەن ئایـساوە. بڵێـسەی سـوتێنەر وەك خـۆری**

**كـەبوو بـە بابـە بـەدوای مـانگی دەبـێ شـەیداو عـەوداڵ**

**جگـە لـەم مانگـە لـە بەهەشـت وەرنـاگرێ [illegible] حـۆری**

**وەك ئێـستای منـە كـە تەمـەنم گەیـشتە [illegible] سـاڵ**

**بەهەشتیەكانیش هەردەم لەم تەمەنەدان خـوا فـەرمووی**

لـــەم دنیـــا مـــرۆڤ کۆتـــانایـــە مـــەرام و مەبەســـتی

کـــە پیـــری بـــۆ تەمـــەن گۆچـــان دەکاتـــە دیـــاری دەســـتی

هیچیش نەتمرێنێ بە پیری دەمری هـەر بـە بـێ هەسـتی

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢/١٠/٢٠١٤

* * *

## [ چەند پەڵپێ بۆ داگیرکار ] [1]

دوژمـــن مـــاڵ و خـــاک و ئـــازادی زەوت دەکـــرد
لـــە چـــاخی بەردینـــدا گیـــان و ناموســـی دەبـــرد
کۆیلەی ئەوان بـوون ئـەوەی لـە خـاکی خـۆی دەمـا
هەرچـــی دامـــاو هـــەبوون دەکـــەوتن بەســـەر دەمـــا
چـــاخی تـــر هـــات کـــە زلهێـــز ویـــژدان نـــەدەما
بە خوێن چی سامانی خـاک هـەبوو بـۆ خـۆی دەبـرد
چی سەربازی دەگرت یەکسەر بۆ ژێـر خـاک دەیبـرد
نۆکـــەری وان دەبـــوون ژن و منـــداڵی جێمـــاو
بـاجی جێخـونی جوتیـاریش هـەر بـۆ وان دەبـوو
چـــاخی تـــر لـــە ســـتەم پـــەڵپی ئـــاوەدانی دەبـــوو
خـاک بـە پیـت بـوو بـە نـارەوا بـێ پیتـی دەکـرد
ئـەوەی داگیـرە کـاری چـی پیتـە بـۆ خـۆی دەبـرد
کـە چـــاخی تـــر هـــات بـــۆ هـــاتنی ورکـــی زلهێـــز
بـــەڵێنی ئـــازادی پـــێ دەبـــرا گـــەر چـــی هـــەیبوو

---

[1] پەڵپ : بەهانە : نارەزایی : بیانوو .

گەوهەر و ئازادی لێ دەسەند چی پێ نەدەدا

کە چەرخی تازە هات ستەم هات بۆ گیانی لاواز

پەیمانی ئارامی وڵات دەدا وەک فێڵباز

ئارامی پێ نەدا وەک کەلاوە خامۆشی کرد

بە تیرۆر بە داعش خۆی ئارامی لێ هەڵگرت

نارِەوا دایکی شەهیدی هەناسە سارد کرد

داعش ئاسمان نەی باراند. زاڵم خۆی دروستی کرد

تاکو بە کەوچکی داعش کوڵێ نەوتی حەرام

بیبا بۆ خۆی پیلانی چەند ساڵەی جێ بەجێ کرد

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٦ /١٠/ ٢٠١٤

* * *

## [ خۆشەویستی وەک یاسای گێتی یە ] (١)

گێتـــی بـــە یاســـا سروشـــتی بـــە ئەندازەیـــە
دڵـــدار بـــێ یاســـا سروشـــتی بـــێ ئەندازەیـــە
هێـــزی زەمـــین و ڕاپـــسانی یاســـای گێتـــی یـــە
گـــەر ئـــەم زەمینـــەی منـــی لـــە ئامێزدایـــە
نزیکتـــر بـــێ لـــەو مانگـــەی لـــە خەمیدایـــە
زەوی دڵـــم لـــە زەریـــای مانگـــدا نقـــوم دەبـــێ
بـەر لـەوەی تینـویی بـشکێ هەناسـەی دەبـڕێ
دڵم یەوسـای زەریـا لـە هەڵچوون شـێت دەبـێ
ئەی دڵ نزیکتر مەبـە تـا گـشت خـاک ئـاو نـەبێ
تـــۆ و تـــت هەنـــدێکی دەکەمـــە بـــاخ و چـــیمەنێ
یـــارمی تێـــدا مـــاچ بکـــەم بیهێنمـــە گەوزانـــدنێ

---

(١) گێتی : گەردوون : فەلەك .

ئەی دڵ دوای دڵ کەوە هێندەی لێت رادەکا

بە گورجی بۆی راکە. هێندەی بۆت رادەکا

لەم بیابانە قوتار بە تا خنکان ئەوکت نەگرێ

وەک پەروانە بۆ ماچ خۆت توشی سوتان مەکە

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٨/١٠/٢٠١٢

***

## [ جوانی ئافرەت لە شایی دا ]

لــــە هەڵپـــەڕکێ و شــــایلۆغانی کەســـێکی خـــۆت
ســــینەت خـــر بـــێ خــــەم بــــاڵات کەڵەگـــەت
چـاوی رەشــت بــێ کـل بــرۆ باریـک وەک دەرزی
شــەمامەی باخـــەڵ وەک بــی نیـــو ئــاو دەلـــەرزی
مەمکـــدان شـــل گرتبـــوونی. هـــەردوو گۆکـــانی
ســـوراوی ڕووت. شــــەرمی لەڕووتـــدا دەهـــانی
لێـــوی ئـــاڵ و کــــوڵمی کاڵـــت وەک گـــوڵانی
گـــوێزینگی پێـــت سـپی بـــە بریـــسکەی خڕخـــاڵانی
چەند جوان بە وێزی پێچکەی بلیـارد خـۆی دەرکردبـوو
پۆســک و ســمت لــەواری تەسـک خــۆی دەنــوانی
کەمـــــەر کەمــــــەری کــــــەمانی خـــــەیاڵانی
نەخـــشا لــــە بـــۆدی بـــەرت دا بـــە لـــەرزەو لەنجـــە
بـــسکی بـــە پەرچـــەم هـــەر وەک تـــاڵی کەمانـــچە
نەهاتمـــە نیـــو شـــایی. تـــا قـــۆڵ لـــە قۆڵـــت بکـــەم
هەر لـە تـۆم ڕوانـی تـا بتـوانم وەسـف و سـەنات بکـەم

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١٠/٢٨

* * *

# [ کۆبانێ ]

کۆبـــانێ شـــاری چـــاو تێبڕاوی مـــاڵی کـــوردانی
نوســـێنراوی ســـوریای خۆرنـــشینی کوردســـتانی
شێری بریندار خاکی بـە خـوێن سـوری نیـشتمانی
دۆڕاو دەستی لێت وەشاند لە مـاڵ و حـاڵ و کـاڵات
بەهانـەی وەصـڵ شـۆری تیـرۆر دەکـەن لـە بـاڵات
دایکــی ئەشـک ڕێـژی بـۆ گـەورەو بـچوکی وڵات
هـــەر لەبـــەر کوردبوونمانـــە قـــەدەری ئـــاوارەیی
هەر تۆبـووی دوژمـنت خـستە حـاڵی بـێ چـارەیی
داعـــش ئـــاوان وڵات گـــەلێکن داگیـــر کـــردەوە
پێشتر پیلانی سایکس بیکـۆ یـان بـوو بەدەسـتەوە
ڕۆژی بـــەرخودان خـــۆری ئـــازادی هەڵاتـــەوە

بست بە بستی شار لە پێی زۆردار زوو بشواتەوە

کۆبانی ورە بەرزن. نەبەردی چاو نەترسن

دنیا خۆی کەودەن[1] کردووە لە مێژوو بپرسن

با لە خەمی کوردا بین زوو دەیبەزێنن دوژمن

کورد وتەنی (سواری خەڵکی پیادەیە تا مردن[2])

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٤/١٠/١٠

* * *

[1]) کەودەن : گێل .

[2]) پەندێکی کوردی یە .

## [خۆم و خۆر]

خـــۆم و خـــۆر شـــەوان بـــۆ لایەلایـــە ســـەردەنێینەوە

بەشـكو لـەم خـەوە. بـە دیـداری مانگمـان شـادبینەوە

تـــا بـــە تینـــی ناخمـــان ســـیمای بدرەوشـــێنینەوە

بــە جیلــوەی نێــو زەمینــی دڵمــان ڕۆشــن کەینــەوە

گەرچی بـە رۆژی ڕوونـیش. رووت خـۆی لـێم نیـشان دا

ئێواران لیێ ی دەڕوانـم بـەر لـەوەی بـانگی شـێوان بـدا

هەموو شەوان چەند خولەک بە ئەنقەست خـۆی دوا دەخـا

مـــانگم خـــۆ بـــزر دەکـــا لەگـــەڵم دەکـــا چاوشـــارکیێ

مـــانگی ئـــەو بـــە ڕۆژ. رۆژ دەبینـــیێ لـــە ئـــاوی کـــانی

هـەر وەک رووداریێ. بەینـەک وێکـرا دەکـەن چـاوبڕکیێ

مـــانگم بینـــی گزنگـــی بـــەیانی لـــە ڕیێ ی کـــانی

نرکەم کرد هەروەک منداڵ لە تەقەی کەوشەکانی

شان و ملی ناسک وەک ئاسک گۆزەی ئاوی توانی

بۆ دیدەنیم نەوەستا یەکسەر ڕۆی هیچ نەیتوانی

ڕۆژ دەروا خۆر نا. مانگ سەماو سور دەدا لە دەوری

کەچی مانگم وەستاوە. هەر خول دەخۆم لە سەیری

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١٠/١٤

## [ نەمزانی بمبورە ]

بەینەک بوو.سویێ ی بوو بۆوە دڵەی بە سوێت

نەمزانی کە منم. دڵت داوە پێت

بە بیانووی وانە هاتیە سەردان و سوێم

ئەستان بوو کردتە بیانوو خولی هاوین

هاتیە زانکۆ بۆ ژوان پەیامی ئەوین

خایشت کرد لە بەر شان و شەوکەتیم

ویستت هەرزوو بزانی من بەتەمای چیم

بۆیە پرسیت بەبێ شکۆ و رووداری

لای خۆمە یاخود داومە بە کێ دڵداری

میوانم بووی ژیری نەبوو میوانیم

وامزانی بێ نیازی سالانێ زانیم

منیش ناهوشیار لە رازو نیازت

راستە رێ سێرەی دڵم بە تۆووت

بانگیان کردم ماڵە باوانی یارم

تــــا بگـــەن لـــە حـــاڵی ســــیماو گوفتـــارم

وێکـــرا بـــوو چـــووینە ســـوێی مـــاڵی یـــار

تاســان لــە ســوێی تــۆی شــۆخی روخــسار

ڕانـــــەمان لـــــە گوفتــــار لــــە ئاکـــار

شاگەشـــکە بـــووم بوومـــە کـــوڕی ماڵیـــان

نرکــە نــرکم بــوو. بــێ دەنــگ لــە خۆشــیان

جــێی خــۆی گــرت دڵــم. وەلــێ تــۆی تاسـان

تـــا ئێـــستا پێـــت نـــەدام کـــەیل و مـــەیلان

نەهاتیـــە ســـوێم لـــە چ شـــایی و شـــینان

حاشـــات کـــرد لـــە مـــن تۆبـــە بـــێ پـــاکی

گــــەردنت ئــــازا بــــێ تــــۆ رووپــــاکی

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

١٧/١٠/٢٠١٤

* * *

# [ باران ]

هەموو ساڵێ کە پایز دادێ
ترسی سەرمای زستانم بۆ دێ
کەوشی لاستیک پڕی ئاو لە پێ
هەروەک ئاوی نێو تێڕ شەڵپەی دێ
بە وڵاغ دەبرێ بۆ ماڵە لادێ
سەرو پرچم لە ئاو هەڵکێشراو
بەرگ و جلکی کەون و پاڵتۆی دڕاو
گوێچکە و کەپوم بە باران تەڕکراو
لە سەرما وەک خوێن سور هەڵگەڕاو
کزە بای سارد. دەیکزاندەوە چاو
سایەقەو شەختەی ڕێم بەبیردێ
قەت ناترسم لە هەوری گەرۆک
خۆڵەمێشی دەمکا توشی شۆک
وەک جاران ساڵانی منداڵییم
ڕۆژانە چەند کاژێر مل دەنێم

بـــۆ خوێنـــدن دەچـــووم بـــۆ خوێنـــدنگا
هێنـــدەی زەوی ئـــەملاو ئـــەولای ڕێگـــا
کـــە بـــا سریـــشکی بـــاران لـــێم دەدا
پـــــێش زەوی جـــــووتی جوتیـــــار
هـــــەموو جـــــاری. هـــــەموو جـــــار
هـــــەموو جەســــتەم زوو پەڵــــەی دەدا
هـــەوریش بـــە گرمـــە گـــرم و تریـــشقەی
بـــە ناڵـــەو جوڵـــەی نەپـــساوەی
ماچـــی تـــەڕی خـــۆی بـــە خـــاک دەدا
خـــۆریش بـــە کزیـــی لـــە چـــاو وێـــزەی ساردی
کـــەم کـــەم ســـەیری خـــاکی خـــۆی دەکـــا
بـــە دوورە ماچـــی ســـاردو ســـڕی
ئەســـتان بـــەخۆی قایـــل دەکـــا
تـــاکو ژوانـــی بـــەهاری تـــر. وەرزی خـــۆی کردەکـــا

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢١/١٠/٢٠١٤

* * *

# [ بە نەریت بە سیاسەت مەمدوێنە ]

ئـەی یـار بـەر لـەوەی بتناسـم. هاوڕێیـەکم هـەبووە
هـەولْ و چـەنەی دنیـای دا. تـۆی پـیْ قایـل نـەبووە
دڵــت هـــەر بـــە ململانـــیْ لـــە ئـــەوین گەشـــتووە
ئـازارت لـە سـۆز. چـێژت لـە رکابـەری وەرگرتـووە
نامــەم دەنــارد بــۆ کۆدێکــت. بــە یــازدە ژمــارەوە
نەک دەرگای بیابان. تا دەرگای دڵت لـێم بکەیتـەوە
هیوام بە کات بوو. پێم وتی لە ژوانی شوێنی گـۆرین
دوای وێکرا ژیان. خولیام زۆرە با بەدلْ ژیان بگـۆڕین
ترپەی دلْ خێراتر. چـرکەی کـاژێری جـیْ هێـشتووە
لەو کاژێرەی هەردەم هەنگاوی نەرمی جیْ هێشتووە
وەک منـدالْ ڕاکـەم. ناگەمـە دلْ دامێنـیم گرتـووە
مەمخە بیابـانی خـەم. لـە مـاڵی خـەمتا جـێم مەهێڵـە
بمخـە بـزەی لـەبت لـە دڵتـا بـیْ خـەم جـێم بهێڵـە

کـە ڕەشـی چـاو و سـوراوی لـەبت وا تـۆخ کـردەوە

دیسان بۆچـی کانگـای دڵـت لـە خـەم وا پـڕ کـردەوە

حەوتی سور لەیەک مانگ با خەم بـۆ خـۆی بیباتـەوە

سـێ هێنـدەی دی، خـەمی دیـوە سـەرکز ماوەتـەوە

چی جارێ لە منـت دەگـرت، دڵـەی بـە شـاکە شـاکت

چڕنوکی ڕق ئەستوریت لە دڵەی بێ چـارەم دەگـرت

جارێ هەر نـەتووت بـەو دڵـەم ببـورە، کـە دەتـشکاند

بە کەمییت دەزانی، ئەو کۆت و بەنـدەت نەدەشـکاند

شادی میوانمە، هێندەی خـەم حورمـەتت نـەگرتووە

چەند شیعرم بۆت وتوە، گوێت بۆ هیچیان نەگرتووە

خـانم چـیتر بـە نـەریت بـە سیاسـەت مەمدوێنـە

بە سـۆزو میهـرت بملاوێنـەوە چـی دی مەمرەنجێنـە

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٢ / ١٠/ ٢٠١٤

* * *

## [ مروودەت بووم ] [1]

گـەر پـەلکی سـەوزت بیبـا بـۆ خـۆی زەردەی پـایز
دڵـی ڕەق دەکـەی بـە ئـاو هـەر وەک ئـاوی کـارێز
چەند بێ وەڵام بی بۆ رستێ گفت و گـۆم بـێ دەنـگ
بزەت. بـێ دەنگیم دەشکێنێ. دڵ دەخاتـە ئاهـەنگ
بـێ تـۆ چـارە رەشـم. وەک رەشـی زوڵـف و چـاوت
شـەرم سـووری هەڵگەڕانـدم. وەک سـووراوی لێـوت
پرسـیت رووم سـورداگەڕاوە. وتـم بـۆ لات هـاتووم
بە یادی ژوانی رۆژ. ئەمـشەو بێـدار و چـاو سـوور بـووم
چەشـنی ئەسـتێرەم چـاوزرت. بـۆ تیـشکی نیگـارت
نەهاتیــە دیــارم دامخــست دیــدەم تــا دیــدارت
شــنەبا کــەم کــەم دەهــات و دەچــوو لــە روو تــدا
چــاوم تێــر نــابێ بــە دزە نیگــا لــە شــێوە تدا

---

[1] مروودەت بووم : هۆگرت بووم.

بــە شــنەبام وت: ڕایخــات پەرچــەمی نێــو چــاوانت

تــا نـــەمبینێت كــە دەڕوانـــم دیمـــەنی جوانـــت

ملوانكـــە لـــە ملتـــدا دەهـــەژێ وەك جۆلانـــە

بـــۆ خـــەیاڵم گـــەردنت دەكەمـــە هێلانـــە

لێــوم وەك كــارێز لــە تــاوی دوو ســێوی سینەت

مەستم وەك مەستی مەیخانــە لــە بــۆن و بەرامــەت

كــە لێــو دەنێمــە ســەر لێــوت. لێــوت كــاڵتر دەبــێ

هەناسە ســوار. ســوریی ڕووم بــە شــەرم تــۆختر دەبــێ

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١٠/٢٧

* * *

# [نامە]

یازدە ساڵان بووم. یازدە ساڵ بوو
هەردەم یەکێ پڕشنگی نیگای
لە خەیاڵمدا خۆی دەنەخشاند
سەرسامی کرد. دڵمی دەتاساند
هەردەم نیگایەک. جەستەو گیانی
چەند جارێ نامەم بۆ دەنووسی
هەموو جارێ نامەم شرد بوو
لە نێو گیرفان و لەگەڵ خۆمدا
دادەڕزا وەک مەل لە قەفەسدا
هیچ جار. نامەم بەیار نەدەدا
پەنجەم شەکەتی نوسین دەبوو
ئەم شەکەتیەم هەر لەگەڵ کاتدا
کەبێ هودە بە هەدەر دەدا
چون هەر جارێ مەعشوقێ نیگای
لە خەیاڵدا خۆی مەلاس دەدا

هاوڕێم بە پەنجەی دەستی دەژمارد
کە یەوسای ئەکتەر خۆیان دەنواند
داوایان دەکرد نامەیان بدەمێ
هەر یەکجاریش نا دەم نادەمێ
لەگەڵ خۆیان نامەیان دەشرد
لەت و پەت دەگەچڵا لە باخەڵدا
نامەی گەچڵاو بە یار نەدەدرا
بە دەردی من هەرزە ئاشق بوون
شەیدای بە لەزی[١] پێ نەگەیووبوون
ژین و ئەشقی من دوای سالانێ
هەرزوو دڵ کەوتە ململانێ
کە تۆ بۆ من کەوتیە بەر چاوان
هەرچی بوو لە وێنەی مەعشوقان
کاتم بە بانەدا. نامەم دەنارد
کردمە وێنەی تۆ. لە خەیاڵمدا ڕاستیم ئەفراند

---

[١]) بەلەز : بەپەلە .

بەدەســـت مـــن نـــەبوو دڵمـــت فڕانـــد
ئێــستاش تــۆی بــۆ مــن بــووی بــە خــەرمان
بیــستبووم داكــت تــۆی نــاو ناوە هێــشوو
كـــە چـــەند نامەیـــەكم كـــردە تێـــشوو [١]
دواجـــار مەعـــشوقم بـــوو بـــە هێـــشوو

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٨ /١٠/ ٢٠١٤

* * *

---

(١) تێشو : توێشو .

## [ خواو گەردوون ]

هەرچی لە گەردووندایە
هەر لە خزمەت مرۆڤدایە
چی لە ئاسمان هەڵدەکا
چی لە ڕێسمان ژین دەکا
گیاندار. بێ گیان سەرتاپا
گشت ئەفرێندراوی خوایە
دەخیلتم پەروەردگار
لە فەرمانتام من وەک باوەڕدار
گیاندار بێ گیان سەرتاپا
چاک خراپ دەکەی بەرپا
هەرچیت خولقاند بە مەلامەت
تاقی دەکەی لەم گەردوونەت
بەکات و شوێن و ئەندازە
مرۆڤ بە پێگە و ماڵ مەنازە
ڕۆژی دێ بیتە جەنازە

مەدە بە هەدەر. ئەم ئەزموونەت
نەیبڕی دەتبڕێ دەست بگرە بەکات
چی قەدەر لە هات و نەهات
قەت پەیدا نابێ بە ڕێکەوت
چەند دەتوانی. با بێ گوناح بی
خوات خۆش بوێ بۆ ئەو پەڕی
تا تۆش خۆشەویستی خوا بی
ملکەچیی و لە خوا ترساوبی
بە سزای گۆڕیش قوتار نابی
دەژیتەوە بۆ ڕۆژی مەحشەر
بۆ پاداشت و سزای خێرو شەڕ
ئاکامی کارە لە سزاو پاداشت
جێت بۆ کراوە دۆزەخ یا بەهەشت
ورماو لە بەهەشتی هەردەم بەهار
تاساو لە دۆزەخی خراپەکار

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١١/١٣

## [ نەوت و زەوت ]

هەر نەوتە لە جێی چەکە
بۆ خراپە یان بۆ چاکە
گەوهەرە لەناو خاکە
سپاردەی رابەرێ. دڵسۆز بێ
بەروقوتی گەل و هۆز بێ
نەک هەر دەستەی هۆزی خۆی بێ
با نەوت لە جێی چەک بێ
بۆ کورد هێزی مەچەک بێ
خاک بە نەوت دەوڵەمەندە
گەل بە گیرفان هەژار هێندە
پێشمەرگەی ئازا شکۆمەندە
بە جەرگی پێشمەرگەی سوپا
لە وڵات ئاگر بووە بەرپا
چاوی جەور لەسەر نەوت
نیشتمانمان دەکەن زەوت
گەفکار داگیرکا خاکی بەفەڕ

دەگـــرێ بـــەرۆکی گـــەل جـــەنگ و شـــەڕ

گرفتـــــــارین لـــــــە چــــــنگی زۆردار

دەردەدار لــــــە پوچـــــــی خیانـــــــەتکار

خیانـــەتێ وەک بڵقـــی رووی ئـــاو پووچـــە

ئاکـــــامی کـــــاری ناکـــــەس بەچـــــە

هـــەڵ بـــێ لـــە ئاســـمان دڵـــسۆزێ رابـــەر

گـــشت رەنگـــێ هـــەڵکا وێکـــرا هـــەتا ســـەر

ڕابـــــەرێ هێنـــــد کـــــورد پـــــەروەربێ

دژی ناپـــــاک دەســـــتی دز بـــــڕ بـــــێ

نـــەک لـــە گەنجینـــەی گـــەل دەست بـــڕ بـــێ

قەڵاچـــۆی نـــاکۆک بـــۆ گـــەل یـــەکگربێ

بـــۆ میللـــەت نـــان کـــڕ بـــێ. نـــەوت فـــرۆش

بـــۆ یـــەکرێزی. بـــەهێز بـــێ و بـــە پـــەرۆش

نـــەک سیاســـی بازرگـــانی کـــورد فـــرۆش

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١١/٥

* * *

## [بوهتان]

ئـــەی دڵ تەمەنێكـــە گـــوێ لـــە مـــستی
بـــۆ وشـــەی تەلیـــسماوی بەهەســـتی
بـــەدڵی نەخۆشـــت منـــت گـــەمارۆدا
لەحـــەزو ویـــستی ئـــارەزووی خـــۆت دا
شـــەپۆلێ دەریـــای رەشـــت لـــە بوختـــان
بەناهـــەقی هەســـت و ســـۆزمت خنكانـــد
دڵـــەی گـــوێ لـــە مـــستت تـــەواو تاســـان
ئـاداب و نـەریتت پێـشێل كـرد بـەبێ بـاكی
بـــە درۆ منـــت خـــستە خانـــەی ناپـــاكی
وەك ئـــەتواری هـــەرزەكاری عـــەبووس
بـــۆ یاریـــت كـــرد بـــە ئـــاگری نـــاموس
بۆچـی خـۆت لەسـەر مـن كـردە جاسـوس
هـەڵت بەسـت بـۆ مـن قسەی شـەرمەزاری
دیلـــی هـــەمان دەردی لای خـــزم و كـــەس
نافـامێ ی هەڵبەستەچـی بـۆ گـشت كـەس

درۆت بـــۆ دنیـــای تـــەنیایم هۆنیـــەوە

لیڵــت کــرد بێگــەردیم. لــە خــەڵک زانیــەوە

بۆچـــی؟ وات کردبــوو. بۆچـــی؟ وات کردبــوو

ئـــەری خـــۆ مـــن هیـــچم نـــەکردبوو

تـــەنیا نـــەمهێڵا تـــار بـــێ تابانـــت

بەنـــدت نـــەکا لـــە ماڵـــە باوانـــت

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

١٠/١١/٢٠١٤

*** 

# [ ژیان ]

چ ئامێزێکـــــە ؟! کردوتــــەوە بــــۆ دنیـــــا
چ چــــڕنوکێکە ؟! گیــــرت کــــردووە لـــە بنیـــا
چ چـــــاوێکە؟! زەق و زرت بڕیوتــــە لـــــە دنیـــا
بـــەر دەبــێ چـــڕنوکی گیـــرت لـــەم دنیاکـــە
ســـپێدە هـــات. چـــاوت تیلـــی چـــاوی چـــۆلەکە
لـــــە تاو هـــــە تاوی تابـــــانی زەردەپـــــەڕێ
سـیس بــوون بــە بــالاو بــەژنت دا هەڵدەگــەڕێ
دێتــە رێـت لـە ژیـان سـەدان کۆسـپ و لەمپـەڕێ
هــە تاویش لەوبــەری لەنگــەری نــشتن دەگــرێ
خــۆر هــەڵات لەوبــەری ڕووی ســوور هەڵدەگــەرێ
خۆی خۆی ون کرد هەر وەک منداڵ لەچاوشارکێ
رووی گەشـــە لـــە چـــاوەڕوانی رۆژ کـــە هەڵـــدێ
وەلـــێ هـــەر تـــۆ بـــە چەشـــنی گـــوڵی لاولاوی
بـــە ڕۆژ مـــرچ و مـــۆنی شـــەویش دۆش دامـــاوی

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

۲۰۱٤/۱۱/ ۱۱

* * *

## [ ژیار ]

ئاشق بە ژیانم نەک یار بە تەنیا
هەر مانایەکی لە ژیان بە تەنیا
ئەگەر من ژیانم تەواو خۆش نەوێ
چ بکەم لە جەستەی دڵی مردوێ
ناتوانم ئاوها دڵم بسرەوێ
سەمای ژین بکەم لە سایەی سێبەرێ
ئەگەر دوای مردنیش ئاشقت بم
بەر لە تۆ ئاشق بە مردنم
گەر لە ژیان بە ئازار ئازا نەبم
هەرگیز ئازا مەکە گیان. گەردنم
بۆ بەرجەستەی بەرهەمی رازت
شادبوون بە دیداری خولیاو نیازت
هەر هاوڕێی ڕێی ژینم مەبە تاکڕەو
ئەوینت بکە سەرمەشق و پێشڕەو

بـــە دەوەنـــی بـــە ســـۆز ئـــاو نـــەدرابێ

سۆزت بـێ بەرهـەم. بـوی بـە دار دێمـی دەبـی

ئـەوەی تـەنها هـەت بـێ. تـەنها هەتـە سـێبەر

بـێ بـەش لـە ئاسـودەیی. بـێ خـەرمان و بـەر

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

٢٠١٤/١١/١١

* * *

## [ گوڵە سانا ]

لــەم دنیــا لــە باخــان زۆر گــەڕاوم
هێندەی ئەمجارە
لــە ســەیری گوڵــە ســانا نەتاســاوم
ئەگریجەی تارە
رەش لە چاویدایە زۆر کاڵ بۆتــەوە
چاو ئەستێرە
بــەهار لــە چــاویدا کــاڵ بۆتــەوە
قەد باریک
بە لەنجەو ناسک وەک قــەدی مێــو
دەمی بچیک[1]
دەمــی نەخــشاو بــێ قەڵــەمی لێــو
وەک هەنگوین شیرینە گفت و گــۆ
بۆ دیــدەنیت. دڵــی لــە کوڵــە بــۆ تــۆ
بــاڵا بــەرز. لــەش ســپی وەک پــەمۆ

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٥/١٠/٢٩

---

[1] بچیك: بچوك : گچکە .

# [ خەون ]

خــەون دەبینــی كــە مــن خــەون نــەبینم
كــە مەســتی هەســتەكانم بــووم هــەموو كــات
پــێم دەوتــی : خۆشــم دەوێ ی جــوان خــانم
چــاوەڕێ بــووم بڵــێ ی منــیش كــە نــەت وت
بڵــێ ی چــەندە تــا بڵــێم هێنــدە ئــەو هەســتەم
وا مەســتی تــۆم هــەوری تــۆ هەیــە نــایبینم
هــەموو ڕۆژێ قوربانــت بــم شــەویش جــارێ
نــەك وەك قوربــانی ئــاین هــەر ســاڵی جــارێ
بڵــێ ی چــەندە تــا بڵــێم هێنــدە هێنــدەی
یەكــەم ماچــم لەبــەر جەســتەی كــوڵمی تــۆ
هێنــدەی ناســكی گــەردن و شــان و ملــی تــۆ
بڵــێم چــی كەنــەت وت ئــەی دڵــی بــێ مــروەت
ئــەتۆ ســپێدەی بــێ شــەونمی بــێ هەســت
منــیش درەختــی ئــەوینی تــۆم پــڕ ســروەت
لــە پــاوانی تــۆ گــەورە بــووم بــە خــۆری خــۆت
مەمــسوتێنە . بــا وەرزت وەك هــاوین نــەبێت

ئاكۆ حمد (ئاكۆ شارۆشی)

١/١٢/٢٠١٥

## [ فەرامۆشی ]

تەمەنێ بوو ئەوینی یەک بووین
بە جەستە دووان وەلێ گیانێ بووین
بە ئەوینت من مەست و بێ هۆش
بە سەمای تۆ من بە جۆش و خرۆش
نەمدەزانی دەمکەی فەرامۆش
خۆشەویستر دەبووی سات لە سات
هەناسەیەک بێ تۆ نەدەهات
تا دواجار بینیم رۆژی نەهات
لەپڕ نەما هەست. دەنگ و سەدات
رەشت کرد بەختەکەم هەر نەهات
زاڵم دوا ساتی خۆشەویستی
هەر بە وشەی خوشک و برایەتی
چیرۆکی من لە کۆتایی یەتی

نـــەمزانی هێنـــدە خۆپەرســـتی
جێتهێــشتم بــێ بەهانــە ڕۆشــتی
پێش تۆ ئەم چەشت ناخۆشی دابڕان
بە کۆچت پێت بەخـشیم ئـێش و ژان

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٦/٢/١٩

* * *

## [ پیاوێک لە باران* ]

لە پشدەر بۆ سلێمانی
پریاسکەی ژینم هانی
بووم بە هاوڕێی (پێنجوێنی)
چووە ناو خوێنم خوێنی
کارو نوسینەکانی
فێریان کردم بە جوانی
دەستیان گرتم تا ئێستا
گەورەتر بووم لە هەستا
لە دنیای سینەمادا
(ئازاد پێنجوێنی) منی هاندا
بەرەو هونەری شانۆ
کردمی بە ئەکتەر بۆ تۆ
(پێنجوێنی) ڕێژنەی بارانە

---

* پیاوێك لە باران . . . بۆ هونەرمەند (ئازاد پێنجوێنی) نووسراوە. کە بە عەشقەوە لە زۆربەی کارو نوسینەکانیدا بارانی وەك کارەکتەرێك نمایش کردووە وە هەمیشە هاوکارم بووە لە کارە هونەریەکانمدا، بۆیە ئەم شیعرەم پێشکەش کردووە.

**نێرگـــــزی بەهارانـــــــە**

**ئەســـــتەمە لەســـــەر شـــانی**

**بنووســــێت بـــۆ گیرفـــانی**

**پێنووســـــی دەوڵەمەنـــــدە**

**بۆیـــــە لــــەلام شـــــکۆمەندە**

**پێناســـــەی بارانــــە خـــۆی**

**(شارۆشـــی) خوێنـــدکارە بـــۆی**

**ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)**

٢٠١٧/٢/٣

* * *

# [ دوا هەنگاو ]

لە دەرگای .. دڵی .. بەندە .. تان
داو .. وتم ئێوە کێن
بە منتان وت .. هاتوین .. هاوخەمی
ئازارەکانت بین ..
هەر زوو .. دەرگای دڵم بۆتان
ئاوەڵا کرد ..
کەچی .. پڕتان کردم لە ئازار ...
ڕۆشتن و ... هەر نەهاتنەوە
ئیدی زانیم کە هاوخەمم نین
منیش بوومە فریادڕەسی خۆم
هەنگاوم .. نا .. هەنگاوی سەخت
تا ئەوەی ساڕێژ بوونی ئەو ئازارەم
بسپێرم بە شیعرەکانم
شیعریش .. بیبەخشێت بە وانەی
کە پڕن لە ئازار ..

ئاکۆ حمد (ئاکۆ شارۆشی)

٢٠١٨/٣/١٢

* * *

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە | ٣ |
| ژیاننامەی شاعیر | ٤ |
| پێشەکی / ئاکۆیی . . . جیاواز لە لاوانی سەردەم و خەونی گەورە بۆ مێژوو . ( ئازاد پێنجوێنی ) | ٦ |
| دایك | ١٠ |
| درۆزن و درۆزان | ١٢ |
| نوقڵە گیان | ١٤ |
| تالانچی و نیشتمان پەروەر | ١٦ |
| شیوەنێك بۆ مام | ١٨ |
| ئاوابوونی خۆری من لە خۆرهەڵاتەوە | ٢٠ |
| باوك | ٢٢ |
| عیشقی هەمیشەیی | ٢٤ |
| سکاڵا | ٢٦ |
| ئارژینەکەم | ٢٧ |
| مەنعی کلام | ٢٩ |
| ڤالانتاین ٢/١٤ | ٣٠ |
| ترۆپکی زیزبوون | ٣٢ |
| گوڵە سۆنیا | ٣٤ |
| ناوت بنێم چی ؟! | ٣٦ |
| نەمامی موتوربەی ئەشقی سەهەند | ٣٨ |
| مەیلی بە کەیل | ٤٠ |
| خانم و وەرزی ساڵ | ٤٢ |
| ژیان بۆ کوێ دەمبەی ؟ | ٤٦ |
| گوڵزارێك لە لادێ | ٤٨ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لانە و هانا | ٥٢ |
| جیژوان | ٥٤ |
| هانی هانی | ٥٥ |
| تارای بووك | ٥٧ |
| گریانی قووڵ | ٥٩ |
| فیغانی غەریبی | ٦٠ |
| فیغانی سەلمای غەریب | ٦١ |
| سەلما | ٦٣ |
| دابڕان | ٦٦ |
| دارچنار | ٦٨ |
| شادی شادان | ٧٠ |
| خانمەکەی کۆیە – بەشی یەکەم - | ٧٢ |
| خانمەکەی کۆیە – بەشی دووەم- | ٧٣ |
| فریشتەی تابان | ٧٥ |
| جوانی تۆ | ٧٧ |
| ڕەنگ و ڕووی یار | ٧٩ |
| هاوبەشی ژین بە ڕێکەوت | ٨١ |
| ئاشقە خاتوون | ٨٣ |
| باخی خەیاڵ و باخی ژوان | ٨٥ |
| ئەشقی بێ ئەشك | ٨٦ |
| پەروەرێنی من | ٨٨ |
| هەنگاوە سەختەکان | ٩٠ |
| گرانی و هەرزانی | ١٠٢ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| نسیب و یانسیب | ١٠٤ |
| گوفتار و كردار | ١٠٦ |
| مانگی خاك | ١٠٧ |
| هەشتی مارس ٨/ ٣ | ١٠٩ |
| سیلەی رەحم | ١١١ |
| شەڕ و ئاشتی | ١١٣ |
| جگەر گۆشە | ١١٥ |
| خۆویستی و خۆپەرستی | ١١٧ |
| ماسی یە بچكۆلە | ١٢٠ |
| تابلۆی جوانی ، جوانی تابلۆ | ١٢٢ |
| گوڵە سۆنیا ٢ | ١٢٤ |
| دڵی ڕۆژهەڵات | ١٢٦ |
| گوڵە شنۆ | ١٢٨ |
| گوڵە گەشاو | ١٣٠ |
| خوشك و برا | ١٣٢ |
| هەڵە بجە | ١٣٣ |
| یاسا بە بەرپرس، بەرپرس بە یاسا | ١٣٤ |
| ئاڵای كوردستان | ١٣٦ |
| شەهید | ١٣٧ |
| جەژنی نەورۆز | ١٣٩ |
| كیمیایی و ئەنفال ٣/١٦ | ١٤١ |
| ڕاپەڕین ١٩٩١/٣/٥ | ١٤٣ |
| ئەی پێشمەرگە ١ | ١٤٥ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ئەی پێشمەرگە ٢ | ١٤٧ |
| گەریلا | ١٤٩ |
| رێبەر ئاپۆ | ١٥١ |
| گوڵ و پەپوولە | ١٥٣ |
| دڵ و دەروون | ١٥٤ |
| نێوان هزرو ئەندێشە | ١٥٦ |
| شای ئاشق | ١٥٨ |
| ئێرەیی بە گوڵ مەبە | ١٦٠ |
| کوردستان و پێشمەرگە | ١٦١ |
| بە یادەوەریم بوومە پێشمەرگە | ١٦٣ |
| مانگ ئاشق و خۆر مەعشوقە | ١٦٥ |
| کوڕی دڵ زیز ، خانمی دەروون زیز | ١٦٦ |
| هاوڕێ ی ئێستا و جاران | ١٦٧ |
| سادەیی هاوڕێمە | ١٦٨ |
| بەسەرهاتی میللەت | ١٦٩ |
| مندالی جارانم ، گەورەیی ئێستام | ١٧١ |
| بەبێ ئاوێزانی یاران شەڕی یارانە | ١٧٣ |
| ئێرەیی کار | ١٧٥ |
| شارە حەیاتەکە | ١٧٧ |
| شاری قەلاو منارە | ١٧٩ |
| قادراوا | ١٨٠ |
| شەنگال و شەنگالی | ١٨٢ |
| ئاونگی سۆزی تۆ دلی نەمامی من | ١٨٤ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| سڵاو لە جەژن ، ماڵئاوا لە خەم | ١٨٦ |
| تەمەنی منداڵی | ١٨٧ |
| چەند پەڵپێ بۆ داگیركار | ١٨٩ |
| خۆشەویستی وەك یاسای گێتی یە | ١٩١ |
| جوانی ئافرەت لە شایی دا | ١٩٣ |
| كۆبانێ | ١٩٤ |
| خۆم و خۆر | ١٩٦ |
| نەمزانی بمبورە | ١٩٨ |
| بـــاران | ٢٠٠ |
| بە نەریت بە سیاسەت مەمدوێنە | ٢٠٢ |
| مرووەدت بووم | ٢٠٤ |
| نــامـە | ٢٠٦ |
| خواو گەردوون | ٢٠٩ |
| نەوت و زەوت | ٢١١ |
| بوهتان | ٢١٣ |
| ژیان | ٢١٥ |
| ژیار | ٢١٦ |
| گوڵە سانا | ٢١٨ |
| خەون | ٢١٩ |
| فەرامۆشی | ٢٢٠ |
| پیاوێك لە باران | ٢٢٢ |
| دواهەنگاو | ٢٢٤ |
| پێرست | ٢٢٥ |